ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان
# کوردستان
دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا
شەممە ١٦ی خەزەڵوەری ١٣٩٤ ـ ٧ی نۆڤامبری ٢٠١٥ | ژمارە: ٦٦٧ | www.kurdistanukurd.com

## بان کی مون: ئێعدامەکان لە ئێران بوەستێنن

سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی سزای ئێعدام لە ئێران بە توندی نیگەرانە.
بان کی مون سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەیاننامەیەکدا ڕێژیمی ئێرانی لە هەمبەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ تاوانبار کردو داوای کرد کە بە خێرایی سزای ئێعدام لە وڵاتەکەی بوەستێنێ.
سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان وێڕای ئاماژە بە ئێعدامکرانی دوو مێرمنداڵ لە حەوتووی ڕابردوودا لە ئێران گوتی، قانوونی نێودەوڵەتی جێبەجێکردنی حوکمی ئێعدام بۆ تاوانبارانی ژێر ١٨ ساڵ قەدەغە دەکا.
بان کی مون هەروەها ڕایگەیاند کە جێبەجێکردنی حوکمی ئێعدام لە ئێران لە ماوەی ١٢ ساڵی ڕابردوودا بە بێ وێنە زانی یەکیەتیی ئورووپاش ئێعدام کرانی ئەم دواییانەی دوو مێرمنداڵ لە ئێران بە پێشێلکردنی مافی مەدەنی و سیاسی و هەروەها کۆنوانسیۆنی مافی منداڵان زانی.

# توندڕەوی، پرسی چارەسەری بە ئاشتیی کورد لە تورکیە بۆ دواوە دەگێڕێتەوە



بۆردوومانی بنکە و بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە باشووری کوردستان و هێندێک لێدوانی بەرزترین کاربەدەستانی تورکیە لە بارەی پرسی کورد بە دوای ڕاگەیەندرانی ئاکامەکانی هەڵبژاردنی پارلمانیی ١ی نوڤەمبەر و کۆتایی هێنانی پێ کاکا بە ئاگربەسەکەی، نیگەرانی لە دەستپێکردنەوەی قۆناغێکی نوێ لە شەڕ لە نێوان سوپای تورکیە و پارتی کرێکارانی کوردستانی زیاد کردوە. پەنابردنی هەر یەک لە دوو لایەنی کێشەکە بۆ شەڕ و توند و تیژی، گەڕانەوەیە بۆ دواوە لە پێوەندی لە گەڵ پرسی ڕەوای نەتەوەی کورد لەو وڵاتە. سەرەڕای هەموو گرفت و ئاستەنگەکان، هەم لە نێو خەڵکی باکووری کوردستان و پارتە قانوونیەکانی ئەوان،وزە و پوتانسیەل و ئیستیعدادێکی بە هیز بۆ بەرەوپێشبردنی پرسەکە لە ڕێگای تێکۆشانی مەدەنی و خەباتی پارلمانی هەیە، هەم کۆمەڵگەی تورکیە، لەم چەند ساڵەی دوایی دا گۆڕان بە سەر ڕوانین و بیرکردنەوەی لە بارەی پرسی کوردوە هاتوە و تا هاتوە زیاتر لە پێشوو، پێشوازیی لە چارەسەری ئەو پرسە بە ڕێگای دیالۆگ و ئاشتیانە کردوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە بەیاننامەیەک دا هەلسەنگاندن و خوێندنەوەی خۆی بۆ ئاکامەکانی هەڵبژاردنی پارلمانیی توکیە خستووەتە ڕوو. لەم بەیاننامەیە دا، ئەم حیزبە وێڕای قامک دانان لە سەر نیشانەکان و پەیامەکانی ئاشتیخوازی ولایەنگریی دەنگدەران لە چارەسەری بە ئاشتیی پرسی کورد، هەموو لایەنەکانی بۆ گەڕانەوە سەر ڕەوتی دیالۆگ و چارەسەری ئاشتیانە بانگهێشت کردوە و پەنابردن بۆ توند وتیژیی ، بە گەڕانەوە بۆ دواوە و بە فیرۆدانی دەسکەوتەکانی چەند ساڵی ڕابردووی ئەم پرۆسەیە ناو بردوە.

**بەیاننامە:**

## هەڵسەنگاندن‌وخوێندنەوەمان بۆ ئاکامەکانی هەڵبژاردنی پارڵمانیی تورکیە

ڕۆژی ١ی نۆڤەمبری ئەمساڵ هەڵبژاردنی پێشوەختی پارلمانیی تورکیە بەڕێوە چوو. ئەم هەڵبژاردنە پێشوەختە، دوای ئەوە بڕیار لە سەر بەڕێوەچوونی درا کە براوەکانی هەڵبژاردنی١٧ی ژوئەن کە هیچکامیان نەیاندەتوانی بە تەنیایی دەوڵەت پێک بێنن، لە پێکهێنانی دەولەتێکی ئیئتلافیی‌شدا سەرکەوتوو نەبوون.

بە پێی ئاکامەکانی هەڵبژاردنی ئەمجارە حیزبی دادو گەشە پێدان AKP کە لە هەڵبژاردنی پێشوودا نزیکەی سەدی ٤٠ دەنگەکانی هێنابۆوە، زیاتر لە سەدی پەنجای دەنگی دەنگدەرانی بە دەست هێناو ڕادەی کورسییەکانی خۆی لە پارڵمانی ئەو وڵاتە، لە ٢٥٨ کورسی گەیاندە ٣١٧ کورسی؛ ئەمەش بۆ پارتی ناوبراو سەرکەوتنێکی گەورەو تا ڕادەیەکی زۆریش چاوەڕواننەکراو بوو. AKP بەم جۆرە توانی بگاتە ئەو ئاستە کە بە تەنیا دەوڵەت پێک بێنێ. پارتی دیموکراتیکی گەلانیش(HDP) کە لە هەڵبژاردنی پێشوودا زیاتر لە سەدی ١٣ی دەنگەکانی کردبوون بە هی خۆی‌و نزیکەی ٨٠ کورسیی لە پارڵمانی ئەو وڵاتە بە دەست هێنابوو، ئەگەر چی ئەمجاریش توانی بەربەستی سەدی ١٠ی دەنگەکان تێپەڕ بکا، بەلام ژمارەی کورسییەکانی لە پارڵمان، کەم بۆوەو هاتە سەر ٥٩ کورسی. بەو حالەش(HDP) لە حیزبی چوارەمەوە بوو بە حیزبی سێهەم .

هەڵبژاردن لە تورکیەو ئاکامەکانی بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە چەند بارەوە گرنگ‌و شایانی هەڵوێستە لە سەر کردنن. لە پێشدا لەم بارەیەوە تورکیە وەک وڵاتێکی دراوسێی ئێران، ئەزموونێکی جیاواز لە وڵاتی ئێمەی لە هەڵبژاردنی ئازادو چەند حیزبی‌دا هەیەو خاڵە بەهێزو لاوازەکانی دیموکراسیی ئەو وڵاتە بۆ وڵاتان‌و گەلانی بێبەش لە دیموکراسی‌و هەڵبژاردنی ئازاد لەم ناوچەیە، شیاوی لێ فێربوون‌و دەرس لێ‌وەرگرتنن. دووهەم بەو هۆیەوە کە نەتەوەی کورد لە باکووری کوردستان یەکێکە لە دوو پێکهاتەی سەرەکیی وڵاتی تورکیەو ئەم پێکهاتەیە، پاش ساڵانێکی زۆر سەرکوتکران‌و دوورخرانەوە لە پرۆسەی سیاسی، لەم ساڵانەی دوایی‌دا لە ڕێگای حیزبی سیاسیی خۆی‌و بەشداری لە هەڵبژاردنەکان‌دا، دەیەوێ بە مافەکانی بگا..

ل ٢



پێکەوە ژیانی جۆراوجۆرییەکان بە ڕێزگرتن لە شوناسی یەکتر...

٤



بە پێکهاتەیی کردنی بەشداریی سیاسی

٦



جیهان لە بەرەبەری شەڕێکی ساردی نوێ و مەترسیدارتردا!

٧




لە نێوان کوردبوون و تورک بووندا

٨



سی و شەش ساڵ پاش سێزدەی خەزەڵوەر

٩

## بێکاری‌و کارنەکردنی ٤٠ میلیۆن کەس لە ئێران

لەنێو سەرجەم ٦٣ میلیۆن کەس لە حەشیمەتی ئێران کە لە تەمەنی کار کردن‌دان، نزیکەی ٤٠ میلیۆن‌و ٢٠٠ هەزار کەسیان هیچ نەخشێکیان لە ئابووریی ئەم وڵاتەدا نییەو بێکارو بێ داهاتن.

کارناسانی ئابووری‌و کاربەدەستانی دەوڵەتی لەسەر ئەم بڕوایەن کە ڕێژەی بەشداریی ئابووری لە ئێران زۆر کەمەو بە چەندین میلیۆن کەس لە خەڵکی ئەم وڵاتە سەرەڕای ئەوەی کە لە تەمەنی کار کردن‌دان‌و؛ توانای کارو چالاکیی ئابوورییان هەیە، بەڵام بێکارن‌و ڕوون نییە کە داهاتییان لە چ ڕێگەیەک‌و بە چ شێوەیەک دابین دەکرێ.

بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی ئاماری ئێران، ئاستی بەشداریی ئابووری لە بەهاری ساڵی ١٣٩٤ نزیکەی سەدی ٣٨ بووەو، هەر بە پێی ئەم ئامارە ئاستی بەشداری‌کردنی ژنان لە ئابووریی وڵاتدا زۆر نزم بووە.

هەر لەم بارەوە، شەهیندۆخت مەولاوێردی جێگری سەرکۆماری ئێران بۆ کاروباری ژنان، ماوەیەک لەمەوبەر گوتی کە ئاماری بێکاریی ژنانی دەرچووی زانکۆ لە سەدی ٤٠ زیاترەو لە بابەت ڕەوتی ڕوو لە گەشەی هەژاری‌و دەسکورتی ژنان لایەنە پێوەندیدارەکانی وریا کردبۆوە.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە چەندین میلیۆن پیاوی ئێرانیش لە ڕیزی بێکارانی ئەم وڵاتە دان، بەڵام تەنیا ٢ میلیۆن کەس لەوان لە ئیدارەکانی کاردا داوای پێدانی کاریان کردوەو ئەوانی دیکە تەنانەت داوای کاریشیان نەکردوە.

لە لایەکی دیکەوە کارناسانی ئابووری پێشبینیان کردووە تەنانەت ئەگەر ئابووریی ئێران لە دوای نەمانی گەمارۆکانیش‌و لە ساڵدا تا ئاستی سەدی ٥ یش گەشە بکا، دیسانیش ڕێژەی بێکارانی ئەم وڵاتە هیچ ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی بەسەردا نایەو لەم بارودۆخەش‌دا ڕێژەی بێکاران لە ٤ میلیۆن کەس کەمتر نابێ.

پێشبینیی کارناسانی ئابووری ئەوەیە کە ئەگەر تا ساڵی ١٤٠٠، ئابووریی ئێران هەر ساڵەو تا ئاستی سەدی ١ گەشە بەخۆیەوە ببینێ، نەتەنیا ڕێژەی بێکاران لە چاو ئەم حەشیمەتەی ئێستا دانابەزێ، بەڵکوو تا ئەو ساڵە حەشیمەتی بێکاری ئێران لە ٥ میلیۆن و ٧٧٠ هەزار کەس زیاتر دەبێ.

## خاوەنداره‌تیی ئێران لە پلەی سێهەمی سانسۆری ئینتێرنێت لە جیهاندا

ئێران لە بواری سانسۆری ئینتێرنێت لە ئاستی جیهاندا لە پلەی سێهەم‌دا جێی گرتووە.

فریدم هاوس (ماڵی ئازادی)، ڕێکخراوێک کە لە ئاستی جیهاندا چاوەدێری بەسەر ئازادییە مەدەنییەکاندا دەکا، لە نوێترین ڕاپۆرتی خۆیدا باسی لەوە کردووە کە لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا وڵاتی چین زۆرترین سانسۆڕی خستۆتە سەر ئینتێرنێت، پاش چین سووریەو پاش ئەوانیش ئێران لە پلەکانی سەرووی ئەم ڕیزبەندییەدا جێیان گرتوە.

بەم جۆرە کە لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە، باشترین بارودۆخی ئازادیی ئینتێرنێتی جیهان لە ساڵی ٢٠١٤ لە وڵاتی ئیسلەند بووە، ئێستۆنی، کانادا، ئاڵمان، ئۆستراڵیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم وڵاتانەن کە ئازادیی ڕاگەیاندن لەواندا زۆرو ڕەهایە.

لەم ڕاپۆرتەدا لە بابەت بارودۆخی ئێران ئاماژە بەوە کراوە کە سەرەڕای ئیدیعاکانی سەرکۆماری ئەم وڵاتە کە باس لە ڕیفۆرم‌و چاکسازی دەکا، بەڵام ڕێگەی باشتر بوونی بەستێنی ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامی‌و هەیئەتی دەسەڵاتدارو پاوانخواز هەر بە شێوەی پێشوو داخراوەو هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا نەهاتووە.

ئەم ڕاپۆرتە هەروەها باسی لەوە کردوە کە لە مانگی ژوئیەی ٢٠١٤ لە ئێران ٨ کەس بەهۆی بڵاوکردنەوەی پەیامە دژە حکوومییەکان لە سەر فەیس بووک، سەرجەم حوکمی ١٢٧ ساڵیان بەسەردا سەپاوە.

لە ڕاپۆرتی ساڵی ڕابردووی ماڵی ئازادیدا لە بواری ئازادیی ئینتێرنێتییەوە، ئێران خراپترین پلەی بۆ خۆی تەرخان کردبوو.

## هەڵوێستمان سەبارەت بە مووشەکبارانی کەمپی لیبرتی

ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممە ٨ ی خەزەڵوەری ١٣٩٤ بەرامبەر بە ٢٩ ی ئۆکتۆبری ٢٠١٥، کەمپی لیبرتی هەڵکەوتوو لە نزیک فڕۆکەخانەی بەغدا کە ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی تێدا جێگیرن، لەلایەن گرووپی جەیشی موختارەوە کە میلیشیایەکی شیعەی عیراقیی نزیک لە کۆماری ئیسلامییە درایە بەر هێرشی مووشەک و لە ئاکامدا زیاتر لە ٢٠ کەس لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە گیانیان لە دەست دا و نزیک بە دوو سەت کەسیش بریندار بوون.

ئەوە یەکەم جار نیە کە بنکە و بارەگاکانی ڕێکخراوی موجاهیدین لە عیراق بەم شێوە دڕندانەیە دەکەونە بەر هێرش و ئەم جینایەتە شتێک نیە جگە لە تازەترین ئەڵقەی زنجیرەیەک کردەوەی هاوشێوە کە لە ساڵانی ڕابردوودا بە پیلانی کۆماری ئیسلامی و لەژێر سایەی حکومەتی عیراقی بەدژی ڕێکخراوی موجاهیدین بەڕێوە چووە. لەو کاتەدا کەکۆماری ئیسلامی بەڕواڵەت فەسلێکی نوێ بۆ چارەسەرکردنی بەشێک لە کێشەکانی لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەڵداتەوە کەچی گرووپە لایەنگرەکانی لە وڵاتانی دراوسێدا جینایەتی لەم چەشنە بەدژی دژبەرانی ئەم ڕێژیمە ئەنجام دەدەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەم جینایەتە نوێیە بەدژی ئەندامانی موجاهیدین لە عیراق بە پێشێلکردنی ئاشکرای هەموو پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی پێوەندیدار بە قانوونی شەڕ و یاسای مرۆڤدۆستی دەزانێ و بە زەنگێکی مەترسی لە قەڵەم دەدا بۆدەست ئاوەڵە کردنی کردەوە تیرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامی لەدەرەوە سنوورەکانی ئێران .

ئێمە وێڕای مەحکووم کردنی ئەم هێرشی نوێیە بۆ سەر کەمپی لیبرتی، داوا لە کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان دەکەین کە بە بەدواداچوون و فشارهێنانی خۆیان، حکومەتی عیراقی لە بەرامبەر بەرپرسایەتییە ئەخلاقی و سیاسی و قانوونییەکانی خۆی لەپێوەندی لەگەڵ پاراستنی گیانی ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهیدین دابنێن و ڕێگە نەدرێ جینایەتی لەم چەشنە جارێکی دیکە دووپات بێتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان
دەفتەری سیاسی
٩ ی خەزەڵوەری ١٣٩٤ (٣٠ ی ئۆکتۆبری ٢٠١٥)

## سەردانی هەیئەتێکی ژنێڤاکاڵ لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک

هەیئەتێکی ژنێڤاکاڵ سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی کردو لە گەڵ شاندی حیزب بۆ باس لە سەر هەندێ بابەتی پێوەندیداری دوولایەن کۆبووە.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە، ١٠ی خەزەڵوەر هەیئەتێکی ژنێڤاکاڵ سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کردو لەلایەن هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە کەماڵ کەریمیو حەسەن قادرزادە، ئەندامی دەفتەری سیاسیو برایم چووکەڵی ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندییەوە پێشوازی لێکرا.

لەو دانیشتنە باسی بارودۆخی کوردستان، شەڕ لەکوردستانو بەربەرکانی لەگەڵ داعشو هەروەها بوونی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات لە چیاکانی هەڵگورد، سەردانی هێزەکانی حیزب بۆ نێوخۆی کوردستان کراو لەسەر پێویستیی پاراستنی مافی مرۆڤ، منداڵان، ژنانو ڕەچاوکردنی قانوونەکانی شەر بۆ هەموو هێزێکی چەکدار پێداگری کرا.



## سەردانی یەکیەتیی ژنان لە سکرتارییەتی یەکیەتیی ژنانی کوردستان لە سلێمانی

هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان سەردانی سکرتاریەتی یەکیەتیی ژنانی کوردستانی لە سلێمانی کرد.

ڕۆژی دووشەممە، ٤ ی خەزەڵوەر هەیئەتێکی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی سۆیلا قادری، سکرتێری ئەو ڕیکخراوەیە سەردانی سکرتاریەتی یەکیەتیی ژنانی کوردستانی لە سلێمانی کردو، لەلایەن شاندی خانەخوێ بە سەرپەرستیی کافیە سلێمان، سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە پێشوازی لێکرا.

لەو دیدارەدا پرسی ژنان، بەتایبەت پرسی ژنی کورد لە نێو هەناوی ئاڵوگۆڕەکان لە کوردستانو ناوچەو هاوکێشە سیاسییەکانی ئێستا هاتە بەرباسو دوولایەن لە سەر ئاستەنگەکانی بەردەم چالاکیو بزووتنەوەی ژنان لە قۆناغی ئێستای کوردستاندا ئاڵوگۆری بیروڕایان کرد؛ بۆ بەرچاوڕوونی دۆزی ژنان لە داهاتوودا باسیان لە بەرچاوڕوونییەکانی خۆیانو ڕێکخراوەکەیان کرد.

لەو دیدارەدا دوولایەن کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە هاودەنگیو هاوپێوەندیی زیاتری ڕێکخراوەکانی ژنان لە دۆخی ئێستادا مەرجی سەرەکیی بۆ بەرەوپێشچوونی کاری ڕێکخراوەییو کاریگەریی لەسەر دۆزی ژنانەو؛ یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانو یەکیەتیی ژنانی کوردستان لەو پێوەندییەدا پێیان لەسەر بەردەوامیی پێوەندیی خۆیان داگرتەوە.



## بەڕێوەچوونی کۆنفڕانسی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تۆرکۆی فینلاند

کۆنفرانسی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری تورکوی وڵاتی فینلاند بە بەشداری ئەندامانی یەکیەتی لاوان لەو وڵاتە بەڕێوە چوو.

کۆنفڕانسەکە سەرەتا بە ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد و پاشان پەیامی کرانەوەی کۆنفڕانس لەلایەن خاتوو سرووشت ڕەسوولییەوە خوێندرایەوە.

لە بەشێک پەیامی کرانەوەی کۆنفڕانسدا بە ئاماژە بە ڕەوتی کۆچی لاوان بەرەو هەندەران هاتبوو کە ماوەیەکە لاوانی کورد وێڕای لاوانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کۆچ بەرەو هەندەرهانیان دەست پێ کردووە، کۆچی بە لێشاوی گەنجان بەرەو هەندەران لەو قۆناغەدا ئێمە ئەرکدار دەکات کە پلان و بەرنامەی گونجاومان بۆ ئەو لاوانە هەبێ کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەجێ دەهێڵن و لەدەست سیاسەتی زەبر و زەنگ و ئەشکەنجەی کۆماری ئیسلامی پەڕیوەی وڵاتانی دەرەوە دەبن.

پاشان فەرهاد ساڵحی بەنوێنەرایەتیی پەیامی سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی خوێندەوە.

لەپەیامی سکرتێری گشتیدا هاتبوو: نەفسی کۆنفڕانس و کاری لەم چەشنە بۆ لاوان و باس لە کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا، ڕوحیەی کاری گرووهی و کاری هاوبەش لەناو لاواندا زیاد دەکات و بێگومان کاری لەم چەشنە سەرەتایەکە بۆ دەسپێکی چالاکی گەورە لەداهاتوودا بۆ بەشداری لاوان لەئاستی کەلانی سیاسیدا.

دامەزراندنی یەکیەتیی لاوان لەسەردەمی کۆمەڵەی ژێ کافدا و ڕێکخستنەوە و نوێکردنەوەی ئەم ڕێکخراوە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا واتای بەردەوام لە جووڵەدابوونی کۆمەڵگا و پەروەردەی نەوەی نوێ بۆ داهاتووی گەل و نیشتمان و ئامادەکاری کادری لاوە بۆ ئەوەی لەداهاتوودا خاوەنداریەتیی کرداری لە کۆمار و دەسکەوتە میللی دێموکراتیکەکانی بکەن .

لەبڕگەیەکی دیکەی کرانەوەی کۆنفڕانسدا پەیامی کۆمیتەی فینلاندنی حیزبی دێموکرات لەلایەن کەریم ڕەسووڵی خوێندرایەوە.

دواتر ئەندامانی کۆنفرانس زۆر چالاکانە بە هەڵسەنگاندنی کار و چالاکیەکانی ڕابردووی یەکیەتی لاوان لە وڵاتی فینلاندو پەسەندی بڕیار و پێشنیاری نوێ بۆ قۆناغیی نوێی کار و تیکۆشانی کۆمیتەی لاوان لە وڵاتی فینلاند، بەشدارییان لە باسەکانی کۆنفڕانسدا کرد.

دوایین برگەی کۆنفرانس بریتی بوو لە هەڵبژاردنی ئەندامانی بەڕێوەبەری و جێگر لە ڕێگای هەڵبژارنەوە کە ٧ ئەندامی ئەسلی و ٣ ئەندامی جێگر وەک کۆمیتەی بەڕێوە بەری هەڵبژێردران.



## پەیامی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی جێژنی خاوەنکار



ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی جێژنی خاوەنکارەوە پەیامێکی بڵاو کردەوە.

لەو پەیامەدا هاتووە کە جێژنی خاوەنکار، جێژنی ئایینیی یارسانەکان لە کوردستان بۆنەیەکی مێژوویيو پیرۆزی بەشێک لە نەتەوەی کورد لە نیشتمانی کوردستانە.

یارسانەکان لە ئێرانو کوردستان بە درێژایی مێژوو و بە تایبەت دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی تووشی ستەمو هەڵاواردنی چەند قات بوونەتەوە، ئەویش تەنیا لە سۆنگەی کوردبوونو جیاوازیی ئایینەکەیان کە لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە دژایەتیی دەکرێ؛ بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە شوێنکەوتووانی ئایینی یاری وێڕای پاراستنی شوناسی ئایینیی خۆیان، وەک بەشێک لە خەڵکی کوردستان پشتو یاوەری بزووتنەوەی نەتەوەی خۆیان (کورد) بوونو سەریان بۆ دەسەڵاتی سەرکوتگەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەوی نەکردوە.

لە درێژەی ئەو پەیامەدا هاتووە کە جێژنی خاوەنکاریش وەک بۆنەیەکی پیرۆزی یارسانەکان بەستێنێک بۆ داکۆکی لە نەتەوەو نیشتمانی کوردو هەموو بایەخە نەتەوەیی، نیشتمانی، ئایینی و کولتورییەکانی کورد بووە.

وێڕای پیرۆزبایی ئەو جێژنە لە هەموو یارسانەکان لە کوردستانو دەرەوەی وڵات، هیواداریـن لە سایەی سەرکەوتنی خەباتی نەتەوەییو میللی دێموکراتیکی کورد، هەموو پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە ئازادیو سەربەستی بۆنەکانی خۆیان بەڕێوە ببەن.

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەڵێ بەچاوی ڕێزەوە لە خەباتو تێکۆشانی نەتەوەییو نیشتمانیی یارسانەکانو نەسرەوتنیان لە پێناو پاراستنی شوناسی خۆیان دەڕوانێ.

درێژەی بەیاننامە

## هەڵسەنگاندنو خوێندنەوەمان بۆ ئاکامەکانی هەڵبژاردنی پارلمانیی تورکیە

بەڵام خاڵێک کە لە ڕوانگەی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانەوە، گرنگیەکی زیاتری بە هەڵبژاردنی ئەمجارە دابوو، بەسترانەوەی چارەنووسی پرۆسەی چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد لەو وڵاتە بە ئاکامەکانی ئەم هەڵبژاردنە پێشوەختەو هەروەها کاریگەریی ئاکامەکانی ئەم هەڵبژاردنە لە سەر داهاتووی دەسکەوتەکانی نەتەوەی کورد لە خۆراوای کوردستان بوو. ئەوەش کە لەم مانگانەی دواییدا، شەڕ لە نیوان پارتی کرێکارانی کوردستانو ئەرتەشی تورکیە دەستی پێ کردەوەو جارێکی دیکە ئەم شەڕە سێبەری خستە سەر سیاسەتو ڕەفتاری دەوڵەتی تورکیە بەرامبەر شار و ناوچەکانی کوردستان و تێکۆشانی پارتی دیموکراتیکی گەلان وەک پارتی سەرەکی و قانوونیی نەتەوەی کورد لەو وڵاتە، هەستیاریی هەڵبژاردنەکەی ئەوەندەی دیکە، بەرەوژوور بردبوو.

پارتی دیموکراتی گەلان لە هەڵبژاردنی پێشوودا، توانیبووی بۆ یەکەم جار بەربەستی پێویستیی بەدەستهێنانی سەدی ١٠ی دەنگەکان بۆ چوونە نیو پارلمان ببڕێو بە ٨٠ کورسیەوە بچێتە پارلمان، ئەمەش نەک هەر بە پشتیوانیی گەلی کورد، بەڵکوو بە پشتیوانیی بەشێک لە هێزە چەپو دیموکراتەکانی ئەو وڵاتە وەدیهاتبوو و بەم جۆرە HDP دەرفەتێکی زێڕینی بۆ ململانێی سیاسی لە نیو پارلمانو لە ئاستی تورکیە دا وەدەست کەوتبوو. پاراستنی ئەم دۆخەو تەنانەت قوولکردنەوەو بە هیز کردنی، دەیتوانی سەرکەوتنو بەرەوپێشچوونی پرسی کورد لەم وڵاتە لە ئەگەری بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی پێشوەختی پارلمانی یا هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسیی دیکەدا دەستەبەر بکا. هەوڵەکانی کاربەدەستانی دەوڵەتیو حیزبی دەسەڵاتدار بۆ لەباربردنی ئەم دۆخەو تەنگ هەڵچنین بە پێشڕەویو هەڵکشانی HDP و بزووتنەوەی ئاشتیانەی کوردو، تێکەوتنی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)لە داوی توندو تیژخوازانو نەیارانی سەرکەوتنەکانی HDP، هەڵگیرسانەوەی شەڕو زاڵبوونەوەی بارودۆخی نائاسایی و تێکەڵ بە سەرکوتو زەبرو زەنگ لە شارو ناوچەکانی باکووری کوردستانی لێ کەوتەوە. سەدان چالاکی HDP کەوتنە زیندان، متینگو بارەگاکانی ئەو پارتە بوون بە ئامانجی تەقینەو هێرش بۆ کران و، ڕێبەران و نوێنەران و بەربژێرەکانی HDP ململانێی هەڵبژاردنیان لە بارودۆخێکدا بەڕێوە برد کە بە ئاشکرا لە دژی ئەو پارتە بوو و چاوەدێرانی نیودەوڵەتییش شایەدیان بۆ ناعادلانەو تێکەڵبوونی بە توندو تیژی و زەبرو زەنگو بەربەستو بە زیانی حیزبەکانی دیکە بە تایبەتی HDP دا.

بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەو ڕاستیانە، ئاکامەکانی هەڵبژاردنی پارلمانیی ئەمجاری تورکیە، هێندێک ڕاستی دەسەلمێنن کە پێویستە هەم هێزە سیاسییەکانی کورد لە باکوور، هەم حیزبی دادو گەشەپیدانو دەوڵەتی تورکیەو هەروەها سەرجەم پێکهاتەکانی ئەو وڵاتەش، بەو جۆرەی هەن بیانبینن و بوێرانە لە گەڵیان بەرەوڕوو ببنەوەو لە سیاسەتو تێکۆشانی داهاتووی خۆیاندا لە بەر چاویان بگرن. بۆ وێنە ئەوە کە خەڵکی باکووری کوردستان سەرەڕای هەموو ئەو هەڕەشە و بەربەستانەی لەم هەڵبژاردنەدا لە بەر دەمیان بوو، پشتیان لە سندووقەکانی دەنگ نەکردو دیسان بە شێوەیەکی شارستانیو ئاشتیخوازانە هاتنەوە مەیدان، وکۆسپی هێنانەوەی سەدی ١٠ی دەنگەکانیان شکاندو نوێنەرانی خۆیان بۆ پارلمان هەڵبژارد، دەری دەخا کە ئەوان لە گەڵ چارەسەری ئاشتیانەی پرسی ڕەوای خۆیان دان نەک پەنابردن بۆ چەکو شەڕو شێوازی توند و تیژ. کەمبوونەوەی دەنگەکانی HDPیش و چوونی ئەو دەنگانە بۆ پارتی دادو گەشە پیدان، ئەگەر لە لایەکەوە بە مانای نارەزایەتی دەربڕینە لە بەکارهاتنی توندو تیژی لە لایەن پارتی کرێکارانو کاریگەرییەکانی ئەو هیزە لە سەر HDP، جۆرێکیشە لە ئەرکدارکردنی پارتی دادو گەشەپێدان بۆ ئاوڕدانەوەی جیددیتر لە پرسی کورد. بە دەربڕینێکی ڕوونتر ئەوان بۆیە دەنگیان نەداوە بە پارتی دادو گەشەپێدانو دەوڵەتەکەی کە قۆناغێکی نوێ لە شەڕو سەرکوت لە دژی PKK و HDPدەست پێ بکەنەوە. ئەم قسەیە لە بارەی پەیامی ئەو دەنگدەرانەش کە دەنگەکانی خۆیان لە پارتی بزووتنەوەی میللیMHP) ) وەرگرتەوە و ئەمجار دەنگیان بە AKPدا، هەر ڕاستە. چونکە ئەو پارتەش، سەرسەختانە دژی چارەسەربوونی پرسی کوردو دابینبوونی مافەکانیەتیو دەنگ ستاندنەوە لەو پارتە و چوون بەرەو AKP، یەکێک لە واتا و دەرکەوتەکانی، ڕەدکردنەوەی سیاسەتی توندڕەوانەو تەئییدی سیاسەتێکی میانەڕەوانە لە ئاست پرسی کوردە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان هیواداره ئاکامەکانی ئەم هەڵبژاردنە بەر لە هەموان هاندەری حیزبی دادو گەشە پێدانو بە تایبەتی سەرکۆماری تورکیەو سەرۆک وەزیری ئەو وڵاتە بۆ چارەسەری ئاشتیانەو دادپەروەرانەی پرسی کورد لەو وڵاتە بێ. چاوەڕوانیو هیوای ئێمە ئەوەیە لایەنە کوردییەکان وهیزەکانی دیکەش لە نیو پارلمانو لە نێو کۆمەڵگەدا، دەست بدەنە دەستی یەکتر بۆ بنیاتنانەوەی تورکیەیەکی نوێ، تورکیەیەک کە هەموو پێکهاتەکان هەست بە هاوبەشی وڕیزلێگیرانو دابینبوونی مافەکانیان بکەن. ئەمە هەم تەباییو سەقامگیربوون لە نیوخۆی تورکیە پیک دێنێ و هەم جێگە و پێگە و ڕێز و ڕۆڵی تورکیە لە ناوچە دا بەرەوژوور دەبا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٠١٥/١١/٥**

## شەشەمین کۆنفڕاسی ساڵانەی کومیتەی نۆڕوێژی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات بەڕێوەچوو

لەو کۆنفڕانسەدا کە بە بەشداریی دەیان کەس لە ئەندامانی لاوانو نوێنەرانی حیزبو ڕێکخراوەکان لە شاری سترۆمێن لە وڵاتی نۆڕوێژ بەڕێوەچوو، پەیامی دەستەی بەڕێوەبەریی کومیتەی نۆڕوێژی یەکیەتیی لاوان لە لایەن حەسەن بێورانی، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری خوێندرایەوەو، هەروەها پەیامی پێشەوا عەلیپوور، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە شێوەی ویدیۆ کۆنفڕانس نێردرابوو، پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

لەو پەیامەدا ئاماژە بەوە کرابوو کە کۆنگرەی حەوتەمی لاوان لە ساڵی ڕابردوودا لە کاتێک پێک هات کە ئەم وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش بووە، تووشی کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕی خێرا بوونو، لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا هەم لە نێوخۆی وڵات هەم لە دەرەوەی وڵاتیش ساڵێکی پڕ لە چالاکیو تێکۆشان بۆ ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوان بووە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆنفڕانسەدا پەیامی کومیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە نۆڕوێژ لە لایەن خوسرەو قادریو، پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لەلایەن نەمام زەریفام خوێندرانەوەو لە درێـژەدا هاشم ڕۆستەمی، مەریوان هەڵەبجەیی، کەریم ئەڵاوەیسیو ڕزگار ئەمینەژاد لەبارەی ڕۆڵو ئەرکی لاوان لە دەرەوەی وڵات، بارودۆخی لاوان لە کوردستان، کۆچی لاوان بۆ دەرەوەی وڵات قسەیان کرد.

خوێندنەوەی پەیامی کۆمەڵەی کلتوری ڕۆمەریکەو



کومیتەی فینلاندی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوو بڕگەی دیکەی ئەو کۆنفڕانسە بوونو لە کۆتایی بەشی یەکەمی کۆنفڕانس‌دا کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندامانی چالاکی یەکیەتیی لاوانو کومیتە ناوچەکان خەڵات کران.

لە بەشی دووهەمی کۆنفڕانس‌دا سۆران شێرزاد باسێکی سیاسی لە ژێرناوی لاوی کوردو بزاڤی شوناس‌خوازانەیو چۆنیەتی "گۆڕان"ی سۆزی نەتەوەیی بەرەو عەقڵانییەتی نەتەوەیی پێشکەش کرد . دوایین بڕگە لە بەشی دووهەمی کۆنفڕانس، هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری نوێ بۆ دوو ساڵی داهاتوو بوو کە لەم بەشەدا کۆمەڵێکی زۆر لە لاوانی هەڵسووڕو چالاک خۆیان بۆ بەڕێوەبەری ناونووس کرد کە لە هەڵبژاردنێکی ئازادو لە کەشێکی دێموکڕاتیک‌دا دەستەی نوێی بەڕێوەبەریی ئەو ڕێکخراوەیە هەڵبژێردرا.

## کوژرانی شاعیرێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری سلێمانی



شاعیرێکی خەڵکی سەردەشت لە شاری سلێمانی لەلایەن چەند کەسێک بەر چەقۆ دراو و بەو هۆیەوە گیانی لە دەستدا.

بەپێی ڕاپۆرتی میدیاکانی باشووری کوردستان شەوی شەممە، ٢ ی خەزەڵوەر شاعیرێکی خەڵکی سەردەشت بەناوی حوسێن ڕەحیمی دوای دەمەقاڵە لەگەڵ چەند کەسێک لە شاری سلێمانی، بە چەقۆ بریندارکراو گەێندرایە نەخۆشخانە، بەڵام بەهۆی سەختی برینەکەی گیانی لەدەستدا.

سەرکەوت ئەحمەد، وتەبێژی پۆلیسی سلێمانی وێڕای پشتڕاستکردنەوەی هەواڵەکە ڕاگەیاند: کە ئەگەرچی تاوانبارەکان دەستگیر کراون، بەڵام لێکۆڵینەوەکان تەواو نەبوونو تا ئێستا هۆکاری کوشتنەکەی نەزانراوە.

## سەردانی شاندێکی کۆما جڤاکێن کوردستان لە سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان

لە دیدارێکی نێوان حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو کۆما جڤاکێن کوردستان‌دا پرسە سیاسییەکانی کورد لە ناوچەدا تاوتوێ کران.

ڕۆژی دووشەممە ٤ی خەزەڵوەڕ هەیئەتیکی پارتی کریکارانی کوردستان (کۆما جڤاکێن کوردستان) بە سەرپەرستیی سەرحات ڤارتو، ئەندامی سەرکردایەتی کەجەکەو هاوڕێیەتیی مەروان ڕۆژڤانو جەمال ئەردال لە پەیوەندییەکانی کەجەکە لە هەریمی کوردستان سەردانی سکرتاریای حیزبی دیموکراتی کوردستانیان کردو لە لایەن هەئیەتکی حیزبەوە بە سەرپەرستیی حەسەن قادرزادە، ئەندامی دەفتەری سیاسی؛ ئیبراهیم زێوەیی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیو حەسەن خۆشکەلام، ئەندامی موشاویری کومیتەی ناوەندی‌یەوە پێشوازی کران.

لەم دیدارەدا کۆمەلێک پرسو بابەتی پەیوەندیدار بە کێشەو ڕووداو ئاڵوگۆرەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوەراستو ململانیی زلهێزەکانو، شەرو ماڵوێرانیو ئەو قەیرانو ئاریشانەی لە ئاکامی دروستبوونی ئەم بلوک‌بەندیانەدا هاتوونە ئاراوە، باسو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

لە باسەکانی دوو لایەن‌دا هەروەها باردۆخی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە چوار بەشی کوردستانو ئەو قۆناغانەی کە تێ‌ دان، بە تایبەتی ئەو ڕووداوو پێشهاتانەی لە ناوچەکەدا گریمانەی سەرهەڵدانو دروست بونیان هەیەو نەخشو دەوری وڵاتانی حاکم بە سەر کوردستان‌داو؛ ئەرکو بەرپرسایەتیی هیزە سیاسیەکانی کوردستان لەم قۆناغە ئاستەمو هەستیارەدا باسیان لێکراو؛ دوو لایەن لە سەر پێویستیی پاراستنی بەرژەوەندییە بالاکانی نەتەوەییو یەکریزی کوردو هاوکاریی بەربڵاو لە نێوان هێزەکان‌دا هاوڕا بوون.

## نیگەرانی لە بابەت بەرزبوونەوەی ئێعتیاد لە نێو ژنان

خەڵکی ناوچەی شارویـران لـە دروستـکردنـی شارۆچکەیەک بۆ کارمەندو کرێکارەکانی کارخانەی پێترۆشیمیی مەهاباد کە زۆربەی نیزیک بە تەواویان غەیرە کوردن نیگەرانن.

کارخانەی پێترۆشیمیی مەهاباد کە بە قسەی کاربەدەستانی دەوڵەت لە مانگی سەرماوەزی داهاتوودا بە یەکجاریو هەموو بەشەکانی دەکەوێتە کار، نیزیک بە ١٥٠٠ کارمەندو کرێکاری هەیە کە زۆربەیان تورکو فارسنو لە شارو ناوچەکانی دیکەی ئێرانەوە هەلی کاریان لە مەهاباد بۆ رەخسێندراوە.

بەپێی ڕاپۆرتی پەیامنێری کوردستانو کورد بەڕێوەبەریی کارخانەی پێترۆشیمیی مەهاباد نیازی ئەوەی هەیە کە لە داهاتوویەکی نیزیکدا شارۆچکەیەکی نیشتەجێبوون بۆ کارمەندو کرێکارەکانی ئەو کارخانەیە دروست بکا، ئەوەش نیگەرانیی خەڵکی ئەو ناوچەیەی لێکەوتۆتەوە.

خەڵکی مەهابادو ناوچەکانی دەوروبەری کارخانەکە دەڵێن لە ١٥٠٠ هەلی کاریی ئەو کارخانەیە کەمتر لە ١٠٠ هەلی کاری لەو کۆمەڵە سەنعەتییە بە خەڵکی کوردو دانیشووانی ناوچەکە دراوەو ئەوەی دیکەی هەمووی تورکو فارسنو لە شارو ناوچەکانی دیکەی ئێران‌ڕا هێنراونو ئێستا دەیانەوێ لەوێ نیشتەجێیان بکەن، بەوەش ئەگەر لەلایەک



مافی لاوانی بێکاری مەهاباد پێشێل کراوە، لەلایەکی دیکە دەیانەوێ دێموگرافیی ناوچەکەش بگۆڕن.

موحسین مەجیدی، بەڕێوەبەری کۆمەڵەی پێترۆشیمیی مەهابادیش نایشارێتەوە کە ١٥٠٠ کەس لە کارمەندو کرێکارەکانی ئەو کارخانەیە تەنیا ٢٨٠ کەسیان خەڵکی شارو ناوچەکانی پارێزگای ورمێن، کە لە نێوەش‌دا کەمتر لە ١٠٠ کەسیان کوردنو خەڵکی مەهابادن.

## مەحکومکردنی بێڕێزی بە کوردەکان لە شارو ناوچەکانی پارێزگای ورمێ

٣٠٠ چالاکی مەدەنیی کوردو ئازەری بە شێوەی هاوبەش بێڕێزی بە کوردانیان مەحکوم کرد.

دوای ئەوەی چوونی ژمارەیەک لە خزمو کەسەکانی فەرهاد پیرۆتپور، والیبالیستی کوردی یانەی شارەداریی ورمێ لە ساڵۆنی یاریی ئەو تیمەدا، بێڕێزیو سووکایەتیی ژمارەیەک لە سەیرکەرانی توندئاژۆی تورکی نێو ساڵۆنەکەی لێ کەوتەوە، سەدان کەس لە چالاکانی مەدەنیو سیاسیی کوردو ئازەری لەم بارەوە هەڵوێستیان گرتو ئەو حەرەکەتە شۆڤینیستییانەیان مەحکووم کرد.

لەو نامە هاوبەشەدا کە ئیمزای ٣٠٠ چالاکی سیاسی لە گەڵە، وێڕای مەحکومکردنی ئەو کردەوە قێزەونە، داکۆکی لە پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نەتەوەکانی نیشتەجێ لە پارێزگای ورمێ بە تایبەت دراوسێیەتی دوو نەتەوەی کوردو تورک کردۆتەوە.

نامەکە جۆراوجۆریی نەتەوەیی لەم پارێزگایەی نەک بە هەڕەشە بەڵکوو وەک دەرفەت دەستنیشان کردوەو هەموو نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی بە خاوەنی ئەو پارێزگایە زانیوە.



واژۆکەرانی نامەکە هەروەها بانگی سڕینەوەی دووبەرەکیو ناکۆکی لەو پارێزگایەیان داوە و ڕایانگەیاندوە کە هەڵسوکەوتی ئەو ژمارە کەسە بە هەڵوێستو هەڵسوکەوتی دانیشتوانی ورمێ یان شوینەکانی دیکە نازانن.

## بەردەوامیی مینڕێژکردنی ناوچەکانی زاگرۆس لە لایەن سپای پاسداران

سپای پاسدارانی ئێران لە ناوچەکانی زاگرۆس دەستی بە مین چاندن کردوە.

بەپێی سەرچاوە هەواڵدەرییەکان لە سنووری ورمێ و شنۆش هێزە تایبەتییەکانی سپای پاسداران لەم شوێنانەی کە شیمانەی ئەوەی لێ دەکرێ شوێنی هاتوچۆی پێشمەرگە بۆ نێوخۆی وڵاتە بە گشتی مینڕێژیان کردوە

هەر لەم پێوەندییەداو بەپێی ڕاپۆرتی سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو لە کرماشان کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ گوتی بە هۆی فراوانبوونەوەی جەولەی پێشمەرگایەتی و چالاکی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سپای پاسداران بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ناوچە دەستی بە مینڕێژکردنی سنوورەکان کردوە.

شایانی باسە کە ماوەیەک لەوەپێش بە هۆی مینی چێنراوی کۆماری ئیسلامی لە سنوورەکان ، دوو



پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بریندار بوون.

## پەکخستنی گەلاڵەی ڕێکخستنی بێستون بە هۆی کەمیی بوودجە

گەلاڵەی ڕێکخستنی بێستون بە هۆی کەمیی بوودجە ڕاگیرا. کاربەدەستان دەڵێن تەواوکردنی ئەم گەلاڵەیە پێویستیی بە تەرخانکردنی ٣٠ میلیارد تمەن بوودجەی دیکە هەیە.

حوسێن ڕاعی، بەڕێوەبەری گەلاڵەی بێستون بە هەواڵدەریی ئیسنای ڕاگەیاند کە دوای ١٥ شاڵ لە دەسبەکاربوونی ئەو گەلاڵەیە تەنیا سەدی ٤٠ی ئەم پڕۆژەیە جێبەجێ کراوەو بەردەوامیی کار لەسەر ئەم پڕۆژەیەش پێویستیی بە تەرخانکردنی بوودجەی زیاتر هەیە.

گەلاڵەی ڕێکخستنی بێستون لە ژێر چاودێریی کەونارناسانی ئاڵمانیو بە هاوکاریی زانکۆی عیلمو سەنعەتی تاران بەڕێوەدەبرێو؛ ئەم گەلاڵەیە ساڵی ٨٩ و لە سەردەمی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاددا دەستی پێکرد. بەپێی بڕیارو قەرار دەبوا ئەو گەلاڵەیە تا ساڵی ٩١ کۆتایی پێ دێو لە مانگی ڕەزبەری هەمان ساڵ ڕاگەیەندرا کە سەدی ٨٠ ئەم پڕۆژەیە تەواو بووە، کەچی سێ ساڵ دوای ئەوە

لە ئێستادا ئەم کاربەدەستە دەڵێ تەنیا سەدی ٤٠ی ئەم



گەلاڵەیە جێبەجێ بووەو بۆ تەواوبوونی پڕۆژەکەش بڕی ٣٠ میلیارد تمەنی دیکە پێویستە.

بێستون لە شاری هەرسینی کرماشان هەڵکەوتووە. ئەم شوێنەوارە مێژووییە لە سەردەمی ئێرانی کەونار ماوەتەوەو مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٨١ وەک شوێنەواری مێژوویی میلیی ئێران تۆماری کرا.

حوسێن ڕاعی، بەڕێوەبەری گەلاڵەی بێستون مەزندەی ئەوە دەکا کە ئەم پڕۆژەیەی کە قەراربوو ساڵی ٩١ کۆتایی پێ بێ تەواوکردنەکەی ١٥ ساڵی دیکەی کات بوێ.

## پیشاندرانی فیلمی کوردیی مەردان لە ئەمریکا

لە سمیناری سەردار عەزیزخانی موکریدا کە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە بۆکان و بۆ باس لە سەر ئەو کەسایەتییە بەڕێوەچوو، مستەفا ئیلخانیزادە، عومەر فارووقی، ناسر عەلیار، دوکتور محەممەد ساڵح ئیبراهیمی، فەرەیدوون حەکیم‌زادە، سەعید نەجاری، دوکتور عەبدولی، شەهرام حەسەن‌زادە، ئەحمەد ئەحمەدیان، محەممەد ئەحمەدیان و محەممەد دوکاندار بابەت و وتارەکانیان پێشکێش کرد و لەسەر جێگەوپێگەی مێژوویی، سیاسی و کۆمەڵایەتیی سەردار عەزیزخان موکری بۆ بەشدارانی سمینارەکە دوان.



هەروەها لەو سمینارەدا داوای کردنەوەی ناوەندی موکریان‌ناسی و دانانی خەڵاتی ڕێزنانی سەردار عەزیزخان بۆ پێشکێشکردنی بە چالاکانی بواری ئەدەبو مێژووی موکریان هاتە بەرباس.

# پێکەوە ژیانی جۆراوجۆرییەکان بە ڕێزگرتن لە شوناسی یەکتر و دابینکردنی مافە ڕەواکانی هەموو لایەک دەستەبەر دەبێ



قادر وریا

**(لە پەراوێزی کاردانەوەکانی ڕووداوەکەی یاریگەی غەدیری ورمێ دا)**

ڕۆژی پینجشەممەی رابردوو، ریکەوتی ٣٠ی ڕەزبەری ئەمساڵ لە یاریگەی ئەلغەدیری ورمێ و لە کاتی بەڕێوەچوونی یارییەکی والیبال دا، خزمانی یەکێک لە یاریزانەکان کە بەجلوبەرگی کوردییەوە هاتبوونە یاریگاکە، کەوتنە بەر بێڕێزیی ژمارەیەک لە هاندەرە ئازەری زمانەکان.

ئەم ڕووداوە لە نێو کۆمەڵگە و بە تایبەتی لە نیو تۆڕە کۆمەلایەتییەکان دا لە گەڵ دژ کردەوەیەکی بەربڵاو بەرەوروو بوو و نارەزایەتی دەربڕینێکی ڕوو لە زیادبوونی لێ کەوتەوە. وەک لە هەواڵ و زانیارییەکانیش‌ڕا دەردەکەوێ، قەرار وایە لە ورمێ و کۆمەڵێک لە شارەکانی دیکە زنجیرەیەک حەرەکەتی مەدەنیو هێمنانە بۆ مەحکوومکردنی ئەو جۆرە بێڕیزیانە بە ڕێوە بچن. بە هۆی هەستیاربوونی ئەم پرسە و ئەو ئاکامانەی ئەگەری ئەوە هەیە لەم سۆنگەیەوە ڕوو بدەن، هەڵوێستەیەک لە سەر ئەم ڕووداوە و خستنە رووی کۆمەڵێک راسپاردە بە پێویست دەزانین:

سووکایەتی بە هەر گرووپ و تەنانەت تاکێک، سەبارەت بە جۆری زمان، ئایین، جلوبەرگ و هەر ڕواڵەتێکی شوناسنوێن(مظاهر هویتی)ی ئەوان، کردەوەیەکی دواکەوتووانە، دژە ئینسانی و مەحکوومە. قبووڵنەکردنی ئەم جۆرە سووکایەتییەش، نەک هەرلە لایەن ئەو کەسانەی دەبنە ئامانجی بێڕیزییەکە، بەڵکوو لە لایەن هەر تاک و مرۆڤێکی تێگەیشتوو و پێشکەوتووی ئەو کۆمەڵگەیە، ئەرکێکی ئەخلاقی و کارێکی پێویست و دروستە.

سووکایەتی و بێڕیزی بە شوناسی نەتەوەیی، ئایینی و کولتووریی هەر گرووپ و کۆمەڵە خەڵکێک لەو شوێنانە کە جۆراوجۆرییەکی نەتەوەیی و ئایینی پێکەوە دەژین، هەستیاری و هەر لەو کاتە دا تێچوویەکی زیاتریان هەیە و ئەگەر پێشیان پێنەگیرێ، دەتوانن پێکەوەژیان و هێمنی و ئاسایشی کۆمەڵگەکە بەرەورووی هەڕەشە بکەنەوە و کارەساتیان لێ بکەوێتەوە.

لە پارێزگەی ورمێ، هەر لە کۆنەوە کورد و ئازەری وەک دوو پێکهاتەی نەتەوەیی سەرەکی و چەند کەمایەتیی نەتەوەیی – ئایینیی دیکە، پێکەوە ژیاون. ئەگەر چی بە داخەوە هێندێک جار بە هۆی بارودۆخی تایبەت و زاڵبوونی دەمارگرژیی نەتەوەیی و ئایینی، گرژی و ڕووداوی ناخۆش لە نێوان یەک یا چەند پێکهاتەیەکی کۆمەڵگەدا دروست بووە، بەڵام لە سەر یەک و بە گشتی، پێکەوە ژیان و وێکهەڵکردن و پێوەندیی دۆستانە، بووە بە کولتوورێکی جێکەوتوو.

پێکەوەژیانی بە ئاشتی و پێوەندیی دۆستانەی جۆراوجۆرییەکان لەم پاریزگایە، پتر قەرزداری شوعووری کۆمەڵایەتی و کولتووری و، هەست بە بەرپرسایەتی کردنی گشتیی پێکهاتەکانە تا جۆری سیستەمی سیاسی و بەڕێوەبەرێتیی حاکم لەو پارێزگەیە و هەموو ولات دا. بە داخەوە بناغەی سیستەمی سیاسی و بەڕیوەبەرێتی لە ئاستی وڵات بە گشتی و لە ئاستی ئەم پاریزگایە دا، لە سەر هەڵاواردنی نەتەوەیی و ئایینی و ئینکار یا لە پەراوێز خستنی بەشێک لە جۆراوجۆری و شوناسەکان، و زاڵکردی بە ئەنقەستی بەشێک بە سەر ئەوانی دیکە دا دامەزراوە.

ناوەرۆکی تێکەڵ بە هەڵاواردنی نەتەوەیی و ئایینیی یاسای بنەڕەتی و، دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبەریتیی وڵات، وای کردوە هێندێک پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی لە ئێران بە گشتی و لەم پارێزگایە بە تایبەتی، بەردەوام لە گەڵ ستەم و پەراوێزخران و سووکایەتی پێکران بە شێوەی جۆراوجۆر بەرەوڕوو بن. بەم پێیە دامودەزگای دەوڵەتی و حکوومەتی لەم پاریزگەیە لە جیاتی دابینکەرو پارێزەری دادپەروەرانەی مافەکان و بەشداریی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان بێ، بۆ خۆی لە خزمەت هەڵاواردن و پەراوێز خستنی بە ئەنقەستی کورد و هێندێک پێکهاتەی دیکە دا بووە. ئەمەش وای کردوە لە نێو کۆمەڵگەش دا هێندێک گرووپ و تاکی توندڕەو و دواکەوتوو، بێترس و نیگەرانی، بە شێوەی جۆراوجۆر دژایەتیی کوردەکان بکەن، بە میوان نەک خانەخوێ و خاوەنماڵیان بزانن و گیانی سووکایەتیکردن بە کورد پەرە پێ بدەن.

**چۆن بەرەورووی ئەم ڕاستیانە ببینەوە؟**

دەنگ هەڵبڕین دژی ئەم جۆرە سووکایەتیانە، دەتوانێ لە نێو دەسەڵات و لە نێو کۆمەڵگە دا هاندەری لایەنی توندڕەو و نابەرپرسیار بێ بۆ نیشاندانی حەسساسیەت و، دژایەتیی زیاتر لە گەڵ مافەکان و بەشداریی کورد لە بەڕێوەبەرێتیی سیاسی و گشتیی پارێزگە دا. بەو حالەش هەڵبژاردنی بێدەنگی و بێهەڵوێستی لە ئاست سووکایەتی و هەڵاواردن بەرامبەر کورد، ڕێگایەکی دروست نیە وتەنیا دەتوانێ یارمەتی بە خراپتر بوونی وەزعەکە بکا.

نارەزایەتی دەربڕین دژی ئەم جۆرە سووکایەتیانەو هەڵاواردنی نەتەوەیی بەرامبەر بە کورد، ئەو کاتە دەتوانێ کاریگەر و سەرکەوتوو بێ و هەر لەو کاتە دا، نیاز و پیلانی هێندێک لایەنیش پووچەڵ بکاتەوە، کە بە شێوەیەکی هێمنانە و مەدەنی و بە دوور لە دەمارگرژیو توندو تیژی بێ. پشتیوانیو بەشداریی خەڵکی پارێزگەکانی دیکەی کوردستان لەم جۆرە نارەزایەتیدەربڕینانە ، هەر وەها هاودەنگیی نوێنەرانی مەجلیس، پێشنوێژ و کەسایەتییە ئایینییەکانو، سیما دیارەکانی بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ، بڕشت و کاریگەریی ئەم جۆرە حەرەکەتانە زیاتر دەکا.

ڕێکخراوو گرووپە مەدەنییەکان و کەسایەتییەکان ونوخبە ئازەری زمانەکان، تەنانەت کاربەدەستانی ئازەریی پارێزگای ورمێ، پێویستە و دەتوانن ڕۆلێکی ئەرێنیان هەبێ لە دووپاتنەبوونەوەی ئەم جۆرە ڕووداوانە و نەهێشتنی کەشوهەوا و دۆخی نەخوازراو و زیانبار دا. ئەمەش بە ڕێگای مەحکوومکردنی سووکایەتی و هەڵاواردن بەرامبەر کورد، هاودەنگی نواندن لە گەڵ کوردەکان و ڕێزگرتن لە مافەکان و جێگە و پێگەی کورد وەک ئەسڵێکی بنەرەتیی پێکەوە ژیان لەم پاریزگایە و لە ئاستی ولات دا، مسۆگەر دەبێ.



# هەڵبژاردن لە سێبەری سەرکوتدا



رەحمان سەلیمی

لە چەند رۆژی رابردوودا شەپۆلێکی نوێی سەرکوتی رۆژنامەنووسان لە ئێران دەستی پێکردووەو چەندین رۆژنامەنووسی نزیک لە باڵی میانەڕەوی دەسەڵات کە بە جۆرێک دەکەونە خانەی لایەنگرانی رووحانی دەسبەسەر کراون و چارەنووسیان نادیارە. ئەو شەپۆلە دوابەدوای قسەکانی خامەنەیی دێ کە ئاماژەی بە بوونی "عەواملی نفووزی" لە نێو راگەیەنە گشتییەکان کرد.

بە ئاکام گەیشتنی وتووێژەکانی ئێران و رۆژئاوا لە سەر پەروەندەی ئەتومی کە باڵی ئوسوولگەڕا لانیکەم لە ڕواڵەتدا دژایەتی دەکرد، لە رای گشتیدا وەک سەرکەوتنی دیپلۆماتیکی ریفۆرمخوازان بە ئەژمار دێ کە تا رادەیەک دەتوانێ فشارە ئابوورییەکانی سەر خەڵک کەم بکاتەوە، ئەوەش بۆتە هۆی لاوازبوونی گوتاری دژە ئەمریکایی ئوسوولگەراکان و بەهێزبوونی لایەنی بەرامبەر. نیگەرانی لەو رەوتە بە ڕوونی لە خۆپێشاندانەکانی دوێنێ کە بە بۆنەی ساڵرۆژی داگیر کردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا بەڕێوە چوو، دیار بوو. جەخت کردنەوە لە سەر دروشمی "مەرگ بەر ئەمریکا" و وەسف کردنی ئەمریکا بە شەیتانی گەورە لە نێو خۆپێشاندانەکاندا کە بە ئاشکرا لە لایەن باڵی ئوسوولگەراوە بانگەشەی بۆ دەکرا، ئاماژەیەکی روون بوو بۆ ئەو نیگەرانییە.

هەر چەند ئەو شەپۆلە لە سەرکوتی رۆژنامەنووسان تازەگی نییە و بە درێژایی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەردەوام هەبووەو بگرە زۆر جار بە شێوەی بەربڵاوتر رووی داوە، بەڵام هێندێک جیاوازی شیاوی سەرنجدانە لە دەسبەسەر کردنی ئەم دواییەی رۆژنامەنووساندا، کە بە کورتی ئاوڕیان لێ دەدەینەوە:

یەکەم: هەڵبژاردنەکانی داهاتووی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی کە لە چەند مانگی داهاتوودا بەڕێوە دەچێ دەرفەتێکە بۆ زۆرانبازی نێوان باڵەکانی دەسەڵات لە ئێران و دەکرێ بڵێین لەو بوارەوە گرینگیەکی تایبەتی هەیە. باڵی ناسراو بە ریفۆرمخواز و میانەڕەو کە بریتییە لە دەوڵەتی رووحانی و بەشێک لە سیما ناسراوەکانی دەرەوەی ئۆرگانە دەسەڵاتدارەکان کە پێشتر خاوەن پلە و پایە بوون و ئێستا دوور خراونەتەوە، هەوڵ دەدەن لە ژێر سێبەری دەوڵەتی رووحانی دا شوێن پێیەک بۆخۆیان بکەنەوەو بە پێکهێنانی زۆرینەیەک لە نێو مەجلیسدا، بەشێک لە دەسەڵاتی لەدەست چوویان بە دەست بێننەوە.

دووهەم: دەسبەسەر کردنی ئەم جارەی رۆژنامەنووسان راستەوخۆ لە لایەن سازمانی ئیتلاعاتی سەر بە سوپای پاسداران ئەنجام دراون، واتە لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەزگای قەزایی کە ئاماژەیەکی ترسناکە بۆ سەرکوتێکی هەمە لایەنە کە لە ئۆرگانەکانی سەر بە بەیتی رەهبەری و لە لایەن خودی خامەنەییەوە پلانیان بۆ دارێژراوە و جێبەجێ دەکرێن. پێدەچێ خامەنەیی نیگەرانییەکی جیددی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەبێ و هەموو هەوڵی خۆی بۆ حذفی باڵی میانەڕەو خستبێتە گەڕ تا ئیزن نەدا جارێکی تر مەجلیسێکی هاوشێوەی مەجلیسی شەشەم دووپات ببێتەوە.

سێهەم: کرانەوەی رێژەیی فەزای سیاسی لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا یەکێک بووە لەو تاکتیکانەی کە حاکمییەت پەیڕەوی کردووە تا بە دروست کردنی فەزایەکی رقابەتی میدیایی گرتوتە ئەستۆ.

چوارەم: کەم ڕەنگ بوونەوەی ململانێی ئەتۆمی لە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ولاتانی رۆژئاوا، ئەو نیگەرانییەی



هەوڵ بدا خەڵک بۆ بەشداری لە هەڵبژادنەکان هان بدا و بەم شێوەیە شەرعییەت بە سیستەمە سیاسییەکەی بدا. بەڵام ئەمجارە سیاسەتێکی پێچەوانە گیراوەتە بەر و ئۆرگانێکی ئەمنیەتی و نیزامی وەک سپای پاسداران مەیدانداری فەزای سیاسی و لە نێو باڵی دەست رۆیشتووی کۆماری ئیسلامیدا دروست کردووە کە پرسی ئازادی و دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە پەڕاوێز بێتە دەر و ببێتە دەغدەغەی سەرەکیی میدیا و رای گشتی. ئەوەش رێک واتای بێ ناوەڕۆک بوونی ماهییەتی کۆماری ئیسلامی دەگەیەنێ کە لە سەر بنەمای دژایەتی ئازادی و مافی مرۆڤ دامەزراوە. کە وابوو لە وەها بارودۆخێکدا هەر چەشنە دەنگ هەڵبڕینێکی جیابیران دەتوانێ کاریگەرییەکی زۆر زیاتر لە سەر رای گشتی دروست بکا و هەڵبژاردنەکان بەرەو ئاقارێک بەرێ کە بەرژەوەندیی ئوسوولگەراکان بخاتە مەترسییەوە.

ئاڵۆز بوونی سیستەمی سیاسی لە کۆماری ئیسلامیدا و بوونی ئۆرگانگەلی موازی، ئەو دەرفەتەی رەخساندووە کە ئوسوولگەراکان بە ئاسانی بتوانن لە رێگای ئۆرگانی جۆراوجۆر هەر چەشنە دەنگێکی نارەزایەتی کپ بکەن و بە ویستی خۆیان نەخشەی سیاسی دابڕێژنەوە. وەئەستۆ گرتنی ئەرکی سەرکوتی رۆژنامەنووسان لە لایەن سپای پاسدارانەوە لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ جیددی بوونی ڕێبەری نیزام لە موهەندیسی ئەو هەڵبژاردنانەدا.



# نابەرامبەری لە بەرنامەکانی ئابووری و گەشەیی کۆماری ئیسلامیدا!

## (بەشی ٢)

ئاگری باڵەکی

هەروەک لە بەشی یەکەمی بابەتی «نابەرامبەری لە بەرنامەکانی ئابووری و گەشەیی کۆماری ئیسلامی دا!» دەستمان لەسەر چەند خاڵی گرینگ لە نابەرامبەرییە ئابوورییەکان لە ئێراندا دانا و، هەروەها ئیشارەیەکمان بە چەوساندنەوەی بە بەرنامەی کەمە نەتەوەییەکانی نێو جوگرافیای وڵاتی ئێران کرد و هەوڵمان دا بە پێی هەندێک زانیاری و ئاماری ورد، شێوەی ئەو نابەرامبەرییە دەربخەین، لەو بەشەشداو، لە درێژەی ئەو باسەدا هەوڵ دەدەین کە لایەنی تری چەوساندنەوەی بە بەرنامەی کورد لە ئێراندا باس بکەین.

لە بەرنامەی پێنجەمی گەشەی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بەشێکی تایبەت بۆ ئەو ناوچە بێ بەش و کەم گەشەکردووانە دانراوە کە کەوتوونەتە دەرەوەی سێگۆشەی هێز و ئابووریی ئێران. خۆرهەڵاتی کوردستانیش بەشێکە لەو ناوچانە کە ئەو یاسایە دەیانگرێتەوە، بەڵام ئەو یاسا و ڕێسا ئابووری و هاوکاریبەخشینانە تەنیا لەسەر کاغەز ماونەتەوە و هیچ کات نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ چاوبەستنی خەڵک پەنایان بردۆتە بەر چاک کرد نو گەورەکردنی شار و ڕێگاوبانەکان، بەڵام لەراستیدا دەردی کوردەکان و ئەو ناوچانە کە دوچاری جیاوازی بوون خانوو بەرەو ڕێگاو بان نیە، بەڵکوو دەردی ئەو خەڵکە نەدارە بەوە چارەسەر دەکرێ کە لەو ناوچانەدا بنکە و دامەزراوەی ئابووری ساز بکرێت بۆ ئەوەی ڕێژەی بێکاری کەم بێتەوەو خەڵک بتوانن بە ڕەنجی شانی خۆیان بژین.

بەپێی مادەی ١٣٢ لە قانوونی بەرنامەی پێنجەمی گەشەی ئێران، حکوومەت بەرعۆدە دەبێ کە ٢٪ ی داهاتی نەوت و گاز بۆ ناوچە دواکەوتووەکانی ئێران تەرخان بکا، لەو داهاتە دەبێ یەک لە سێ بۆ ئەو پارێزگایانە تەرخان بکرێ کە نەوت و گازیان هەیە و دوو لە سێ بۆ ئەو ناوچانە تەرخان بکرێ کە کەمترین گەشەکردنیان بەخۆیانەوە دیتوە. ئەو قانوونە چەندین ساڵە لە پەرلەمانی ئێران دێت و دەچێ و تا ئێستا هەوڵێکی جیددی بۆ جێبەجێکردنی نەدراوە.

لە کۆتایی ساڵی ١٣٨٨ دا نووسینگەی سەرکۆماری ئێران ڕاپۆرتێکی بڵاو کردەوە و لەوێدا پارێزگاکانی (سیستان و بەلووچستان، ورمێ، ئیلام، سنە، کرماشان، بوشێهر، خوراسانی جنووبی، لوڕستان، هورموزگان و کۆهکیلویە و بویرئەحمەد) بە ئەو ڕاپۆرتە ڕێژەی هیوا بە ژیان لە پارێزگاکانی سنە، کرماشان و ئیلام کەمە و ڕێژەکە لە نێوان ٦٥٪ بۆ ٦٦٪ ساڵە کە بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی هیوا بەژیانی ئێران کە (٧٣.٥ )ە، ٪ ٨ ساڵی کەمترە، ئەوەش ڕاست بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان بەتایبەتی ناوەندە دەرمانی و پزیشکییەکان لەو پارێزگایانە بە ئەندازەی پێویست نین.

نێونجیی داهاتی بنەماڵەیی لە شارەکانی پارێزگاکانی کرماشان، هەروەک پێشتر باسمان کرد ، بەپێی ماددەی ١٨٠ی قانوونی بەرنامەی پێنجەمی گەشەپێدان، حکوومەت بەرپرسیارە بەرامبەر بە تەرخانکردنی ٢٪ ی بودجەی وڵات بۆ گەشەپێدانی ناوچە کەم گەشەکردووەکان، بەڵام زانیارییەکان باس لەوە دەکەن کە لە بوودجەی ساڵی ٩١ دا بەهۆی کەمهێنانی بوودجە حکوومەت خۆی لە دانی ئەو ٢٪ یە پاراستوە و هەروەها لەساڵانی ٩٢ و ٩٣ دا کە کەمهێنان لە بوودجەی ساڵانەدا ئێران دەڵێ زۆربەی بێکارەکانی پارێزگاکە ئەو کەسانەن کە لە ئاستی بەرزدا خوێندەوارییان هەیەو بەداخەوە بەهۆی نەبوونی بنکە و دامەزاوەی ئابووری، ئەو ڕێژەیە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ روو لە زیادبوونە.

بەپێی زانیارییەکان کارکردن لە کارخانە و کانگاکان دا لەو پارێزگایە ٦.٣٪ کە بە راوەرد لەگەڵ ڕێژەی هەموو ئێران کە ٣١.٣٪ ئەوا ڕێژەیەکی زۆر لە خوارەوەیە. ئەو ڕێژە کەمە و وزە لە پلەی ٢٩ دایە و، هەروەها لە بەرهەمهێنانی نێوخۆیی لە ئێراندا پلەی ٢٧ی هەیە. داهاتی سەرانەی ٤.٧ میلیۆن تمەن لە ساڵدایە کە بە بەراورد لەگەڵ نێونجیی ئێران کە ٨.٢ میلیۆنە، زۆر کەمە. بە واتایەکی روونتر ٥٠٪ کەمتر لە نێونجیی داهاتی سەرانە لە ئێرانی دا هەیە کە بەو ڕێژەیە سنە لە ئێراندا دەکەوێتە پلەی ٢٤.

ئامارەکان نابەرابەرییە ئابوورییەکان لەو پارێزگایە بەنیسبەت ناوچەکانی دیکە نیشان دەدەن، دانیشتووانی پارێزگای سنە نزیک بە ٢ میلیۆن کەسن، کە بە بەراورد دەگەڵ ئەو پاریزگایانە کە حەشیمەتیان زۆر نیە لە ئاستێکی ئەوتۆدا نیە. پارێزگای سنە لە زۆربەی هەرە زۆری پلەکانی ئابووریدا لە خوارترین

**لە بەرنامەی پێنجەمی گەشەی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بەشێکی تایبەت بۆ ئەو ناوچە بێ بەش و کەم گەشەکردووانە دانراوە کە کەوتوونەتە دەرەوەی سێگۆشەی هێز و ئابووریی ئێران. خۆرهەڵاتی کوردستانیش بەشێکە لەو ناوچانە کە ئەو یاسایە دەیانگرێتەوە، بەڵام ئەو یاسا و ڕێسا ئابووری و هاوکاریبەخشینانە تەنیا لەسەر کاغەز ماونەتەوە و هیچ کات نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە**

دواکەوتووترین پارێزگاکانی ئێران ناو براون. لەو ڕاپۆرتەدا باس لە تایبەتمەندییەکانی پارێزگا پێشکەوتوو و دواکەوتووەکانی ئێران کراوە. خاڵی جێگای سەرنج لەو ڕاپۆرتەدا ئەوەیە کە کرماشان، ئیلام، هورموزگان، بوشێهر و کۆهکیلویە و بویرئەحمەد لەو پارێزگایانەن کە لە نێو خاکی خۆیان دا نەوت و گازیان هەیە،

**ئەگەر گەشتێکی خێرا بە نێو ئامارە ئابوورییەکانی ئێراندا بکەین دەبینین کە لە ساڵی ١٩٩٣دا ڕێژەی وەبەرهێنان لە پارێزگای ئەلبورز ٢٠٠٪ زیادی کردوە و لە پارێزگای ئیسفەهانیش ئەو ڕێژەیە بۆتە ٦٠٪، بەڵام بە پێچەوانەوە، ڕێژەی وەبەرهێنان لە پارێز گا کوردییەکان دا لەو پلانەی کە بۆی دانراوە زۆر کەمتر بۆتەوە**

بەڵام ئەوە قازانجێکی ئەوتۆی بۆ ئەو پارێزگایانە نەبووە. هەر بەپێی سنە و سیستان و بەلووچستان ١٥ میلیۆن تمەن لەساڵدایەو ئەو ڕێژەیە لە دێهاتەکانی ئەو پارێزگایانە کەمترە و داهاتی ساڵانەی هەر بنەماڵەیەک بۆ ٨ میلیۆن تمەن دادەبەزێ. ئەو داهاتانە لە حاڵێکدایە کە نێونجیی داهاتی بنەماڵەیی لە ئێراندا ٢٠ میلیۆن تمەن بۆ هەر بنەماڵەیەک لە شار و ١٢ میلیۆن تمەن لە دێهاتەکانە.

ئەگەر گەشتێکی خێرا بە نێو ئامارە ئابوورییەکانی ئێراندا بکەین دەبینین کە لە ساڵی ١٩٩٣دا ڕێژەی وەبەرهێنان لە پارێزگای ئەلبورز ٢٠٠٪ زیادی کردوە و لە پارێزگای ئیسفەهانیش ئەو ڕێژەیە بۆتە ٦٠٪، بەڵام بە پێچەوانەوە، ڕێژەی وەبەرهێنان لە پارێزگا کوردییەکان دا لەو پلانەی کە بۆی دانراوە زۆر کەمتر بۆتەوە ، لە پارێزگای ئیلام لەساڵی ٩٣ دا تەنیا ٣٥٦ کەس و لە پارێزگای سنە ٤٩٠ کەس و لە پارێزگای کرماشان ٥٣٢ کەس لە ناوەندە پیشەسازییەکانی ئەو پارێزگایانە دامەزراون. ئەو ڕێژە کەمە ڕاست بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نەبوونی بنکە و دامەزراوەی ئابووری و پیشەسازی لەپارێزگا کوردییەکان بەشێوەیەکە کە خەڵک ناچار دەکەن کە بۆ ناوەندی وڵات کۆچ بکەن.





دووبارە بۆتەوەو، ڕێژەکەشی ٢٥٢٢ میلیارد تمەنە، تەنیا بۆ کاروباری بیناسازی کەڵکی لێوەرگیراوە و کەمتر گرینگی بە دامەزراوە ئابوورییەکان دراوە. سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە کوردەکان نیشاندەری ئەوەیە کە حکوومەت نایەوێ کوردستان لە ئابووری دا بکاتە ناوچەیەکی خۆژیو.

پارێزگای سنە وەک نموونەی نابەرامبەری

ئەگەر بۆ نموونە بارودۆخی پارێزگای سنە بێنینە بەرچاو دەبینین کە ئاماری بێکاری لەو پارێزگا کوردییەدا بێداد دەکا، ڕێژەی بێکاری لە شارەکانی پارێزگای سنە ٣١٪ و لە دێهاتەکانیش ٢٣٪ ە. نوێنەری پارێزگای سنە لە پەرلەمانی ئێران، ساڵاری مرادی وێڕای ئاشکرا کردنی ئەو ئامارە بۆ ئاژانسی کاری لە حاڵێک دایە کە ٣٠٠ کانگا لە پارێزگای سنە کار دەکەن کە ١٨ جۆرە ماددەی جۆراوجۆریان تێدایە، بەڵام بەهۆی نەبوونی کارگە و شوێنی تایبەت نەتوانراوە کە کەڵک لەو ماددانە وەربگیرێت، هەربۆیە بە خامی دەنێردرێنە دەرەوەی ئەو پارێزگایە و لە کارخانەکانی ناوەندی ئێران کاڵای جۆراوجۆریان لێ بەرهەم دەهێنرێت.

ئەمە لە لایەک، لەلایەکی دیکەوە پارێزگای سنە لە ئێران دا لەبارەی ئەو کارگایانەوە کە ١٠ کەس زیاتر کاریان تێدا دەکەن، پلەی ٢٥ هەیە و، هەروەها لەو کارگایانە کە ٥٠ کەس زیاتر کاریان تێدا دەکەن پلەی ٢٧ی هەیە. ئەو ژمارانە دەرخەری ئەوەن کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی هیچ گرینگییەکی بە ئابووریی ئەو پارێزگایە نەداوە.

پارێزگای سنە بۆ پیشەسازی پلەکاندا جێگای گرتوە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە پارێزگا ناوەندییەکان لە پلە باڵاکانی ئابووری ئێراندا جێگایان گرتوە.

ئەگەر بەکورتی لێکدانەوەیەک بۆ ئەم بابەتەی سەرەوە بکەین، دەبینین کە دەسەڵاتدارانی ئێران، هەمیشەو لەهەر بوارێکداو ئەوەندەی لە توانایاندا بووە، هەوڵیان داوە کە مافەکانی کورد لە کوردستانی ئێران زەوت بکەن، هەمیشە بە دیدێکی ئەمنییەتییەوە سەیری کوردستانیان کردوەو وایان بیر کردۆتەوە کە کوردەکان لەسەر ئەم خاکە میوانن. هەر ئەو بیرکردنەوەشە کە کوردەکانی لە پێشکەوتنی ئابووری لە ئێران بێبەش کردوە و کەمترین بەشیان لەو بوارەدا بەرکەوتوە.

# بارودۆخی سووریە و ئاسۆی وتووێژەکانی چارەسەری ئەو پرسە



ڕەحمان پیرۆتی

پرسی سووریە گرنگترین بابەتی چوار ساڵی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستە کە تێوەگلاوی ڕکەبەرییە ناوچەییەکان بووە. ئێستا چوار بەرەی سیاسی و چەندین گرووپی نیزامی لە شەڕی نێوخۆیی سووریە بەشدارن. وڵاتانی ڕۆژئاوایی و هێزە میانڕەوەکانی دژبەری ئەسەد، ڕێژیمی ئەسەد و لایەنگرانی، وڵاتانی کەنداو و، هێزە توندڕەوە تێرۆریستییەکانی وەکوو داعش و بەرەی نوسرە چوار بەرەی سەرەکی ئەو شەڕەن کە لە گوتار و لێڕوانینی ئیدیۆلۆژیک و پرۆژەی سیاسییان بۆ داهاتووی سووریە تەواو جیاوازن. ئەو هێزانە لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوو ئیستعدادی کردەوەی هاوبەش و سازان لەسەر پرسە ئەساسییەکانیان لەخۆ نیشان نەداوە و تەواوی هەوڵیان ئەوە بوو کە لە مەیدانی شەڕ پرسەکە یەکلا بکەنەوە.

ئەمریکا و وڵاتانی ئوورووپایی هەر لە دەستپێکی شەڕ هەوڵی ڕێکخستنی گرووپە نیزامییە میانەڕەوەکانیان لەنێو ئەرتەشی ئازادی سووریە داو دواتر کاریان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی تاراوگە کرد. هەر دووی ئەو پرۆژانە هەرچەند بە قۆناغی جیاوازدا تێپەڕین بەڵام بە دەستەوەستانی سیاسی ئەمریکا تووشی شکست هاتن. دوابەدوای ئەو قۆناغە، شەڕی سووریە بووە بەستێنی دەستێوەردانی هێزە هەرێمییەکان،و بەوشێوە ڕەنگدانەوەی سیاسەتو ڕکەبەرییە ناوچەییەکان لە شەڕی نێوخۆیی سووریە تەواو دەرکەوت.

کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە سەقامگیرترین سیاسەتی لە سووریە هەبوو. پێوەندی و هاوپەیمانی ستراتێژیکی کۆماری ئیسلامی و سووریە بۆ سەردەمی شەڕی ئێران و عێراق دەگەڕێتەوە و بەدرێژایی سێ دەیەی ڕابردوو بەردەوام پەرەی سەندووە. هەر چەند سەرەتا ئێران و سووریە لەمەڕ پرسی لوبنان ناکۆکی جیددییان هەبوو و شەڕی نێوان دوو حیزبی ئیدیۆلۆژیکی شیعە واتا ‹‹ئەمەل›› و ‹‹حیزبوڵڵا›› بە شەڕی نیابەتی ئێران و سووریە لەسەر خاکی لوبنان گەیشت، بەڵام بە چارەسەری ئەو پرسە، ئەو دوو وڵاتە وەکوو دوو هاوپەیمانی ستراتێژیک دەرهاتن. ئێران بۆ نزیکبوونەوە لە سنوورەکانی ئیسرائیل و یارمەتیدانی حیزبوڵڵا پێویستی بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ سووریە هەیە و بەشێک لە ئەمنییەتی نەتەوەیی و ناوچەیی خۆی بەگرێدراوی داهاتووی ئەو وڵاتە دەزانێ؛ بەو پێیە کۆماری ئیسلامی لە ئاڵۆزییەکان و شەڕی نێوخۆیی سووریە بە هەموو شێوەیەک پشتیوانی لە ڕێژیمی بەشار ئەسەد کردووە و بە یارمەتی ماڵی و نیزامی و لۆجێستیکی لە تێکدانی هاوسەنگی هێزەکان بە قازانجی ئەسەد و لە دەسەڵاتداهێشتنەوەی ناوبراو تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە.

لەبەرامبەردا وڵاتانی کەنداو هەوڵیان داوە تا لەڕێگەی ڕاهێنان و چەکدارکردنی گرووپ و لایەنەکانی نزیک لەخۆیان کار بۆ لەدەسەڵاتلادانی بەشار ئەسەد بکەن. عەرەبستان لەچوارچێوەی ڕکەبەری ناوچەیی بەهەموو شێوەیەک هەوڵی کەمکردنەوەی هێژمۆنی ئێران لە عێراق، سووریە، لوبنان، بەحرەین و یەمەن دەدا. بەدرێژایی سێ دەیەی ڕابردوو عەرەبستان بەردەوام ڕەخنەی لە هەڵوێست و سیاسەتەکانی سووریە، وەکوو تاکە هاوپەیمانی عەرەبی ستراتێژیکی ئێران، گرتووە. شەڕی نێوخۆیی سووریە دەرفەتی بۆ عەرەبستان و وڵاتانی کەنداو دروست کرد تا لە سووریە پاکانەحیساب لەگەڵ

درێژە ل١٠



# به پێکهاته‌یی کردنی به‌شداریی سیاسی

ناسر باباخانی

کۆماری ئیسلامی ئێران له ماوه‌ی نزیک به چوار ده‌یه‌ی ڕابردوودا هه‌ر ساڵه‌و یه‌ک هه‌ڵبژاردنی به‌ڕێوبردووه، وه‌ک هه‌ڵبژاردنه‌کانی سه‌رکۆماری، پارله‌مان، ئه‌نجومه‌نی شاره‌کان، خوبره‌گان و...

به درێژایی ئه‌مساڵانه‌دا ڕێژیم سه‌رجه‌م ئه‌م هه‌ڵبژاردنانه‌ی وه‌ک هێمایه‌ک له دێموکراسی له ناوخۆی وڵات و مه‌شرووعییه‌تی ژووره‌کی و ده‌ره‌کی به چاوی خه‌ڵکی ئێران و ده‌ره‌وه‌ی وڵاتیشی داداوه‌ته‌وه! به‌ڵام سه‌ره‌ڕای هه‌وڵه‌کانی کۆماری ئیسلامی بۆ ئه‌م مه‌به‌سته، چاوه‌دێرانی سیاسی به‌رده‌وام به چاوی گومان و دڕدۆنگییه‌وه سه‌یری زۆربه‌ی هه‌ره زۆری ئه‌م هه‌ڵبژاردنانه‌یان کردووه، چون له ڕاستیدا هه‌رچه‌ند له هێندیک له‌م هه‌ڵبژاردنانه‌دا ڕێژه‌ی به‌شداریی خه‌ڵک به‌رچاو بووه، به‌ڵام جگه له ته‌زویر و سڕینه‌وه‌ی ئه‌و جیابیرانه‌ی خۆیان به‌ربژێری هه‌ڵبژاردنه‌کان کردووه، له جه‌وهه‌ری به‌شدارییه‌که‌دا دایمه گرفتێکی سه‌ره‌کی هه‌بووه که بۆته هۆی ئه‌وه‌ی هیچکام له هه‌ڵبژاردنه‌کان نه‌توانن گۆڕانێکی سیاسی ئه‌وتۆ له ئێران سازده‌ن که ئه‌میش بریتییه له چه‌مکێک به ناوی: "به‌شداری سیاسی پێکهاته‌یی".

سه‌باره‌ت به‌م چه‌مکه هانا ئارێنت پێی وایه به‌شداری سیاسی ئه‌رێنی واته پرۆسه‌ی ده‌نگدان له هه‌ڵبژاردنه‌کاندا ده‌بێ به شێوه‌یه‌کی پێکهاته‌یی له قالبی حیزب و لایه‌نی سیاسیدا بێ تا به‌ر به دیکتاتۆرییه‌ت بگرێ، به واتایه‌کی تر به‌شداری سیاسی ناپێکهاته‌یی، ته‌نیا مه‌به‌ستی به‌شداری پێکردنی گۆتره‌یی خه‌ڵکه بۆ شه‌رعییه‌تدان به ده‌سه‌ڵاتی خۆی و مه‌به‌ستی سه‌ره‌کی به‌رله‌وه‌ی چاکسازیی ناوخۆیی بێ، سه‌لماندنی مه‌شرووعییه‌تی خۆیه‌تی بۆ ده‌ره‌وه‌ی سنووره‌کانی وڵات، ئه‌مه ڕێک ئه‌و شته‌یه که له سیستمه تۆتالیتێره‌کاندا به‌دیده‌کرێ. ئارێنت ده‌یه‌وێ بڵێ که سیستمی تۆتالیتێر له هه‌مان کاتدا که به توندی به‌ر به به‌شداری سیاسی پێکهاته‌یی ده‌گرێ ده‌یه‌وێ ئاستی به‌شداری سیاسی ناپێکهاته‌یی به‌رێته سه‌ر، ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر به میکانیزمگه‌لێکی پڕوپاگه‌نده‌یی و فرتوفێڵئامێزیشه‌وه بێ و دواجار به زه‌بری زۆری و تۆقاندن!

بۆیه مادام پرۆسه‌ی هه‌ڵبژاردن له ئێران له‌سه‌ر بنه‌مای به‌شداری سیاسی به شێوه‌ی پێکهاته‌یی نه‌بێ و بۆ وێنه کۆمه‌ڵانی خه‌ڵک له کوردستان نه‌یه‌نه قالبی پێکهاته و حیزبه‌وه و ڕه‌خنه‌کانیان ئاراسته‌ی ده‌سه‌ڵاتی سیاسی و حوکمڕانی نه‌که‌ن، هیچ له دۆخه‌که ناگۆڕدرێ. ئه‌وه‌ی که تا ئێستا له کوردستان سه‌باره‌ت به به‌شداری له هه‌ڵبژاردنه‌کاندا به‌دیکراوه ـ سه‌ره‌ڕای نه‌بوونی به‌شداری سیاسی به شێوه‌ی پێکهاته‌یی ـ ئه‌مه بووه که به شێوه‌یه‌کی ڕێژه‌یی ده‌نگی خه‌ڵکی کوردستان به‌رده‌وام په‌یامێکی سیاسی بۆ ناوه‌ند پێبووه، به ته‌عبیرێکی تر ده‌نگی خه‌ڵکی کوردستان له‌سه‌ر بنه‌مای شعوورێکی سیاسی و خوێندنه‌وه‌یه‌کی دروست دراوه و ته‌نانه‌ت بایکۆت کردنه‌که‌شی هه‌ڵگرێ ئه‌م په‌یامه بووه. شرۆڤه‌ی ناوه‌رۆکی ئه‌م په‌یامه، ناهه‌وته‌ریب بوونی خه‌ڵکی کوردستان بووه له‌گه‌ڵ ده‌سه‌ڵات، واته کورد هه‌میشه ده‌نگی داوه به‌م به‌ربژێر یان به‌ربژێرانه که ڕه‌خنه‌گری حکوومه‌ت بوون یان لانیکه‌م لێی دوور بوون.

بۆ پێکانی ئه‌م مه‌به‌سته واته به‌شداری سیاسی به شێوه‌ی پێکهاته‌یی کۆمه‌ڵگای کورده‌واری پێویستی به سه‌رله‌نوێ خۆسازدانه‌وه‌ی ڕێکخراوه‌یی له‌ناوخۆ هه‌یه. خۆ ڕه‌نگه دیاریکردنی تاقم و لایه‌نه سیاسییه‌کانی کۆمه‌ڵگای ڕۆژهه‌ڵات به شێوه‌یه‌کی به‌رهه‌ست دژوار بێ، به‌ڵام لانیکه‌م وه‌ک جووڵه‌یه‌کی مه‌ده‌نی – به هه‌موو خۆپارێزییه‌کانیه‌وه – به‌دیده‌کرێن: له به‌ره‌ی یه‌کگرتووی کورد و ڕیفۆرمخوازه کورده‌کانڕا بگره تا جه‌ماعه‌تی ده‌عوه‌ت و ئیسلاح و مه‌کته‌بی قورئان و NGOکان و ته‌نانه‌ت هه‌ندێ ڕه‌وتی فکری به‌رچاوی سه‌ربه‌خۆ که زیاتر له پانتای هه‌ندێ له شاره‌کاندا به‌دیده‌کرێن. ئه‌مه خۆی له خۆیدا پتانسییه‌لێکی باشه که له نه‌بوونی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی له گۆڕه‌پانه‌که‌دا بۆ هۆی نایاسایی بوونیانه‌وه، خه‌ڵک خۆی تێدابیبینێته‌وه.

ده‌سه‌ڵاتی کۆماری ئیسلامی به هه‌موو توانای خۆیه‌وه له ڕێی ده‌زگا ئه‌منی و چاوه‌دێرییه‌کانییه‌وه به فیلتێرکردن و ڕه‌دی سه‌ڵاحییه‌تی به‌رفره‌وان له هه‌ڵبژاردنه‌کان تا ئه‌و جێگایه‌ی شیری بڕیویه‌تی ئیزنی نه‌داوه جیابیران خۆیان به‌ربژێری هه‌ڵبژاردنه‌کان بکه‌ن و هه‌ولی داوه وه‌ک ده‌سه‌ڵاتێکی تۆتالیتێر ئه‌م یوونیفۆرمیزاسیۆنه بپارێزێ. له پاش ئه‌م پرۆسه‌ی قڵتوبڕه ئه‌وه دێته گۆڕێ که کۆماری ئیسلامی تا چ ڕاده‌یه‌ک ئیزن ده‌دا به‌شداری سیاسی خه‌ڵک به‌رگێکی پێکهاته‌یی به خۆیه‌وه بپۆشێ؟ پرسیارێک که له ماوه‌ی ده‌سه‌ڵاتداری ئه‌م ڕێژیمه‌دا هیچ وڵامێکی بۆ نه‌دۆزراوه‌ته‌وه. بۆیه ده‌بێ چاوه‌ڕوان بین بزانین ئه‌مجاره هه‌ولی چالاکڤانانی سیاسی ومه‌ده‌نی ناوخۆ بۆ به پێکهاته‌یی کردنی به‌شداری سیاسی خه‌ڵک به پێی پتانسییه‌له جۆربه‌جۆره‌کانی مێدیایی به‌تایبه‌تی سۆشیال میدیا تا چه‌ند ده‌توانێ ئه‌م خه‌ونه بێنێته‌دی؟ هه‌رچه‌ند به پێی ئه‌زموون و ده‌رئه‌نجامی هه‌ڵبژاردنه‌کانی ڕابردوو، ئاسۆی ئه‌مجاره‌ش زۆر لێڵ و هیوابڕه.

**مادام پرۆسه‌ی هه‌ڵبژاردن له ئێران له‌سه‌ر بنه‌مای به‌شداری سیاسی به شێوه‌ی پێکهاته‌یی نه‌بێ و بۆ وێنه کۆمه‌ڵانی خه‌ڵك له کوردستان نه‌یه‌نه قالبی پێکهاته و حیزبه‌وه و ڕه‌خنه‌کانیان ئاراسته‌ی ده‌سه‌ڵاتی سیاسی و حوکمڕانی نه‌که‌ن، هیچ له دۆخه‌که ناگۆڕدرێ**



# ڕۆژه‌ڤی ئێران

## ئاسته‌نگه‌كانی به‌رده‌م كۆماری ئیسلامی



حه‌سه‌ن شێخانی

دوای ڕێککه‌وتنی ناوکی، به واتایه‌ک مه‌ترسیی هێرشی ده‌ره‌کی بۆ سه‌ر ئێران زۆر که‌متر بۆته‌وه و ده‌توانین بڵێین که له کورتماوه دا له ئارادا نه‌ماوه.

زۆرن ئه‌و شرۆڤه‌کارانه که پێیان وایه ده‌وڵه‌تی ئه‌مریکا له ئاسۆی داهاتووی دا ئه‌و بڕیاره‌ی داوه که له دیواری بێ‌متمانه‌یی نێوان خۆی و ئێران که‌م بکاته‌وه و له‌گه‌ڵ ئێران هاوکاری بکا. گرینگیی ئه‌و فاکته‌ره له‌وه‌دایه که ئه‌مریکا له سه‌رووی هێره‌می سیستمی نێونه‌ته‌وه‌یی جێ ده‌گرێ و جارانیش که مه‌ترسیی هێرشی ده‌ره‌کی بۆ سه‌ر ئێران له ئارادا بوو، له لایه‌ن ئه‌مریکاوه یان به پشتیوانی ئه‌مریکا بووه.

یه‌کێک له‌و ئیستدلالانه‌ی له‌م پێناوه‌دا ده‌خرێنه ڕوو ئه‌وه‌یه که ئه‌مریکا، چین به ڕکه‌به‌ری سه‌ره‌کیی داهاتووی خۆی ده‌زانێ و بۆ ئه‌مه‌ش قورسایی سه‌رنجی خۆی بۆ لای زه‌ریای هیند و ئارام ده‌گوازێته‌وه. ئه‌مریکا بۆ جێبه‌جێ‌بوونی ئیستراتیژی گواستنه‌وه بۆ ڕۆژهه‌ڵاتی ئاسیا، پێویستیی به هاوکاریی وڵاتێکی «سه‌قامگیر»ی وه‌ک ئێران هه‌یه. دوو هۆکاری هه‌ڵوه‌شانه‌وه‌ی سۆڤیه‌ت و خۆدابین‌کردنی ئه‌مریکا له ڕووی وزه‌وه له ساڵانی داهاتوودا، بایه‌خی ڕۆژئاوای ئاسیای بۆ ئه‌مریکا هێناوه‌ته خوارو پراکتیزه‌کردنی ئه‌و ستڕاتێژییه‌ی سه‌ره‌وه ئاسانتر ده‌کا.

له پاڵ گۆڕانی ستڕاتێژیی ئه‌مریکا و دوکترینه تازه‌کانی ده‌زگای «حاکمه«ی ئه‌و وڵاته، ئێران توانیویه‌تی پێگه‌یه‌کی کاریگه‌ر له ڕۆژهه‌ڵاتی نێوڕاست بۆخۆی ده‌سته‌به‌ر بکا و ته‌نانه‌ت وه‌ک هێزێکی گه‌وره ده‌جووڵێته‌وه.

له بیاڤی نێوخۆیی ئێران‌دا «ئارامی» هه‌یه و لانیکه‌م بزووتنه‌وه‌یه‌کی ئه‌کتیڤی مه‌یدانی که ته‌نگی به کۆماری ئیسلامی هه‌ڵچنیبێ له‌ئارادا نیه؛ بزووتنه‌وه‌یه‌کی «بالفعل» که ئه‌و ئارامییه‌ی کۆماری ئیسلامی ئیدیعای ده‌کا، بشێوێنێ و تێکی بدا. هه‌مووی ئه‌مانه‌ش وایان کردوه که نه ته‌نیا ده‌سه‌ڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، به‌ڵکوو زۆر که‌سی دیکه‌ش، ئێران به دوڕگه‌یه‌کی ئارام له ده‌ریای پڕکێشه‌ی ڕۆژهه‌ڵاتی ناوین دا بزانن.

گریمانه‌ی ئه‌و وتاره ئه‌وه‌یه که سه‌قامگیری و ئارامیی ئێرانی بنده‌ستی کۆماری ئیسلامی، پته‌و و پایه‌دار نیه و کۆمه‌ڵێک ئاسته‌نگی گه‌وره‌ی له به‌رده‌م دایه و به‌م پێیه‌ش نابێ ئه‌گه‌ری گۆڕان به‌دوور بزانین.

١- ڕه‌زایه‌تی خه‌ڵک مه‌رجی سه‌ره‌کیی به‌هێزبوونی حکوومه‌ته‌کانه. به‌شێکی گه‌وره‌ی خه‌ڵکی ئێران له سیستمی زاڵ ناڕازین و ئه‌وه که ئه‌و سیستمه تا ئێستا ده‌وامی هێناوه بۆ کۆمه‌ڵێک فاکته‌ری دیکه ده‌گه‌ڕێته‌وه که جێگه‌ی باسیان ئێره نیه. له ئێران‌دا که‌لێنێکی گه‌وره له نێوان خه‌ڵک و حکوومه‌ت دا هه‌یه؛ به‌م هۆیه‌وه سیستمی زاڵ خاوه‌نی «اقتدار»ێکی ڕاسته‌قینه نیه. کۆمه‌ڵگه‌ی ئێران، کۆمه‌ڵگه‌یه‌کی قه‌یراناوی و ناڕازییه که هه‌ڵگری ئه‌گه‌ری ڕووداوی چاوه‌ڕوان‌نه‌کراوه. زه‌بروزه‌نگ و ترس ناتوانێ سه‌قامگیرییه‌کی پایه‌دار بۆ حکوومه‌ته‌کان به‌دیاری بێنێ. ئه‌و حکوومه‌تانه‌ی له ڕێگه‌ی ترساندنه‌وه خۆیان به سه‌ر خه‌ڵک دا فه‌رز ده‌که‌ن، له‌ڕاستی‌دا بنه‌مایه‌کی له‌رزۆکیان هه‌یه و له ساته هه‌ستیاره‌کان‌دا ئه‌گه‌ری ئه‌وه هه‌یه که تووشی ئاسته‌نگی گه‌وره بن.

٢- ئێران له‌گه‌ڵ قه‌یرانێکی گه‌وره‌ی ئابووری به‌ره‌وڕوویه. نامه‌ی چوار وه‌زیره‌که‌ی رووحانی که وریایی ده‌ده‌ن ئه‌گه‌ر داته‌پینی ئابووری چاره‌سه‌ر نه‌کرێ، ئه‌گه‌ری گۆڕانی بۆ کێشه‌یه‌کی ئه‌منییه‌تی هه‌یه، ده‌رخه‌ری قووڵایی ئه‌و قه‌یرانه‌یه. روحانی به‌ڵێنی ئه‌وه‌ی ده‌دا که له ماوه‌ی چه‌ند مانگ دا سه‌روسامان به دۆخی ئابووریی ئێران ده‌دا. ئێستا که زیاتر له دوو ساڵ له هاتنه‌سه‌رکاری تێپه‌ڕیوه، نه ته‌نیا ئه‌و داته‌پینه چاره‌سه‌ر نه‌بووه، به‌ڵکوو قووڵتریش بۆته‌وه. به‌شێکی گه‌وره‌ی ئابووری‌زانان ده‌ڵێن هاتنه‌ده‌ری ئابووریی ئێران له وه‌ستان له ساڵی ٩٣دا، هاتنه‌ده‌رێکی ڕاسته‌قینه نه‌بوو؛ چونکه به‌شی ڕاسته‌قینه‌ی ئابووریی ئێران(به‌شی به‌رهه‌مهێنان) هه‌ر له ڕاوه‌ستاوی‌دا بوو.

له‌م دواییانه دا ده‌وڵه‌ت پاکێجێکی بۆ ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه له‌گه‌ڵ قه‌یرانی «تقاضا» بۆ ٥ مانگی داهاتوو پێشکه‌ش کردوه که له‌گه‌ڵ ڕه‌خنه‌ی ئابووری‌زانان به‌ره‌وڕوو بۆته‌وه. ئه‌وان ده‌ڵێن ئه‌و پاکێجه ته‌نیا هێورکه‌ره‌وه‌یه‌کی کاتیه. ده‌وڵه‌ت به‌رنامه‌یه‌کی تۆکمه‌ی بۆ چاره‌سه‌ری قه‌یرانی ئابووری نیه و هه‌ر له جێ‌دا له نێوان تیمی ئابووریی ده‌وڵه‌ت دا هه‌ماهه‌نگییه‌کی باش به‌دی ناکرێ.

ئێران پۆتانسیه‌لێکی باشی ئابووریی هه‌یه. خه‌ڵکی خوێنده‌وار، هێزی کاری هه‌رزان، سه‌رچاوه‌ی ده‌وڵه‌مه‌ندی وزه و ...له‌و فاکته‌رانه‌ن که ده‌توانن یارمه‌تیده‌ری ئێران بن بۆ ده‌رهاتن له‌و قه‌یرانه ئابوورییه. به‌ڵام که‌ڵکوه‌رگرتن له‌و پۆتانسیه‌لانه پێویستیی به ناسینی دروستی نه‌خۆشییه‌کانی ئابووریی ئێران، به‌رنامه‌یه‌کی تۆکمه و چاکسازی پێکهاته‌یی هه‌یه و هیچکام له‌وانه‌ش به‌بێ ئیراده‌یه‌کی میللی و تیمێکی کارامه‌ی ئابووری جێبه‌جێ نابن.

٣- قه‌یرانی که‌م‌ئاوی یه‌کێک له قه‌یرانه مه‌ترسیداره‌کانی ئێرانه که هه‌تا ئێستا حکوومه‌ت بایه‌خێکی شیاوی پێ نه‌داوه. هاورده‌کردنی ئاو، گۆڕینه‌وه‌ی ئاو به وزه‌ی کاره‌با، کۆچی سه‌دان گوند له‌به‌ر بێ‌ئاوی، تۆفانی خوێ و ئه‌گه‌ری شه‌ڕی نێوخۆیی نێوان ناوچه جۆراوجۆره‌کان له سه‌ر پرسی ئاو، له‌و سه‌ردێڕانه‌ن که مه‌ترسیداربوونی قه‌یرانی ئاو له ئێران‌دا ده‌رده‌خه‌ن.

به هۆی خراپیی به‌ڕێوه‌بردن و لێ‌نه‌زانیی کاربه‌ده‌ستان، ئێران تووشی قه‌یرانێکی مه‌ترسیدار بووه که ئه‌گه‌ر بێت‌و به ئیراده‌یه‌کی سیاسی و میللی مودیرییه‌ت نه‌کرێ، مه‌ترسییه‌که‌ی بۆ سه‌ر ئێران له قه‌یرانی ئابوورییش زیاتره.

قسه‌ی ئه‌م وتاره ئه‌وه‌یه که هه‌رچه‌ند مه‌ترسیی هێرشی ده‌ره‌کی لانیکه‌م له قۆناغی هه‌نووکه‌یی دا له سه‌ر ئێران نه‌ماوه، به‌ڵام کۆمه‌ڵێک کێشه‌ی گه‌وره هه‌ن که ده‌توانن ئێران له‌گه‌ڵ مه‌ترسیی هه‌ڵوه‌شانه‌وه‌ی نێوخۆیی به‌ره‌وڕوو بکه‌ن.

# جیهان لە بەرەبەری شەڕێکی ساردی نوێ و مەترسیدارتردا!



موختار نەقشبەندی
وەرگێڕان بۆ کوردی:
مەسعود ڕەواندوست

نزیک بوونەوەی فڕۆکە شەڕکەرەکانی رووسیە لە پاپۆڕی فڕۆکەهەڵگری ئەمریکی لە نزیک نیمچە دوڕگەی کۆریا و هەروەها تێپەڕبوونی پاپۆڕی شەڕکەری ئەمریکی بە نزیک دوڕگە دەستکردەکانی چیندا لە دەریای باشووری ئەم وڵاتە و بە دوای ئەودا هۆشداریی چین بە ئەمریکا لە چەند رۆژی رابردوودا چەند رووداوێک بوون کە ئەگەر یەکێک لە لایەنەکان دانی بەخۆدا نەگرتبا لەوانەبوو شەڕ و تێکهەڵچوونی نێوان هێزەکانی دوو لایەنی لێ بکەوێتەوە. پەرەسەندنی ڕووداوی وەک نزیک بوونەوەی فڕۆکە و پاپۆڕ و ژێردەریاییەکانی هێزە گەورەکان لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی لایەنی بەرامبەر لە یەک دوو ساڵی رابردوودا بە هەڵکەوت نەبووە و بە دڵنیاییەوە پێوەندییەکی بە مەسەلەی ئۆکراین، سووریە و کێشمەکێشەکانی دەریای باشووری چینەوە هەیە، ئەگەرچی رادەی گرژییەکانی نێوان هێزە گەورەکان لەم وڵاتانەدا بەرەبەرە مەودای نێوان وڵاتانی پێشکەوتوو و بەهێزی جیهان لەگەڵ وڵاتانی جیهانی سێهەم کەم دەکاتەوە و کەم بوونەوەی مەدوای ئابووری و تێکنۆلۆژیک و بە دوای ئەودا کەم بوونەوەی مەودای هێزی نیزامی دەبێتە هۆی تێکچوونی هاوکێشەی هێز لە جیهان‌داو، هەتا ئەم مەودایە کەمتر بێتەوە هاوکێشەکە زیاتر تێک دەچێ و لە ئاکام‌دا لایەنەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان یان وەدەستهێنانی پشکی زیاتر لە هێز و دەسەڵاتی جیهانی لەگەڵ یەکتر تووشی گرژی و ئاڵۆزی دەبن کە لە دوو دەیەی رابردوودا دوای هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤییەت و گۆڕانی هەلومەرجی سیاسیی جیهان و کۆتایی هاتنی شەڕی سارد لە نێوان بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاوادا گرژییەکان بە شێوە و هۆکاری تازەوە بەرچاو دەکەون.

ئەم ئاڵوگۆڕانە ئەگەرچی بە بەراورد لەگەڵ قەبارەی ئابووریی وڵاتەکان کەمن، بەڵام بەرەبەرە بە تێپەڕینی کات ئاڵوگۆڕەکان ئەوەندە گەورە دەبن کە دەکرێ بڵێین جێگە و پێگەی ئێستای زۆربەی وڵاتانی بەهێز لەگەڵ وڵاتانی جیهانی سێهەم دەگۆڕێ، بۆ وێنە لە ساڵی ٢٠١٤دا بەرهەمی پوختەنەکراوی نێوخۆیی هیندوستان نزیک بە ٢٠٠٠ میلیارد دۆلار و وڵاتی بریتانیا نزیک بە ٢٩٠٠ میلیارد دۆلار بووە کە دامەزراوەی لێکۆڵینەوەی گۆڵدمەن زیاتر دەبێ و بە دڵنیاییەوە چین هێزی ئابووری و نیزامیی خۆی بۆ زیادکردنی پێگەی سیاسی و کاریگەری لەسەر هەموو جیهان بەکاردێنێ و ئەم مەسەلەیە بۆتە هۆی ترس و نیگەرانیی هێزە گەورەکان.

پێویستە بگوترێ کە هێزی نیزامی و ئابووریی پێوەندیی راستەوخۆیان دەگەڵ یەکتر هەیەو هەر وڵاتێک ئابوورییەکی بەهێزتری هەبێ، دەتوانێ سەرمایەی زیاتر بۆ لێکۆڵینەوە و بەرهەمهێنانی چەکوچۆڵ بکا (دیارە دەبێ لەسەرتربوونی تێکنۆلۆژیش وەبەرچاو بگیرێ). وڵاتی چین لە چەند دەیەی رابردوودا وێڕای گەشەی ئابووری، بودجەی نیزامیی خۆشی زیاد کردوە و ئێستا دوای ئەمریکا بە ٥٢٧ میلیارد دۆلارەوە (سەرچاوە: دامەزراوەی گلۆبال فایر پاوەر، ساڵی ٢٠١٤) بە بودجەی نیزامیی ١٤٥ میلیارد دۆلار لە پلەی دووهەم و وڵاتی رووسیە بە بودجەی ٦٠ میلیارد دۆلار لە پلەی سێهەم‌دایە. دیارە ئەگەرچی رووسیە بودجەی نیزامیی زۆر لە چین کەمترە، بەڵام بەهۆی تێکنۆلۆژیی نیزامیی لەسەرتر بە بەراورد لەگەڵ چین زۆر بەهێزترە، بەڵام بێگومان هەروەک لە ساڵانی رابردوودا مەودای تێکنۆلۆژیکی نێوان چین لەگەڵ ئەمریکا و رووسیە کەمتر بۆتەوە، لە ساڵانی داهاتووش‌دا بە هۆی تەرخانکردنی سەرمایەی زیاتر لە بەشی لێکۆڵینەوە و تێکنۆلۆژی‌دا ئەم مەودایە کەمتر



**نموونەی بەرچاوی ناکۆکییە نەتەوەیی‌و قەومی و مەزهەبییەکان، وڵاتی سووریەیە کە بۆتە شوێنێك بۆ خۆتاقیکردنەوە و شەڕی هێزە جیهانی و ناوچەییەکان‌و، بێگومان ئەگەر هەر لە سەرەتاوە سنوورەکانی ئەم وڵاتە لەسەر بنەمایەکی دیکە داڕێژرابا یان لە چەند دەیەی رابردوودا دێموکراسی لەم وڵاتەدا سەقامگیر ببا، ئێستا دەوڵەت و خەڵکی سووریە باجی ناکۆکییەکانی هێزە گەورەکانیان نەدەدا**

ساڵانەی دوایی‌دا زۆر کەمتر بووە لە سەردەمی شەڕی سارد، بەڵام بە وەبەرچاوگرتنی گرفت و ناکۆکییەکانی هێزە گەورەکان و سەرهەڵدانی هێزی نوێ لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهان‌دا دەکرێ ئەم رووداوانە بە دەسپێکی شەڕێکی ساردی نوێ و مەترسیدارتر لە شەڕی ساردی پێشوو بزانین. ئەگەرچی ئێستا ناکۆکییە ئیدئۆلۆژیکە توندەکانی وەک دژایەتیی لیبرالیزم و کۆمۆنیزم لە شەڕی ساردی پێشوودا نیە، بەڵام ئاڵوگۆڕی لەسەرەخۆی هاوسەنگیی هێز لە جیهان‌دا و ناکۆکییە ئەرزی، نەتەوەیی، قەومی و مەزهەبییەکان دوو هۆکاری سەرەکیی پەرەسەندنی گرژییەکان لە جیهاندان کە ڕەنگە بەرەبەرە جیهان بەرەو شەڕێکی ساردی نوێ ببەن کە لە درێژەدا بە کورتی باسێکیان لێ دەکەین:

١ـ گۆڕانی هاوکێشەی هێزی وڵاتەکان:

گەشەی خێراتری ئابووریی چین و وڵاتانی جیهانی سێهەم وەک هیند، پاکستان، برازیل، تورکیە، عەرەبستان و ... بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوایی و هەروەها لەباربوونی هەلومەرجی گەشە و پەرەسەندنی ئابووری ساکس پێشبینیی ئەوەی کردوە هەتا ساڵی ٢٠٥٠ بەرهەمی پوختەنەکراوی هیند بگاتە نزیک ٢٤٩٠٠ میلیارد دۆلار و وڵاتی بریتانیا بگاتە نزیک ٥٦٩٠ میلیارد دۆلار. ئەم ئاڵوگۆڕە بە رادەیەک گەورەیە کە هەتا ساڵی ٢٠٥٠ ئابووریی هیند لە کۆی ئابووریی وڵاتانی بریتانیا، فەرانسە و رووسیە گەورەتر دەبێ و ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە داخوا وڵاتی هیندوستان قەبووڵ دەکا بریتانیا و فەرانسە و رووسیە وەک ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش بمێننەوە و بەشێکی زیاتریان لە هێز و دەسەڵاتی سیاسیی جیهان پێ ببڕێ؟! نموونەیەکی دیکە وڵاتی چینە کە ساڵی ٢٠١٤ بە بەرهەمی پەختەنەکراوی نێوخۆیی نزیک بە ١٠٣٠٠ میلیارد دۆلار دوای ئەمریکا بە ١٧٤٠٠ میلیارد دۆلارەوە، گەورەترین ئابووریی جیهان بوو، بەڵام بە پێی پێشبینییەکانی دامەزراوەی گۆڵدمەن ساکس لە ساڵی ٢٠٥٠دا بەرهەمی پوختەنەکراوی نێوخۆیی ئەم وڵاتە دەگاتە ٥٢٦٢٠ میلیارد دۆلار کە لە کۆی بەرهەمی پوختەنەکراوی وڵاتانی ئەمریکا (٣٤٥٠٠ میلیارد دۆلار) و رووسیە (٨١٠٠ میلیارد دۆلار) و ژاپۆن (٧٣٧٠ میلیارد دۆلار) دەبێتەوە و چین بەرەبەرە جێگەی رووسیە دەگرێتەوە، بەڵام زۆربەی کارناسانی نیزامی ئەوە بە دوور دەزانن کە چین هەتا ساڵی ٢٠٥٠ لەباری نیزامییەوە وەپێش ئەمریکا بکەوێتەوە، بەڵام هەروەک گوترا ئەم ئاڵوگۆڕانە لە پێگەی ئابووری و نیزامی‌دا دەبێتە هۆی گۆڕان لە هەڵسوکەوت و سیاسەتی وڵاتەکاندا.

٢ـ ناکۆکییە عەرزی، نەتەوەیی، قەومی و مەزهەبییەکان: ئەگەرچی بوونی ناکۆکیی عەرزی بە تەنیایی هۆکاری شەڕ و کێشمەکێشەکان نەبووە، بەڵام هەمیشە وەک یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی شەڕ و هێندێک جار بیانووی سەرەکیی شەڕەکان بووە. دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، شەڕەکانی پاکستان و هیند، ئارژانتین و ئینگلستان، ئەرمەنستان و ئازەربایجان و ... زیاتر بە هۆی ناکۆکییە عەرزییەکان بووە و لە زۆربەی نموونەکان‌دا ئەگەر ناکۆکیی عەرزی نەبا هیچ شەڕێک رووی نەدەدا.

درێژە ل١٠

له رۆژهەڵاتەوە...

# کاندیدا لە نێوان خواستی حکوومەت‌و خواستی هاونیشتمانان!



خالید محەممەدزادە

ئەگەرچی چەند مانگێکی بۆ هەڵبژاردنە پارلمانییەکەی ئێران ماوە ، بەڵام لە ئێستاوە باس‌و خواسی هەڵبژاردن لە نێوان هاونیشتمانانی کورد و کاندیداتۆرەکان لە فەزای واقیعی‌و مەجازی‌دا گەرم بووەو دەگەڵ ئەمەش پرس‌وڕای کاندیدەکان بۆ ناونووسین‌و لە لایەکی‌تر بۆ متمانەوەرگرتن لە هاونیشتمانان دەستی پێکردوە.

ئێستا کاندیدا لە دۆخێکدایە کە دەبێ لە دوو بەرە (بەرەی هاونیشتمانان‌و بەرەی حکوومەت)دا هەوڵی متمانەبەدەستهێنان بدا، ئەمەش وای کردوە کە نەتوانێ لە هەر دوو بوارەکەدا جێی متمانە بێ، بە تایبەت ئەگەر جێگەی قبووڵی سیستمی سیاسی لە تونێلی شۆڕای نیگابانەوە نەبی‌و ئەمەش وا دەکات بە ڕێژەیەکی زۆر متمانەی هاونیشتمانان لە دەست بدا.

لە گەڵ ئەوەش‌دا پاڵێوراوانی حکوومەتی لە نێو کۆمەڵگا بە چاوی گومانەوە سەیر دەکرێن‌و بێگومان پاڵێوراوانی هاونیشتمانانیش ئیمکانی ڕەتکرانەوەیان زیاترە تا قبووڵبوون، ئەم پرۆسەیەش کاری لە سەر دابەزینی ئاستی چاوەڕوانی‌و خواستی هاونیشتمانان‌و کاندیدا کردوە، بە جۆریک کە خواستی کاندیدەکان، ئەوەندەی هەوڵە بۆ دەرچوون لە تونێلی شۆڕای نیگابان، ئەوەندە لاکردنەوە لە کێشەو خواستە ئەساسییەکانی هاونیشتمانان نیە.

ئەم پرۆسەیەش نائۆمیدییەکی گەورەی لە نێو هاونیشتمانان پێک هێناوە، چونکە دەگاتە ئەو باوەڕە کەئەوەی لە دواجاردا دەیباتەوە نوێنەری حکوومەتە نەک نوێنەری واقیعیی هاونیشتمانان و ئەمەش وای کردوە زۆر لە کەسایەتییە خەڵکی‌و خوشناوەکان بەشداریی ئەم پرۆسەیە نەکەن‌و خۆیان لە کاندیدابوون نەدەن.

لەم نێوەدا کۆمەڵێک کەس خۆیان دەکەن بە نوێنەری کۆمەڵگا، کە پیش ئەوەی نەوەی نوێی کۆمەڵگاو تریبوونی واقیعیی خواستەکانی بن، نەوەی نوێی سیستمی حکوومەتین‌و هەموو هەوڵیان ئەوەیە کە لە هێڵەکی شۆرای نیگابان بمێننەوەو نەکەونە خوارەوە.

ئەم فۆڕمە لە کاندیدابوون کە بەربەستە لە هاتنەمەیدانی کاندیدای جیددی‌و خەڵکپەسند، بە جۆریک ئاستی خواست‌و چاوەڕوانیی هاونیشتمانانی دابەزاندوە. ئەم فۆڕمە، لە هەڵبژاردن وەک دەرفەتێک سوود وەردەگرێ بۆ گەیشتن بە خواستە شەخسییەکان کە دواجار کۆسپن لە بەردەم کانالیزەکردنی خواستی گشتی لە ڕێگەی نوێنەرانی ڕاستەقینەوە.

ئەمەش وای کردوە کە ئاستی باس‌وخواسەکانی هەڵبژاردن‌و کرۆکیی خواست‌و داوای هاونیشتمانان ، بێتە سەر ئاستی خزمەتگوزاریی شار و گەڕەکو، تەنیا ڕامانێک بەسە بۆ ئەوەی تێبگەی ئەو باسانەی لە نێوان پاڵێوراوان‌و بەشێک لە هاونیشتماناندا دەکرێتەوە هیچ پەیوەندیی بە حەوزەی گشتییەوە نیەو، کۆی باسەکان دابەزیوەتەوە سەر کۆمەڵێک خواستی خزمەتگوزاریی تاکەکەسی‌و مەحفەلی کە شوێنێک بۆ خواستی حەوزەی گشتی ناهێڵێتەوە.

لە ڕاستی‌دا لەم جۆرە سیستمەدا گرنگ ئەوە نیە ببی بە ئەندامی پارلمان، بەڵکوو گرنگ ئەوەیە متمانەی هاونیشتمانان لە دەست نەدەی. ئەوانەی دەبن بە ئەندامی پارلمان زۆری پێ ناچێ دەکەونە بەر ڕەخنەی هاونیشتمانان ، چونکە ئەم فۆڕمە لە سیستمی سیاسی ئەوەندەی هەوڵی دەستچنی نوێنەرانی خۆی دەدات بە قەد ئەوەش بو دورخستنەوەی نوێنەرانی هاونیشتمانان هەوڵ دەدا.


لە فەزایەکی وادا فشاری سیستم بە ڕووی هاونیشتمانان جیگەی فشاری هاونیشتمانان بەرەوڕووی سیستم دەگرێتەوەو، نوێنەری هاونیشتمانان‌بوون جێگەی خۆی دەدا بە نوێنەری سیستم‌بوون.

لێرەدا گرنکە ئەوانەی خۆیان کاندیدا دەکەن، تێکهەڵ بە خواستی گشتی بن، لەم فەزایەدا زۆرجار نوێنەرنەبوون باشترە لە نوێنەر بوون، مەرج نیە ئەوانەی نوێنەر هەڵدەبژێرن، بتوانن دەنگی خویان بە سیستم بگەیەنن، بەڵکوو زۆرجار بە هەڵنەبژاردنی نوێنەر ئەو دەنگەی خۆیان بە گوێی دەسەلاتی سیاسی‌دا دەدەن.

لەم نێوەدا بژاردەو چالاکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەوری باڵا دەگێڕن. ئەوان لە بەردەم دوو ئەرکی گرینگدان، لە لایەک هاونیشتمانان بە ماف‌و داخوازییەکانیان ئاشنا بکەن‌و، لە لایەکی ترەوە کاندیداکان بێننە سەر ئەو قەناعەتە کە ئەوان نە نوێنەری سیستم، بەڵکوو نوێنەری هاونیشتمانانن. ئەوان لێرە دەتوانن هەڵگری‌هۆشیاریی‌گشتی‌بن بۆئەوەی هاونیشتمان بە میکانیزمی‌پاراستنی مافەکانی ئاشنابێ.

# لە نێوان کوردبوون و تورک بووندا

## (لەپەراوێزی دووبارەبوونەوەی هەڵبژاردنی پارڵمانی تورکیە)



**ڕێبوار مەعروفزادە**

دوێنێ ١ی نوامبەری ساڵی ٢٠١٥، هەڵبژاردنی پارڵمانیی سێ مانگی پێشووی تورکیە دووبارە کرایەوە. حیزبی داد و گەشەپێدان (AKP) کە لە ساڵی ٢٠٠٢وە حیزبی دەسەڵاتداری تورکیەیە بە هۆی سەرکەوتن لەو هەڵبژاردنەدا دەتوانێ بۆ ٥ ساڵی دیکە حیزبی دەسەڵاتدار بێ. حیزبی دێموکراتیکی گەلان (HDP) کە حیزبێکی نزیک لە کوردەکانە، بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنی پێشوو، نزیکەی ٢٠ کورسیی پارلمانی لەدەست دا و لە ٨٠ کورسییەوە بۆ ٥٩ کورسی دابەزی. لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین باس لە کاریگەریی ئەو هەڵبژاردنە لە داهاتووی پرسی کورد لە تورکیە و هەروەها کاریگەری لەسەر پێگەی تورکیە بکەین.


پرسی کورد و هەڵبژاردنی پارڵمانی

دوای دابەزینی کورسییەکانی هەدەپە، ڕەنگە لە دوو ڕوانگەوە لێکدانەوە بۆ داهاتووی ئەو حیزبە بکرێ. ڕوانگەیەک خەستتربوونی شوناسی کوردیی هەدەپە بە ڕێگای چارەسەر دەزانێ. واتە کەسانێک باس لەوە دەکەن کە باشترە هەدەپە زیاتر جەخت لەسەر کوردستانی و کوردبوونی خۆی لە تورکیە بکاتەوە و زیاتر وەک حیزبێکی لۆکاڵی ڕۆل بگیڕێ،نە وەک حیزبێکی کورد ـ تورک و سەراسەری. ئەو ڕوانگەیە ڕاست بوو ئەگەر دەنگی هەدەپە لە پارێزگا کوردنشینەکانی وەک دیاربەکر، وان، مێردین، ئاگری و ... کەمی نەکردبا. بە پێی ماڵپەڕی حورییەت، هەدەپە لە هەڵبژاردنی پێشوودا لە دیاربەکر زیاتر لە ٧٩%ی دەنگەکان بەڵام ئەمجارە دەوری ٧٣%ی دەنگەکان؛ لە وان جاری پێشوو زیاتر لە ٧٨%ی دەنگەکان بەڵام ئەمجارە دەوری ٦٦%ی دەنگەکان و لە مێردین جاری پێشوو زیاتر لە ٧٤%ی دەنگەکان و ئەمجارە تەنیا ٦٨%ی دەنگەکانی هێناوەتەوە.

ڕوانگەی دووهەم ئەوەیە کە پێویستە هەدەپە بە شێوەیەکی بنەڕەتیتر ببێ بە حیزبێکی سەراسەری. دەنگەکانی هەدەپە لە زۆر لە پارێزگاکانیش کە زۆرینەی تورکیان هەیە دابەزیوە. بۆ نموونە دەنگەکانی هەدەپە لە ئیستانبۆل بە بەراورد بە هەڵبژاردنی پێشوو نزیک لە ١.٥ % کەمی کردوە. هەروەها دەنگەکانی هەدەپە لە ئانکارا نزیک 1% کەمی کردوە.

کەوایە دەنگەکانی هەدەپە لە سێ مانگی ڕابردوودا بە هۆی هەلومەرجی ئەمنییەتی لە زۆرینەی پارێزگاکانی تورکیە دابەزیون. ئەوەش واتای ئەوەیە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە لایەنگرانی هەدەپە ئامادەن لە هەلومەرجی جیاوازدا لایەنگری و دەنگیان بگۆڕن. بەشێکی ئەو بارودۆخە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەدەپە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی نیە هەتا پێوەندی و بەستراوەییەکی ڕیشەیی‌تر لە نێوان خۆی و لایەنگرانیدا دروست بکا. بەشێکی دیکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەدەپە لە کەمپەینی هەڵبژاردنەکان و میدیاکاندا زیاتر بە دژایەتی دەگەڵ حیزبی دەسەڵاتدار بۆ خەڵک ناسراوە. هەدەپە دەتوانێ لە چەند ساڵی داهاتوودا بە پرۆژەی جۆراوجۆر و بە کەڵکوەرگرتن لە پێگەی یاسایی و سیاسیی خۆی لایەنگر پەیدا بکا.

بردنەوەی جاری پێشووی هەدەپە بۆ زۆربەی خەڵک چاوەڕواننەکراو بوو، هەڵبەت دابەزینی ئەمجارەی دەنگەکانیشی هەر چاوەڕوانکراو نەبوو. هەدەپە




پێویستە حیزبێک بێ کە بە چالاکیی زیاتر ئاسۆی سیاسیی خۆی سەقامگیرتر بکا و زیاتر لەوەی کاردانەوەی سیاسەتی حیزبەکانی دیکە بێ، خۆی بەرهەمهێنەری جیهانبینی، هەڵسوکەوت و ڕێگەچارەی سیاسیی نوێ لە تورکیە بێ. بوێربوونی دەمیرتاش و هەدەپە بۆ زۆر لە خەڵکی تورکیە دڵخۆشکەرە، بەڵام زیاتر لە کەسێکی بوێر، خەڵکی تورکیە پێویستییان بە کەسانێکە کە بەڵێنی قازانجی ماددی و داهاتووی باشتر بدەن.

حیزبی دەسەڵاتدار و تورکیە

نە خەڵک و نە خودی ئەندامانی ئاکەپەش، دۆڕاندنی جاری پێشووی ئەو حیزبە لە یاد ناکەن. حیزبی دەسەڵاتدار هەوڵ دەدا گەرانتیی ئەوە بکا کە ئەو حیزبە بۆ جارێکی دیکە و ٥ ساڵی داهاتوو زۆرینەی پارڵمان لەدەست نەدا. لە لایەکی دیکە ئۆپۆزیسیۆنیش چالاکتر دەبێ بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئاکەپە شکست بدا. دەگەڵ ئەوەی وا وێدەچێ کە کۆمەڵگەی تورکیە و سیاسەتی تورکیە بەرەو پلووڕالیزەبوونی زیاتر بچێ، بەڵام سیاسەت لەو وڵاتە جگە لە بابەتی هەڵبژاردنی ئەو حیزبە یان ئەو کەسە، بۆتە دژایەتی و ڕق لە فلانە حیزب و فلانە کەس. لە بریتانیا ئەگەر کەسانێک دەنگیان بە دێڤید کامێرۆن نەدابێ نەفرەتیان لە کامێرۆن نیە و تەنیا ئەویان بۆ ئەو پۆستە پێ باش نەبووە. بەڵام لە تورکیە ئەگەر کەسێک دەنگی بە ئاکەپە نەدابێ بە ئەگەری زۆر ئەو کەسە نەفرەتی لە ئەردۆغان و داوودئۆغڵوو هەیە. هەروەک تورکیە بەسەر بەشی ئاسیا و بەشی ئوروپا، بەرەی ئیسلامییەکان و بەرەی سیکۆلارەکاندا دابەش بووە ، کۆمەڵی تورکیەش پلووڕالیزە دەبێ و حیزبایەتی دەبێ بە بەشێک لە شوناسی هاونیشتمانێکی تورکیە.

هۆکاری پلووڕالیزەبوونی کۆمەڵگە و سیاسەتی تورکیە زۆرن، بەڵام یەک لەوان ئەوەیە ئاکەپە ئاڵتێرناتیوی سیاسی نیە و حیزبەکانی دیکە زیاتر لەوە ئاڵتێرناتیو بن (بە واتای هەبوونی بەرنامەی جیاواز)، دژبەری ئاکەپەن. بۆ نموونە سیاسەتی دوو حیزبی گەورەی دیکە، مەهەپە و جەهەپە، بەنیسبەت پرسی کورد چی بووە؟ ئەو دوو حیزبە بە شێوەی گشتی جگە لە دژایەتیی سیاسەتی ئاکەپە بە نیسبەت کورد، خۆیان هیچ ئاڵتێرناتیو و ڕێگەچارەیەکیان بۆ مەسەلەی کورد نەبووە.

ئەکەپەش ئەگەرچی ١٤ کورسیی کەمە بۆ ئەوەی بتوانێ بە تەنیایی ڕێفراندۆم بەڕێوە بەرێ و سیستمی سیاسیی تورکیە لە پارڵمانیڕا بۆ سەرکۆماری بگۆڕێ، بەڵام نەبوونی دەسەڵاتی یاسایی پێویست، نابێتە هۆی ئەوە کە ئەو حیزبە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری بۆ خزمەت بە ئایدیاکانی خۆی تەرخان نەکا.

ئاکام گیری

هەدەپە پێویستە بە کەڵکوەرگرتن لە دەرەتانی یاسایی و پێگەی پارڵمانیی خۆی زیاتر لە نێو کۆمەڵگەی تورکیە جێی خۆی بکاتەوە و ببێ بە وەزنەیەکی سیاسی لە کۆمەڵگەی تورکیەدا. ئاکەپە بە بێ دەستبەرداربوون لە ئەردۆغان زۆر دژوارە بە سیاسەتی نێوخۆیی خۆیدا بچێتەوەو، کۆمەڵگەی تورکیە زیاتر چەند جەمسەری دەکا. ئاکەپە چەند ساڵە ئیتر بە مۆدێلی سەرکەوتووی حیزبێکی ئیسلامی لە ناوچە لەقەڵەم نادرێ و هەر بۆیە لەمەودواش بۆ گارانتی‌کردنی دەسەڵاتداریی خۆی زیاتر پشت بە ئیمکاناتی ئابووری و سیاسی دەبەستێ.

سەرچاوە:

http://www.hurriyetdailynews.com/reelection/results

# ناوێکی گەورەو شارێکی وێران



**عەلی بداغی**

لە کاتێکدا ئێران بەهۆی بەشداریی تۆخی لە هاوکێشە ناوچەییەکان لە وڵاتی یەمەن ڕا بگرە تا سووریە لە هەوڵ دایە پێگە و قورسایی خۆی لە ناوچەکەدا بەهێز بکا، بەڵام لە نێوخۆی وڵاتدا بەرەوڕووی زۆر قەیران و خەساری کۆمەڵایەتی بۆتەوە کە وەک بۆمبی قورمیشکراو لە ئان و ساتی تەقینەوە دان.

پەرەسەندنی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران نەک هەر پەرەی بە نیگەرانیی کارناسانی کۆمەڵایەتی داوە، بەڵکوو ئیدی کاربەدەستانی دەوڵەت و حکومەتیش توانای شاردنەوەی ئەو واقعانەیان نییە و ئێستا بە ئاشکرا باس لە نیگەرانییەکانی خۆیان دەکەن.

حەسەن موسەوی چەلەک، بەڕێوەبەری گشتیی نوسینگەی کار و بەرنامەکانی ڕێکخراوی بێهزیستی دەڵێ کۆمەڵگای ئێران لە ڕووی لە کەمیدانی تەمەنی توشبوون بە ماددەی هۆشبەر، هەڵکشانی تەڵاق، دابەزینی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش، پەرەسەندنی ئیدز، زۆربوونی منداڵانی کارو .... لە بارودۆخێکی زۆر خراپو جێی نیگەرانی دایە.

کارناسانی کۆمەڵایەتیش دەڵێن زۆربوونی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریی خراپی لەسەر ئەمنیەت و سلامەتیی کۆمەڵاتی خەڵکی ئێران داناوە. ئەوان پێیان وایە خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگای ئێران‌دا هەر دێ و زیاتر دەبن‌و دەوڵەتو لایەنە بەرپرسیارەکانیش تا ئێستا بە گرتنەبەری سیاسەتی حاشا و ئینکار، هەوڵیان نەداوە لە خەمی چارەسەری ئەو دۆخەدا بن.

هەژاری، بێکاری، ئێعتیاد بە ماددەی هۆشبەر، زۆربوونی دزی، پەرەسەندنی تەڵاق، هەڵکشانی ئاماری لەشفرۆشی، ڕوو لە زیادبوونی منداڵانی سەرشەقام و ... لە کۆمەڵگای ئێران بە بەشێکی گرینگ لە خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران دادەنرێن، بەڵام لایەنە ڕەسمی‌و پێوەندیدارەکان لە بڵاوکردنەوەی ئاماری ڕەسمی لەسەر هەموو خەسارە کۆمەڵایەتییەکان خۆ دەبوێرن.

حەسەن موسەوی چەلەک، بەڕێوەبەری گشتیی نوسینگەی کارو بەرنامەکانی ڕێکخراوی بێهزیستی دەڵێ خەمساردیی دەوڵەت گەیوەتە جێیەک کە لە بەرنامەی پێنجەمی گەشەی وڵات‌دا تەنانەت بە دێڕیک چووکترین ئاماژەش بە خەسارە کۆمەڵایەتییەکان نەکراوە.

ڕاستە بوونی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە هەر کۆمەڵگایەکی ئینسانی‌دا سروشتی‌یە، بەڵام سروشتی نابێ ئەگەر ئەو خەسارە کۆمەڵایەتییانە ئەمنیەتی ئەو کۆمەڵگایە بخەنە مەترسییەوە، شیرازەی خێزانەکان لەبەر یەک هەڵوەشێنن، بەشی هەرە زۆری توانا و وزەی ئەو وڵات و کۆمەڵگایە بە خۆیانەوە خەریک بکەن و ببنە داڵغەی سەرەکی بۆ خەڵکی. ئەوەی ئەمڕۆ لە سەر کۆمەڵگای ئێران‌و خەسارە کۆمەڵایەتی‌یەکان لەو وڵاتەدا باس دەکرێ، ئەو پرسیارە بەرەوڕووی هەر توێژەرێکی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە کە دوارۆژی ئەو کۆمەڵگایە چی بەسەر دێ؟

خوسرەو مەنسووریان، کۆمەڵناس دەڵێ بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە لە ساڵی ٤٧ ی هەتاوی‌داو لەسەر پرسی لەشفرۆشی لە شاری تاران کراوە، نێونجیی تەمەنی لەشفرۆشی لە ساڵی ٤٧دا سەرووی ٢٩ ساڵ بووە، بەڵام ئێستا ئەو تەمەنە گەیشتۆتە ١٤ ساڵ، ئەویش لە وڵاتێکدا کە بانگەشەی ئاسمانی‌و ئیلاهی‌بوونی دەکرێ.

ئامارە ڕەسمییەکان دەڵێن ئێستا هەر نەبێ ٥ میلیۆن‌و ٥٠٠ هەزار کەس لە خەڵکی ئێران یان موعتادن، یان بە دەست کێشەی ئێعتیادی ئەندامێک، یان چەند ئەندامی بنەماڵەکەیانەوە گرفتارن.

هەر لەو پێوەندییەدا ئەگەر تا ١٠ – ١٥ ساڵ لەوە پێش دیاردەی ئێعتیاد بە مادە هۆشبەرەکان و زور خەساری دیکەی کۆمەڵایەتی زیاتر لە نێو پیاواندا بەدی دەکران، ئێستا ژنان ئەویش بە خێرایی‌یەکی زۆر لەو خەسارەوە گلاون. ئامارەکان دەڵێن هەر نەبێ لەسەدا 9ی حەشیمەتی موعتادەکانی ئێران لە ژنان پێک هاتوە.



لە کۆمەڵگای ئێران‌دا ئامارەکان باس لەوە دەکەن کە ڕێژەی پیکهێنانی ژیانی هاوبەش بەردەوام لە کەمی دەدا، بەڵام تەڵاق‌و لێکترازانی ژیانی هاوبەش زیاتر دەبن.

ئامارەکان دەڵێن لە هەر ١٠ دەقیقەدا ژیانێکی هاوبەش لە ئێران هەڵدەوەشێ‌و جێی نیگەرانی ئەوەیە کە لەسەدا ٨٠ ی لێکترازانەکان دڵخوازو لە سەر بناخەی ڕێککەوتنی پێشوەختە. ئەو ئامارانە دەڵێن نێونجیی تەمەنی بێوەژنان گەیشتۆتە ١٧ ساڵ. ئامارە ڕەسمی‌یەکانی هێزە ئینتیزامی‌یەکان دەڵێن هەموو ساڵێ ٦٠٠ هەزار کەس لە ئێران بە هۆکاری جۆراوجۆر دەخرێنە زیندانەوەو هەموو ساڵێ 5 میلیۆن پەروەندە لە دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی‌دا لەسەر پەروەندەکانی ساڵانی دیکە کەڵەکە دەبن.

تەمەنی سیگار کێشان لە ئێران بۆ ١٣ ساڵ دابەزیوەو سنووری پێوەندی‌یە جینسی‌یەکانی کچان‌و کوڕان بەر لە زەماوەند بە تەواوی کاڵ بۆتەوە.

بەڵام هۆکارەکان چین‌و ئاخۆ سیاسەتی هەڵەی ئیدارەی وڵاتە ئەو بارودۆخەی خوڵقاندوە، یان سروشتی کۆمەڵگای ئێرانە کە لە قۆناغی گواستنەوە لە کۆمەڵگایەکی نەریتییەوە بۆ کۆمەڵگایەکی مۆدێڕن دایە و گوشاری ئەو خەسارانەی بەرکەوتوە؟

زۆربەی کۆمەڵناسان پێیان وایە پتر ئەوە هۆکارە نێوخۆییەکانی وەک سیاسەتی بەڕێوەبەریی وڵاتن کە ئەو بارودۆخەیان لە کۆمەڵگای ئێراندا دروست کردوە و نموونەش بە پەرەسەندنی هەژاری، بێکاری و ئاوسانی ئابووری دێننەوە کە سەرچاوەی زۆربەی خەسارەکانن و ئەوەش بە بەرهەمی حکومەتداریی سیستەمی سیاسیی زاڵ بە سەر ئێراندا دەزانن.

# سی و شەش ساڵ پاش سێزدەی خەزەڵوەر



**ڕەزا محەممەدئەمینی**

ڕۆژی سێزدەی خەزەڵوەری ١٣٥٨ی هەتاوی ڕێکەوتی ٤ی نوامبری١٩٧٩، دەستەیەک لە بەناو خوێندکارانی پەیرەوی خەتی ئیمام! هێرشیان کردە سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران و ئەو شوێنەیان داگیرکرد. هەرچەند بە پێی هەموو یاسایەک باڵوێزخانەی هەر وڵاتێک لە وڵاتێکی دیکە پارێزراوەو دەبێ وەک خاک و نوێنەرایەتیی سیاسیی ئەو وڵاتە ڕێزی لێبگیرێ، خومەینی وەک دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی، ئەو هێرش و داگیرکردنەی وەک»شۆڕشێکی مەزنتر لە شۆڕشی یەکەم» لەقەڵەم داو ئەو کردەوەیەی بەرز نرخاند. بەم شێوەیە ڕێژیمی تازەبەدەسەڵاتگەیشتووی کۆماری ئیسلامی بەڕاشکاوی بە کۆمەلگەی جیهانیی ڕاگەیاند کە لە بنەڕەتڕا پابەندی تەنانەت سەرەتاییترین یاساکانی باو لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا نیە. ئەو قەیرانە کە بە «قەیرانی بارمتەکان» ناوی دەرکرد و ٤٤٤ ڕۆژی خایاند، لە ٣٠ی بەفرانباری ١٣٥٩(٢٠ژانویەی١٩٨١)دا بە دەرچوونی پەیماننامەیەک کە لە ئەلجەزایر لە لایەن کۆماری ئیسلامی و ئەمریکاوە ئیمزا کرا، کۆتایی پێهات.

لەڕاستیدا ئەوقەیرانە ململانەی و دژایەتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی خستە قۆناغێکی تازەوە کە تا ئێستا زەرەو و زیانێکی لەئەژمارنەهاتووی لە هەموو بوارەکاندا لە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران داوە. داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لەگەڵ مەحکوومکردنی ئەو کردەوەیە لەلایەن کۆمەڵگەی جیهانییەوە بەرەوروو بوو. دەوڵەتی ئەمریکاش لە یەکەم کاردانەوەدا باڵوێزی کۆماری ئیسلامیی لە وڵاتەکەی وەدەرناو دەستی بەسەرهەموو داراییەکانی ئێراندا گرت کە وەک دەڵێن زیاتر لە ١٢٠میلیارد دۆلار بووە.

پاش تێپەرینی ٣٦ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا، هەروەک دیتمان و دەبینین، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زۆر بە چڕی و پێداگرتر لە ڕابردوو سیاسەتی دژایەتی دەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی درێژە پێدەداو لەوپێناوەدا لەهیچ چەشنە کردەوەیەک، تەنانەت ئەگەر بە زیانی خەڵکی ئێرانیش بێ، خۆ نابوێرێ. ئەو ڕێژیمە، مان‌و بوونی خۆی لە سازکردنی شەڕو قەیران و ئاژاوەنانەوە و دەستێوەردان لە کێشەی وڵاتاندا دەبینێتەوە و لە ڕاستی دا بۆ سەرپۆشدانان لەسەر گیروگرفتە نێوخۆییەکانی، هەمیشە پێویستیی بە دوژمنی دەرەکی بووە و لەوسۆنگەیەوە دژایەتیی لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی کردوە. جگە لە شەڕی ئێران و عێراق کە لەسەر پێداگریی ناماقووڵانەی ڕێژیم زیاتر لە ٨ساڵی خایاند و نیزیکەی میلیۆنێک کوژراو و بریندراری لێکەوتەوە و بە سەدان میلیارد دۆلار خەسارەتی لەسەر دەستی کۆماری ئیسلامی دانا، ئەو ڕێژیمە لەچوارچێوەی سیاسەتی پەرەپێدانی نفووز و دەسەڵاتی خۆی لە جیهان‌و بەتایبەت لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا، لە سەر شەڕ و دەستتێوەردانی کاروباری وڵاتانی دیکە بەردەوام بووە. بەشداریی چالاکانەی کۆماری ئیسلامی لە شەڕە نێوخۆییەکانی وڵاتانی یەمەن و عێراق و سووریە و هەوڵدان بۆ پشێوی‌نانەوە لە وڵاتانی ناوچە، نموونەیەکە لە سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمە.

لە چەند ڕۆژەی ڕابردوودا و لەپاش پەسند کرانی گەلاڵەی «بەرجام» لە لایەن مەجلیس و شووڕای نیگابانی ڕێژیمەوە، بۆجارێکی دیکە خامنەیی دژایەتیی خۆی و ڕێژیمەکەی لەگەڵ ئەمریکا و سیاسەتەکانی دووپات کردەوە. خامنەیی بەڕاشکاوی ڕایگەیاند کە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ هی ئەمریکا دژبەیەکن و ئەوان واتە کۆماری ئیسلامی»سیاسەتی شۆرشگێڕانە» ڕەچاو دەکەن. ئەو هەروەها هۆشداریی دا کە ئەمریکا بەتەمایە لە ڕێگای نفووزی سیاسی و فەرهەنگییەوە، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆدا لەرزۆک بکا و لە نیهایەت دا لەبەینی بەرێ. قسەکانی خامنەیی چراسەوزێکی ئاشکرا بوو بۆ هێزە سەرکوتکەرە سەرەڕۆکانی سەربە ئیتلاعاتی سپای پاسدارانی ڕێژیم، هەربۆیە شەپۆلێکی دیکەی گرتنی چالاکانی سیاسی و ڕۆژنامەنووسان دەستی پێکرد. سپای پاسداران و بە گشتی باڵی توندڕەوی ڕێژیم کە هەر لەجێدا دژی ڕێککەوتنی ناوکیی نێوان کۆماری ئیسلامی و وڵاتانی١+٥ بوون و ئەو ڕێککەوتنەیان وەک شکستێک بۆ خۆیان و سەرکەوتنێک بۆ ڕووحانی و باڵی چاکسازیخوازەکان دەزانی، ئەوهەلەیان قۆستەوەو بەبیانووی «کشف شبکە نفوذ» دەستیان دایە زیندانیکردنی ڕۆژنامە نووسان.

لەوپێوەندییەدا چەند کەس لە ڕۆژنامەنووسانی نیزیک لە باڵی چاکسازیخواز و سەرۆک کۆمار حەسەن ڕووحانی، وەک ئافەرین‌چیتساز، سامان‌سەفەرزایی، عیسام سەحەرخیز و ئێحسان مازەندارانی، بەتاوانی ئەندامبوون لە تۆڕی نفووزی سەربە وڵاتانی ئەمریکا و ئینگلستاندا دەسبەسەرکراون. دیارە زیندانیکرانی ئەو ڕۆژنامەنووسانە، کە ڕەنگە لە ڕۆژانی داهاتوودا ژمارەیان بەرەو زیادبوون بڕوا، کردەوەیەکی چاوەڕواننەکراو نەبوو، ئەو شەپۆلەش ڕێک لە درێژەی ئەوسەرکوت و زەبرو زەنگانەدایە کە لەماوەی تەمەنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بەڕێوەچوون. بەوحاڵە تەنانەت حەسەنی ڕووحانییش لەئاست دەسبەسەرکرانی ڕۆژنامەنووساندا بێدەنگیی شکاند و ڕەخنەی لەو کردەوەیە گرت. ناوبراو لە دانیشتنی دەوڵەت دا گوتی ناکرێ هەر کەس و دەستەیەک کە لەگەڵی موخالیف بووین، ناوی نفووزیی لەسەر دابنێین.

شک لەوەدا نیە کە کۆماری ئیسلامی لەژێر گۆشاری خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران و گەمارۆی ئابووری و تەریککەوتنەوەی نێونەتەوەییدا لەچاو ساڵەکانی سەرەتای شۆرش و هاتنەسەرکاری، زۆر پاشەکشەی پێکراوەو بەکردەوە ناتوانێ وەک ڕابردوو لەسەر دەسەڵاتە سەرەڕۆیانەکەی بەردەوام بێ؛ بەڵام ئەگەر ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی پێیان وابێ گۆڕانێکی زۆر لەو ڕێژیمەدا پێکهاتوە و لەپاش جێبەجێکرانی گەلاڵەی بەرجام و هەڵگیرانی گەمارۆی ئابووری، سیاسەت و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی بەرەو «تەعامول» لەگەڵ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دەڕوا، زۆر لە هەڵەدان. ڕاستە کۆماری ئیسلامی ناچار بە قەبووڵی مەرجەکانی وڵاتانی١+ ٥ بووە، بەڵام لەبەرانبەردا زۆر بەهێزتر لە جاران لە ئاست ناوچەدا خۆدەنوێنێ و بەتایبەت لە پاش هاوبەندی لەگەڵ ڕووسیە لە کێشە ناوچەییەکاندا، ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی ناچارکردوە کە بۆ کۆبوونەوەکان بانگهێشتی بکەن و وەک یاریکەرێکی سەرەکی حیسابی لەسەر بکەن. ئەو ڕاستییانە ئەوەمان پێدەڵێن کە هەتا کۆماری ئیسلامی لەسەر حوکم بێ، زنجیرەی سەرکوت و زەبرو زەنگ و کوشتارو لەسێدارەدان لە نێوخۆ و دستتێوەردان و ئاژاوە نانەوە لە وڵاتانی ناوچە و بە گشتی دنیای دەرەوەدا بەردەوام دەبێ.


فرمان آتش بەهلیکوپترهای ناو خارجی درجاسک
اطلاعات
درحملە نیروهای مسلح کە امروز در تهران صورت گرفت
سفارت امریکا سقوط کرد
تفنگداران دریایی پس از چندساعت تیر اندازی تسلیم شدند
ضد انقلاب تبریز را بە آتش وخون کشید
جتهای ایران هواپیمای امریکائی را فرود آوردند
پرویز نیکخواه اسرار را فاش میکند
جعفریان فرار کرد



---

# شکاندنی کەسایەتیی چالاکانی نێوخۆی وڵات بۆ؟!



**سمایل شەڕەفی**

ماوەیەکە بە شێوەیەکی بەرچاوتر لە ساڵانی ڕابردوو، هێندێک دەستی ”دیارو نادیار“ لە هەوڵی خستەژێر پرسیاری کەسایەتیی چالاکانی سیاسی و مەدەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوخۆی وڵات دان.

ئەم هەوڵانە لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە بەڕێوەدەچن، کە بەشی زۆریان لە ڕێگای ئامرازەکانی پێوەندی وەک تەلەفوون و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوەن.

بۆ نموونە لە چەند مانگی ڕابردوو بە تایبەت لە شاری سنە لە ڕێگای تەلەفوونەوە ژنان و پیاوانێکی نەناسرواو پێوەندی بە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی ئەم شارەوە دەگرن و سووکایەتی بە خۆیان و خێزانەکانیان دەکەن.

لە چەند شارو ناوچەیەکی دیکەی کوردستان و بەتایبەت لە شارەکانی مەریوان، سەقز، بۆکان، مهاباد دەمگۆی ناشایستی کۆمەڵایەتی لە سەر کەسایەتییە ئەدەبی و مەدەنییەکان بڵاودەکرێتەوەو هەوڵی رووشاندنی کەسایەتیی چالاکانی مەدەنی و ئەدەبی دەدرێ.

لەم پێوەندییەدا ئاماژەدان بە دوو لایەنی مەسەلەکە جێی باس و تێڕامانە:

١- ماهییەت و شوناسی ئەو کەسانەی کە ئەم پیلانە بەڕێوە دەبەن لە گەڵ بڕیاردەران و داڕێژەرانی ئەم هەوڵە ناشیرینانە، زۆر روون و ئاشکرایە. شک لەوەدا نیە کە سیستمی سەرکوت و ناشیرینی کۆماری ئیسلامی ئێران لە پشت هەمووی ئەم پیلانانەوەیە و کەمیش نین لەو بەکرێگیراوە خۆجێیانەی کە لەم مەیدانەدا خۆشخزمەتی دەکەن.

٢- هۆکاری شکاندنی کەسایەتیی چالاکانی نێوخۆی وڵات!

دەزگای سەرکوتی ڕێژیم لە ماوەی ئەم چەند دەیەی دەسەڵاتدارێتییەی دا، هەر لە گرتن و ئەشکەنجەو داسەپاندنی حوکمی قورس و، لە نەهایەت دا، لە لەسێدارەدانی چالاکانی نێوخۆی وڵات سڵی نەکردۆتەوە. بەڵام وەک دەبینین نەتەنیا نەیتوانی چالاکیی و دەنگی ئەم پێشەنگانەی کۆمەڵگای کوردستان کپ بکات، بەڵکوو لە قوناغێکی نۆیی دیکەدا چالاکانی چاوکراوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم جارەیان ڕێکخراوتر لە رابردوو لە زۆر بواری جیاجیای وەک سیاسی، مەدەنی، ژینگەپارێزی، خوێندکاری و وەرزشی هاتوونە مەیدان و خەم لە پاراستنی خاک و خەڵکی خۆیان دەخۆن.

هەر بۆیە دەسەڵاتی ئێستا لە دەروازەیەکی دیکەو بە پیلانێکی دیکەوە کە ئەوەیش بە خەیاڵی خۆی ”شکاندنی کەسایەتیی چالاکانی نێوخۆی وڵات“ە خەریکی تاقیکردنەوەی ڕێگایەکی دیکەی تەخریب و تێرۆری شەخسییەتە. بەڵام ئەوەی لێرەدا جێی پرسیارو تێڕامانە، ئامانجی دەسەڵات لەم پیلانەیە!!

گوومان لەودا نیە کە لەم چەند ساڵەی رابردوودا چالاکیی مەدەنی لە شکڵ و شێوازی جۆراوجۆری وەک ئەدەبی، هونەری، ژینگەپارێزی و پێکهێنانی کۆڕوکۆبوونەوەو سمینارو فستیڤاڵی جۆراوجۆر کە ئامانج لە هەر هەموویان؛ پارێزگاری لە زمان، کلتوور، ژینگەو هۆڤییەتی نەتەوەیی خاک و خەڵکی کوردستان بووە، پرسی خەباتی مەدەنیی زیاتر لە هەموو کاتێک لە رۆژهەڵاتی کوردستان زەق کردۆتەوە کە تەنانەت کۆمەڵە پرسیارێکی ریشەیی لە ژووره فکرییەکانی هێزە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵاتیش دا درووست کرد.

بۆ نموونە گرینگیدان بە چالاکی لە نێوخۆی وڵات و، بەچاوی ڕێزەوە روانینە جووڵەو تێکۆشانی چالاکانی نێوخۆی وڵات و هەوڵدان بۆ پەرەپێدان بە خەباتی مەدەنی و جەماوەری لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە توێی پرۆژەی ”رۆژهەڵاتتەوەری“دا، بووبە گوتاری بەرچاوی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کە لە لایەن خودی چالاکانی نێوخۆی وڵاتەوە پێشوازییەکی بەرچاوی لێ کرا.

چالاکانی نێوخۆی وڵات لە هەموو بوارەکاندا بوون بە سەمبوولی جووڵەیەکی نوێ لە کۆمەڵگای کوردستان دا. بە پێچەوانەی دەیەکانی رابردووتر کە تەنیا هێزە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵات خاوەنداریێتیی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستانیان دەکرد، لەم چەند ساڵەی رابردوودا ئەوە چالاکانی نێوخۆی وڵات بوون کە سەرەڕای ئەوەیکە خۆیان بوون بە بەشێک لە بزووتنەوەکە، بەڵکوو هەر ئەوانیش بوون بە بەشێک لە رێبەریی ئەم بزووتنەوەیەو هەزینەی قورس و گرانیشیان لەم پێناوەدا داوە.

دانی هەزینەو لەگەڵدابوونی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی نێوخۆ وڵات، لە نێو کەمەڵگایش دا جێگەو پێگەیەکی تایبەتی بۆ کردنەوە. ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان تەنیا هێزە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵات بە رێبەری و پێشەنگی خۆی نازانن، بەڵکوو بە چاوی هیواو هومێدیشەوە لە کارو تێکۆشانی چالاکانی نێوخۆی وڵات دەڕوانن. ئەرگەرچی سەرەڕای دووری و زۆرێک لە کەمکوڕییەکان، تا ئێستایش هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان خاوەن پێگەو جەماوەری خۆیانن، بەڵام ئەمڕۆ لە نێوخۆی وڵاتیش کۆمەڵە پتانسیلێکی بڵاو هەن کە سەرنجی خەڵکیان لەسەرەو، هیوابەخشن.

کەوابوو ئەگەر بگەڕێینەوە سەر قسەکردن لە سەر پیلانەکەی رێژیم کە هەوڵدانە بۆ رووشاندنی کەسایەتیی چالاکانی نێوخۆی وڵات، بۆمان دەردەکەوێ کە رێژیم لە چی دەترسێ!

پێگەی چالاکانی نێوخۆی وڵات لە سەر ئەساسی باوەڕ و ئێعتمادێک کە ئەمڕۆ خەڵک بەم شێوە لە خەباتە هەیەتی و، هەروەها ئێعتمادێک کە چالاکانی نێوخۆ لە نێو خەڵک دا بۆ خۆیانیان دەستەبەر کردوە، ئەو ترسەیە کە پیلانی لێدان لە کەسایەتییانی لە سەر دارێژراوە.

دوژمن لە رێگای ئەم پیلانەوە دەیهەوێ پرسیار لە سەر شەخسییەتی کۆمەڵایەتیی چالاکانی نێوخۆی وڵات ساز بکات و خەڵک و چالاکان لە یەک دوور بخاتەوە. لێدان لە پێگەی جەماوەریی چالاکانی و وێرانکردنی ئەو ئێعتمادەی کە چالاکان لە نێو جەماوەری خەڵک دا دەستەبەریان کردوە، ئامانجی ئەم پیلانە دوژمنە.

ئەوەی لە ماوەی ئەم ساڵانەدا دەرکەوتووە ئەوەیە کە، رێژیمی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای گرتنە پێشی دەیان فێڵ و پیلان، نەتوانیویەتی ئیرادەی چالاکی نواندن لە چالاکانی نێوخۆ زەوت بکات و، نە چالاکانیش سڵیان لە پیلانە فرەرەنگ و فرەجۆرەکانی رێژیم کردۆتەوە.

# خوێندن بە زمانی کوردی لە زانکۆی ڕازی و چاوەڕوانییەکان

**مستەفا مەعرووفی**

هەوڵی خوێندن بە زمانی کوردی و خوێندنی ئەدەبیاتی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مێژە لە ئارا دایە. جگە لەو بەشەی کە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە کۆنەوە کاری بۆ کردوە، هەوڵ دراوە لە چوار چێوەی قانوونی ئەساسییشدا ئەو ئامانجە فەرهەنگییە بێتە دی. هەرچەند لە قانوونی ئەساسیی ئێراندا خوێندنی زمانی "اقوام" لە پەنا زمانی فارسی بە ڕەسمی ناسرواە، بەڵام هەتا ئەم دوییانە کە بە خۆشییەوە "زانکۆی ڕازی" لە شاری کرماشان بڕیاری داوە بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی بکاتەوە، لە چوارچێوەی سیسیتمی پەروەردە و فێرکردنی دەوڵەتی ناوەندیدا ئەو ئەرکە بەڕێوە نەدەچوو. دیارە دەبێ بگوترێ کە ئەم هەوڵە پێشتر لە "زانکۆی کوردستان" لە شاری سنە بە ئاکام گەیشتبوو و پاشان بڕیار درا بگوازرێتەوە بۆ زانکۆی ڕازی.

با لەپێشدا بگوترێ کە کردنەوەی بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە زانکۆی ڕازی بەر لەوەی پێدانی ئیمتیازێک بە کورد و منەتێک بێ لەسەر کورد، تەنیا دانانی بەشێک لە مافە فەهەنگییەکانی کوردە کە بە ناهەق تا ئێستا لێی زەوت کراوە. پاشان ئەوە بەشێکی کەم و لە چوارچێوەیەکی تەسکی مافە فەرهەنگییەکانی کورد دایە. مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەلێک لایەن، بە تایبەتی لایەنی سیاسیی هەیە و مەسەلەی چارەنووسی نەتەوەیەکە. بەڵام کردنەوەی بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی دەسکەوتێکە لە چوارچێوەی مافە فەرهەنگییەکانی کورددا بۆ ئەم قۆناغە و لە چاو رابردوو جێی بایەخە و تەنانەت جێی هیوایە، هەرچەند هەتا ئێستا نەچۆتە بواری عەمەلییەوە، گەلێک کەموکووڕی و کەند کۆسپی لەسەر ڕێگان.

کردنەوەی بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی تەنیا لە زانکۆی ڕازی بۆخۆی یەکێک لە کەموکوڕییەکانی خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ڕنگە ئەوە بگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە ئەمە سەرەتایە، بەڵام ئەگەر هەر لەم زانکۆیەدا سنووردار بکرێ و هەموو زانکۆو لقەکانی زانکۆ لە شارەکانی دیکەی کوردستانیش نەکرێتەوە ئەمە بە تەنیا خزمەتێکی ئەوتۆ بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی ناکا. کردنەوەی ئەم بەشە ئەگەر زانکۆیەکانی دیکەش بگرێتەوە کارێکی گرنگ و پڕ بایەخ دەبێ. تەنانەت هەوڵدان بۆ کردنەوەی ئەم بەشە لە زانکۆکانی سەرانسەرییش بە تایبەتی لە تاران کارێکی پێویست و ڕەوایە. خوێندنی زمان و ئەدەبی کوردی کە هەر لە کۆنەوە لە مۆسکۆ، پاریس و بە گشتی لە وڵاتانی بێگانە دا هەبووە، بۆچی ڕەوا نیە کە لە ئێرانیش هەبێ کە ١٠ میلیۆن کوردی لێ دەژی.

کەموکوڕییەکی دیکە ئەوەیە کە خوێندن بە زمانی کوردی تایبەت بکرێ بە ئاستی زانکۆ. ئەگەر هەوڵەکان درێژەیان هەبێ ڕەنگە وەک ئەوەی دەیان ساڵە لە باشووری کوردستان تەنانەت لەسەردەمی ڕێژیمی بەعسیشدا هەبوو و ئێستاش خەریکە لە باکووری کوردستان وەدی دێ و لە ڕۆژئاوای کوردستانیش پەڕەو دەکرێ، پێویستە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە هەموو ئاستەکانی خوێندن دا بێتە دی، بە تایبەتی لە قۆناغی سەرەتاییدا. منداڵانی کورد تەنانەت لە وڵاتانی ئوروپاییشدا ئەو مافەیان هەیە، پێویستە لە وڵاتی خۆشیان هەیانبێ.

هەوڵی دیکەش بۆ خوێندنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دراون؛ زانکۆی ڕازی لە کرماشان پێشتریش ئەم هەوڵەی دابوو. ئەمەی ئێستاش لە ڕاستیدا قەرار بوو لە زانکۆی سنە دابمەزرێ. بێگومان لە شارەکانی دیکەی کوردستانیش داخوازی بۆ خوێندنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی هەیە. جێی خۆیەتی ئەم هەوڵانە هاوئاهەنگ بن. ئەگەر لە زانکۆیەکانی دیکەش بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی کرایەوە پێڕەوی لە یەک سیاسەتی پەروەردەیی بکرێ و پێڕەوەی لە زمانی کوردی وەک زمانێکی ستاندارد بکرێ لە جیاتی ئەوەی لە داهاتوودا هەر زانکۆیەک لە هەر شارێک پێڕەوی لە شێوەزاری ئەو ناوچەیە بکا. ئەگەر پێچەوانەی ئەمە بێ، لە جیاتی خزمەت زیان بە زمانی کوردی دەگا.

ئەوە لە بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە زانکۆی ڕازی چاوەڕوان دەکرێ کە پێوەندی و هامۆشۆیەکی بەردەوامی لەگەڵ ئەزموونی دوورو درێژی خوێندنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە دەرەوەی ئێران بە تایبەتی باشووری کوردستان هەبێ. کەڵکوەگرتن لە مامۆستایان و پسپۆڕانی ئەو بەشە لە دەرەوە، موتالای کتێب و سەرچاوە کوردییەکان و سەدان و بگرە هەزاران لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر زمان و ئەدەبیاتی کوردی بێگومان لەسەرکەوتنی ئەو بەشە لە زانکۆی ڕازی دەورێکی زۆریان دەبێ و بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە زانکۆی ڕازی ئەگەر بەو ڕوانگەیەوە بچێتە پێش، بە مەرجێک کەندو کۆسپی سیاسیی نەیەتە سەر ڕێ، دەتوانێ بناخەیەکی پتەو بە شێوەیەکی سیستماتیک بۆ خوێندنی زمانی و ئەدەبیاتی کوردی دابڕێژێ و سەرکەوتنی گەورە لە ئەرکی خزمەت بە زمان و ئەدەبیاتی کوردیدا بەدەست بێنێ.




.................................................

درێژەی

## جیهان لە بەرەبەری شەڕێکی ساردی نوێ و مەترسیدارتردا!

لێرەدا تەنیا ئاماژە بە ناکۆکییە عەرزییەکانی چین لەگەڵ دراوسێیەکانی لەسەر دەریای باشووری چین دەکەین کە بێگومان بەهۆی گرنگیی ئەم دەریایە و هەروەها بوونی چین وەک لایەنی سەرەکیی ناکۆکییەکە، یەکێک لە گەورەترین و مەترسیدارترین ناکۆکییە عەرزییەکانی جیهانە کە ئەگەر چارەسەر نەکرێو گرژییەکان زیاتر بن، ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕێکی بەرین هەیە کە ڕەنگە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەموو جیهان بگرێتەوە. دەریای باشووری چین لە دوای ئۆقیانووسەکان گەورەرین ناوچەی ئاویی جیهانە کە بەهۆی ئابووری و ئەمنییەتییەوە گرنگییەکی لەڕادەبەری هەیە. ناکۆکییەکانی چین لەگەڵ وڵاتانی وییەتنام، فیلیپین و مالێزی لەسەر ئەم دەریایە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرەدەستێنێ و ئەمریکاش بە بیانووی پارێزگاری لە مافی پاپۆڕەوانیی ئازاد و دابینکردنی ئەمنییەتی ناوچەکە هاتۆتە نێو کێشەکەو هێندێک گرژیی لە پێوەندییەکانی چین و ئەمریکادا پێک هێناوە کە نموونەکەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا تێپەڕبوونی پاپۆڕێکی نیزامیی ئەمریکا لەم ناوچەیە بوو کە لە ڕاستیدا مەبەستی ئەمریکا کۆنترۆڵ کردنی ناڕاستەوخۆی چین لە ڕێگەی هاوسەنگیی هێزەوەیە و بە پشتیوانیی نیزامی لە وڵاتانی دراوسێی چین دەیهەوێ چین بە کێشە ناوچەییەکانەوە سەرقاڵ بکا بۆ ئەوەی نەتوانێ زۆر دەست لە کاروباری نێونەتەوەیی وەربدا و هەروەها بە بەئەمنییەتی کردنی ناوچەکە تا ڕادەیەک زیان بە ئابووریی چین بگەیەنێ، لەبەر ئەوەکە وڵاتانی دراوسێی چین خوازیاری ئەوەن پێوەندییە ئابوورییەکانیان لەگەڵ چین پەرەپێ بدەن، چونکە ئەوە بە قازانجی ئەوانیشە، لە لایەکی دیکەشەوە لە زیاتربوونی هێزی نیزامی و ئابووریی چین نیگەرانن و ئەوە بۆ ئابووریی چین باش نیە.

نموونەی بەرچاوی ناکۆکییە نەتەوەییو قەومی و مەزهەبییەکان، وڵاتی سووریەیە کە بۆتە شوێنێک بۆ خۆتاقیکردنەوە و شەڕی هێزە جیهانی و ناوچەییەکانو، بێگومان ئەگەر هەر لە سەرەتاوە سنوورەکانی ئەم وڵاتە لەسەر بنەمایەکی دیکە داڕێژرابا یان لە چەند دەیەی ڕابردوودا دێموکراسی لەم وڵاتەدا سەقامگیر ببا، ئێستا دەوڵەت و خەڵکی سووریە باجی ناکۆکییەکانی هێزە گەورەکانیان نەدەدا. وێککەوتنە بچووکەکانی هێزی نیزامیی وڵاتە گەورەکان بۆیە جێگەی نیگەرانین چونکە ناکۆکییە عەرزی، میللی و قەومییە چارەسەر نەکراوەکان لە جیهان‌دا وەک بۆشکەیەکی باڕووتن کە تێکهەڵچوونێکی بچووک دەتوانێ ببێتە هۆی تەقینەوە و لە کۆنترۆڵ چوونەدەرێی بارودۆخەکە.

بە گوێرەی نیشانەکان ئەمریکا نایهەوێ جێگە و پێگەی تایبەتی خۆی لە جیهان‌دا لەدەست بدا و لە لایەکی دیکەشەوە وڵاتانی ڕووسیە، چین، هیندوستان، پاکستان، برازیل، ژاپۆن و ئاڵمان و ... یش لەدوای دەستەبەرکردنی پێگەیەکی ئابووری و نیزامیی باشترن. هەروەها بەرژەوەندی وڵاتانی جیهان ئەوەندە بە یەکەوە بەستراوەتەوە کە ناکرێ زۆربەی وڵاتانی جیهان بخەینە دوو دەستەی دۆست و دوژمنەوە و هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئاڵۆزتربوونی کێشەکە و، بە گۆڕانی بەرەبەرەی هاوکێشەی هێز لە جیهان‌دا شاهیدی پەرەسەندنی گرژی و تەنانەت سەرهەڵدانی دەستەبەندیی گەورە دەبین کە ڕوودانی شەڕێکی ساردی دیکە یان تەنانەت شەڕی سێهەمی جیهانیی زۆر دوور لە عاقل نەبێتە بەرچاو، مەگەر ئەوەیکە پێوەندییە نێونەتەوەییەکان و پێکهاتەی سیاسیی جیهان و بنیاتە نێودەوڵەتییەکان سەر لە نوێ و لەسەر بنەمای دادپەروەری کۆمەڵایەتی و مافی هەموو ئینسانەکان و میللییەت و ئایینەکان دابڕێژرێتەوە، نەک لەسەر بنەمای هێز و دەسەڵاتی چەند وڵاتێک.

**(سەرچاوە: ئامارە ئابوورییەکانی ساڵی ٢٠١٤ی بانکی جیهانی)**

درێژەی

## بارودۆخی سوریە و ئاسۆی وتووێژەکانی چارەسەری ئەو پرسە

ئێران بکەن. عەرەبستان سعودی و وڵاتانی کەنداو پێیان وایە لەدەسەڵاتکەوتنی ئەسەد، دەبێتەهۆی ئیزۆلەبوون و پەراوێزکەوتنی کۆماری ئیسلامی و مەیدانی مانۆڕی لە ناوچەکەدا تەواو بەرتەسک دەبێتەوە

بەدەستێوەردانی نیزامیی ئاشکرای ڕووسیە لە دوو مانگی ڕابردوودا ئەو بارودۆخە ئاراستەیەکی نادیارتریشی وەرگرتووە. ڕووسیە لە هەوڵی ئەوە دایە تا بە خۆدەرخستنی نیزامی زیاتر لە سووریە، جەخت لەسەر ئەو بابەتە بکاتەوە کە لە هەڵوێستی پێشووی خۆی لەمەڕ پشتیوانی لە ڕێژیمی ئەسەد سوورەو لەشوێن ڕۆڵێکی گرنگتر لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داعشە تا بەو شێوەیە هەم پێگەی سیاسی خۆی لە ناوچە بەهێزتر بکاو هەم بۆ سیاسەتکردن لەگەڵ ڕۆژئاواو ئەمریکا لە پرسەکانی دیکەی وەکوو قەیرانی ئۆکراین دەست بەتاڵ نەبێ.

بۆ چارەسەری ئەو پرسە ڕەوتی نوێی وتووێژەکان بەئامادەبوونی زۆربەی لایەنە کاریگەرەکانی مەیدانی سیاسی سووریە، جیا لە کورد دەستی پێکردووە. وتووێژەکان لە حاڵێکدان کە ڕێژیمی ئەسەد لە یەک ساڵی ڕابردوودا تووشی شکستی زۆر قوورس هاتووە بەشێوەیەک کە گریمانە دەکرێ کە تەنیا کۆنترۆڵی بەسەر ٢٠ دەرسەدی خاکی سووریە مابێ. لەلایەکی دیکە شەپۆلی بەربڵاوی کۆچی پەنابەران بەرەو ئورووپا وڵاتانی بریتانیا و فەرانسە و ئاڵمانی زۆر جیددیتر لە ڕابردوو هێناوەتە سەرخەت تا هاوئاهەنگ لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان و ڕووسیە بۆ چارەسەری ئەو پرسە هەنگاو هەڵێننەوە. هاوکات لەدوایین خولی ئەو زنجیرە وتووێژانە، کۆماری ئیسلامیش بەشدار کراوە.

چارەنووسی بەشار ئەسەد، ماوەی حکومەتی کاتی، نێوەڕۆکی یاسای بنەڕەتی نوێی سووریە و پرسی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆماری ئەو وڵاتە لە گرنگترین پرسەکانی ئەو وتووێژانەن. وڵاتە یەکگرتووەکان تا ئێستا قایل بە لەسەردەسەڵات مانەوەی بەشار ئەسەد نەبوو، بەڵام لە ماوەی ڕابردوو لەسەر دەسەڵات مانەوەی ناوبراو بۆ ماوەیەکی کاتی دیاریکراو نارەزایەتی نیشان نەداوە و زیاتر پێداگری لەسەر ڕەوتێک کردووە کە زۆربەی لایەنەکان پێی ڕازی بن و چارەسەری کۆتایی بۆ ئەو پرسە بێ.

وڵاتانی ئورووپایی، عەرەبستان، تورکیە و قەتەر پێشوازییان لەو پێشنیارە کردووە. لە بەرامبەردا ڕووسیە و ئێران پێداگری لەسەر مانەوەی بەشار ئەسەد دەکەن. بەسەرنجدان بە دۆخی ئارایی سووریە، ئاراستە جیاوازەکان و پرۆژەی سیاسی هەر کام لە لایەنەکان بۆ داهاتووی ئەو وڵاتە، گەیشتن بە چارەسەرێکی هەمەلاگر کە کۆکەرەوەی ئیرادەی هەموو لایەنەکان بێ زۆر ئاستەمە. لایەنەکانی بەشدار لەو وتووێژانە چارەسەری هەر قەیرانێک بە کرانەوەی گرێپوچکەی قەیرانێکی دیکە دەبەستنەوە.

ئەگەر بەو ڕکەبەرییە ناوچەییانەی نێوخۆی سووریە، ڕۆڵ و سیاسەتی گروپەکانی هاوشێوەی داعش و بەرەی نوسرە زیاد بکەین و تێکدان و ڕێکخستنەوەی نەخشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە جیهانبینی سەلەفی جیهادی ئەوان لەبەرچاو بگرین، ئاسۆی چارەسەری ئەو پرسە لێڵتریش دەبێ.

# ئەدەب و هونەر

**کوردستان**

ژمارە: ٦٦٧

١٦ی خەزەڵوەری ١٣٩٤

٧ی نۆڤامبری ٢٠١٥


# کۆمەڵگەی هونەرمەندان و دەسەڵاتی تۆتالیتەر




عەلی لەیلاخ


## پێشەکی

*لە مێژووی دەسەڵاتە نادێمۆکراتیکەکان‌دا هەموو کاتێک ململانێی و رووبەرووبەونەوە هەبووە بەرانبەر بە جیابیران بەتایبەتی کۆمەڵگەی هونەرمەندان. ترس لە دارمانی دەسەڵات لەو حکومەتانەدا، بۆتە هۆی زەبروزەنگ خستنی هەمەلایەنە بەسەر ئەو کەسانەی کە بەجۆرێک سەرنجی خەڵک بەرەلای خۆیان ڕادەکێشن وخاوەنی دەنگ ورەنگی دیار وتایبەتن، وەکوو هونەرمەندان لە بەشە جیاجیاکانی هونەر.*

*کاکڵی ئەم بابەتە سەرنجدان و ووردبوونەوەیەکە بەسەردوایین هەڵوێستی وەزارەتی فەرهەنگ وئیرشاد ئیسلامی ئێران بەرانبەر بە دەرکەوتنی هونەرمەندان لە میدیاو ڕاگەیاندنی دەرەوەی سنوورەکانی کۆماری ئیسلامی و هەڕەشەیان لەم بارەوە.*

هونەر لە جەوهەری خۆیدا ئەگەر بەرپەرچدانەوەیەکی ناسکو جوانە بەرانبەر هەلومەرج و رووداوەکانی ژینگە، درکاندنی هەستی مرۆڤەکانە بە نیسبەت سروشت و ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژین. کە سەیری ئاسەواری بەجێماو لە مرۆڤە ئەشکەوتنشینەکان دەکەین بۆمان دەردەکەوێ کە وێنەکێشانیان بەسەر بەردو تەلانی ژینگە، دەنگدانەوەو نواندنی رووادوەکان و باس کردنێکە لە خەمو خۆشییەکانی خۆیان. هەروەها موسیقاو ئاوازە کۆنەکانیش دەرخەری ئەم راستییەن کە هۆنەر ئاوێنەی باڵانوێنی دۆخی کۆمەڵگایەو هونەرمەندانیش دەنگو رەنگی حەزو ویستەکانی مرۆڤن. رەنگە خاڵی هاوبەشی هونەری هەر نەتەوەیەک لە گەڵ نەتەوەکانی دیکە بگەرێتەوە بۆ هەمان تەعریفو پێناسەی گشتی کە دەگوترێت «هونەر» بە کارهێنانی لێهاتوویی و خەیاڵە بە مەبەستی ئافراندنی بەرهەمی جوان کە هەمووان دەتوانن وەکوو ئەزموونی مرۆیی کەڵکی لێوەربگرن.

تایبەتمەندییەکی دیکە هونەر ئەوەیە کە هەڵقوڵاوی ئەو دۆخەیە کە تێیدا سەری هەڵداوەو هەربۆیە رووداوە سیاسییەکانیش دەتوانن کاریگەرییان بەسەر فۆرم وناوەرۆکی هونەرەوە هەبێو، ئەم درەختە مێژووییە بە زەلان وشەماڵی سیاسەت هەرجارێک بەرولایەک بچەمێتەوە. بۆ نموونە هاتنە ئارای شێوازە جۆربەجۆرەکانی هونەر وەکوو (اکسپرسیونیسم،دادائیسم،...) بە جۆرێک بەرهەمی شۆرشە سیاسییەکانن.

حەوتەوانەی هونەر بریتییە لەم حەوت رەنگە:

مۆسیقا، هونەری دەستی(پەیکەرتاشی،شو وشەگەری...(، نیگارکێشی، ئەدەبیات، مێعماری، هەڵپەرکێو شانۆگەری.

بە سەرنجدانێک بەسەر ڕەوتی مێژوویی هونەر بۆمان دەردەکەوێ خاڵیک کە نکۆڵی لێ ناکرێت ئەمەیە کە بەجۆرێک ڕاوەستانێکە بەرانبەر بە هەر چەشنە پاوانخوازی ئایینی، سیاسیو، فەرهەنگی. هەربۆیە شێوەی هەڵسوکەوت کردنی دەسەڵاتە باڵاکان لە گەڵ کۆمەڵگەی هونەرمەندان بەم جۆرەیە کە یان هەوڵیان داوە سەرەتا هونەر بە گشتی ئینجا تاکی هونەرمەند بە تایبەتی بکێشنە ژێر ڕکێفی خۆیان بۆ پەرەپێدانو بانگەشەی بیرۆکەو ویستی سیاسی خۆیانو کارتێکردنی زیاتر بە سەر کۆمەڵگای ژێردەسەلاتیان. لە لایەکیتر زۆرجار هەوڵی ئەوەیان داوە کە دەنگ ورەنگە ناسکو جوان و بە بەرهەمەکان کپ بکەن ومەجالی باڵاکردنییان پێ نەدەن.

بەڵام هەر لەم گووشارەو زەبرەدا هونەری شۆرشگێرانە سەریهەڵداو لەسایەی تەوەری تۆقاندن وسانسۆر درەختی هونەری دەرووەست وئیعترازی سایەساری پەخشان تر بوو.

یەک لەو رێژیمانەی سەردەم کە لەسەرەتای دامەزرانییەوە بەو دووچەشنە کە ئاماژەمان پێدا لە گەڵ هونەرو هونەرمەندان هەڵسوکەوتی کردوەو ئێستاشی لەگەڵ بێ هەردرێژەی هەیە «رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە«

ئێران جوغرافیایەکی فرەرەنگە و پێکهاتەیەکی مێژوویی هەیە لە نەتەوەکان، ئەمەش بۆتە هۆی رەنگاورەنگی هونەر لە ئێران‌دا. بەڵام زۆرجار بەهۆی هەبوونی دەسەڵاتی داخراو چ ئایینیو چ سیاسی لەم وڵاتە، هونەر نەیتوانیوە خاوەنی




پێناسەو کارکردی واقعی خۆی بێت بە تایبەت لە دوای شۆرشی گەلانی ئێران بە دژی سیستەمی پاشایەتی و بە دەسەلات گەیشتنی تەیفی ئایینی ‹›تشیع‹›(اریستوکراسی مذهبی) هەرلە یەکەم رۆژانی حاکم‌بوونیان‌دا زەبرێکی کوشەندەیان لە کۆمەڵگەی هونەرمەندان دا. چونکە دەسەڵاتی بناژۆخواز بە تەعریفێکی دۆگم ویەک لایانە هەرچەشنە نواندنی هونەریی بە «حرام»دەزانی و خاوەنەکان وئۆگرانیشی بە«مفسد»!

هەربۆیە کۆمەڵگەی هونەرمەندان لە ئێران بەتایبەتی ئەو بەشە لە هونەرمەندان کە نەیانویست ببنە دەستەمۆی سیستەمی دواکەتوو، یان بە تەواوی وەلاخران یان بەناچاری رێگەی هەندەرانیان گرتەبەر و لە چوراچێوەی بەرتەسکی سیاسییو فەرهەنگیی دەسەڵاتی تازەوەسەرکار هاتوو هەڵاتن. کۆماری ئیسلامی وەکوو رێژیمە تۆتالیتێرەکانی دیکە هەوڵی زۆری دا بۆ دارشتنی قەبارەیەکی دیارکراوو پەسەندکراوی خۆێ بۆ چالاکی هونەری. هەربۆیە وەزارەتێکی بەناوی «فەرهەنگ وئێرشادی ئیسلامی» دامەزراند وسانسۆرێکی رەشی وەگەرخست تا رێگربێ لە هاتنە ئارای هەرچەشنە بەرهەمی هونەری کە لە راستای ویست وئامانجی سیاسیی ئەواندا نەبێ. لە لایەکتریش پێیخۆش بوو کە هونەر بکاتە تریبۆنێک بۆ بانگەشەی سیاسەتەکانی خۆی. رەنگە هەرەسهێنانی ژانرێکی هونەریو ئامانجدار لە ژێرناوی هونەری(دفاع مقدس) کە تەنیا لە خزمەتی چەواشەکاریو پرۆپاگەندەی دەسەڵات وئینکارو کەتمان کردنی رووداوەتاڵو ناخۆشەکانی سەرەتاکانی ئینقلاب بوو، کاربەدەستانی رێژیمی ناهومێد کرد کە چیتر ناتوانن بە پاوانخوازیو ملهوریی ئاسکی ناسکی هونەر دەستەمۆی دەسەڵاتی خۆیان بکەن. باشترین بەڵگە لەم بارەوە ئیعترافی وەزیری ئیرشادو فەرهەنگی ئیسلامییە لە سەردەمی دەوڵەتی بەناو چاکسازیی کە دەبێژێت: سینەماکارانی ئێمە هەوڵی نابەجێیان‌دا بۆ چەواشەکارییو بەلارێ بردنی راستییەکانی شەڕی٨ ساڵە.

ئەگەرچی سەرەڕای گووشارو زەختی سیاسیو بەربەست خستنەسەر رێی چالاکانو ئۆگرانی هونەریی، بەرەبەرە ڕادەو رێژەی ئەو هونەرمەندانە کە نەیاندەویست هونەرەکەیان ببێتە ئامرازێک بۆ دەسەڵاتی سەرکوتو دەمکوت بەرەو زۆربوون روییشت، بەڵام نەبوونی پاڵپشتی ماددی وکەشێکی مەعنەویی لەبار بۆ گەشەی هونەر، بەشێکی زۆر لە لێهاتوویی هونەرمەندانی تووشی دارمان وشکست کرد. هەربۆیە «هونەری ژێرزەمینی» واتا چالاکییەکی هونەریی نهێنییو ئافراندنی ئەو بەرهەمانەی کە خاوەنی ئیزنو مجەوەزی دایرەی ئیرشاد وسانسۆری رژیم نین، لە دەهەی هەشتای هەتاویو لە ئێرانی ژێردەسەلاتی کۆماریی ئیسلامی‌دا پەرەی ئەستاند. گەشەی دنیای مەجازیو فراوانی راگەیەنەکان لەم چەند ساڵەدا بەجۆرێک لە خزمەتی نواندنی دەنگو رەنگی ئەو هونەرمەندانە بوو کە دەوڵەتەکەیان خاوەنداریەتییان ناکات. تەنانەت هەر جارێ بە بیانوویەک مەجالو دەرەتانیان لێئەستێنێ. بۆ نموونە هەر لەسەردەمی دەوڵەتی بەناو(تدبیر و امید) نە تەنیا دەرفەتی بەرێوەبردنی کۆنسێرت بۆ گورانی‌بێژان تەسکتر دەکەرێت، بەڵکوو دەبنە رێگر لەسەر رێی دەرکەوتنو دەرەتانی نواندنو بەرێوەبردنی کۆنسێرتو، هەروەها سانسۆری کتێبە ئەدەبییەکان زیاتر دەبێت! ئەمە چ هیوایەکە کە دەرەتانی هونەری وەکوو کاریگەرترین مژاری فەرهەنگی چ لە ناوخۆ! چ روو بە دەرەوە بەرتەسکتر دەکاتەوە!

کار گەیشتۆتە جێگایەک کە دیسانەکە لەم دەوڵەتە کە قەراربوو هێوابەخش بێت، وتەبێژی وەزارەتی فەرهەنگو ئیرشادی ئیسلامی دەبیژێت: بە پێی یاساو پەسەندکراوی ساڵی ٨٥ی هەتاوی، هەرچەشنە هاوکاری وەکوو دەرکەوتنو بەرێوەبردنو لێداونی هونەری لە گەڵ تەلەویزیونو میدیاکانی دەروە بۆ هونەرمەندانێک کە لە ئێران‌دا دەژین قەدەغەیەو، ئیزنی هاوکارییان دەگەڵ میدیاکانی ئۆپۆزیسیون و دژبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا نییە!

ئێستاکە پرسیار ئەمەیە بۆ دەبێت دەوڵەتێک لە دەرکەوتنی هونەرمەندانی خۆێ لەسەر شاشەو کەناڵەکانی دیکە بترسێت و یاسای لەسەر پەسەندبکات!؟ کەواتە ئەو نیزامە لە داهاتووی خۆی دڕدۆنگ وبە گومانە. لەلایەکیتر هیچ گورانکارییەک لە دەوڵەتی نوێ نەهاتووتە ئاراوە کە دیسانەکە یاسای سەردەمی بناژۆخوازی دووپات دەکەنەوە، ئەویش وەکوو هەڕەشە!

**کۆتایی:**

بە سەرنجدانو هەڵسەنگاندنی شێوەی سیاسەتو هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارنی کۆماری ئیسلامی بۆمان دەردەکەوێت کە هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتیو ڕیشەیی لەو نیزامە بە نیسبەت ژانری هونەرو دەربڕینی بیروڕای جیاوازی ئەدەبی نەهاتووتە ئاراوە، ئێستاشی لەگەڵ بێ پێشاندانی ئامێرەمۆسیقاییەکان وهەروەها دەنگی ژنانی گورانی‌بێژ لە تەلەویزیون و کۆنسێرتەکان‌دا قەدەغەیە.

چونکە باش دەزانن یەکەم زەبر لە دەسەڵاتی تۆتالیتەر لە رێگای گۆڕانی فەرهەنگیو لە ڕەهەندی هونەرییەوە دەدرێ.

................

**ژێدەر: ماڵپەری زانستی سیاسی، ماڵپەری «بیتوتە»، راگەیاندراوی وەزارەتی فەرهەنگو ئیرشادی ئیسلامی، سایتی «بامداد ما» .**

...

ئێوارەیە خۆر دەنیشێ ،
چاوەکانت لێم دامەخە
با شە وە زەنگ بە تیشکی ڕەشی
دیپەکانت هە ڵقرچێنم
ئێوارە یە
بە کۆچی رۆژ نیشتمانم ڕە شپووش
ئە بێت
بە مانگی روخسارتە وە
وە رە شە وێ دڵی تە نگم ،
لیپاو لیپی خنکاندنە
من دە مە وێ سیپە کانم لە چاڵی
مردن دە ر بێنم.

*********

## بەفر

بە فر لە خۆشە ویستیدا،خۆی کشایە
سەر زەوی
نەیدەزانی دڵی زەوی کەیلی بەفراوە
خەوی لێکەوت و نەبوو بە ئاو
شەماڵ هات و بەفری ڕاچلەکان و
ووتی:
ڕابە، هەستە، بۆ وا مردوو داکەوی
دەردی هەرچی کانی عاشقە
لە تۆ کەوێ
گەر تەمای هەستانت نەوێ.

**دوو کورتە شیعر لە: ئەمجەد رۆژهەڵاتی**

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO:667 7 Nov 2015



ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11642
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com


## بەر لە ماڵاوایی

# لە شەوێکی وەک ئەمشەودا

قادر وریا

”هەرچی دەڵێن بڵێن خەڵکی
من دەت پەرەستم ئەی قەڵا..
کە تۆ نەبی
لەشی سڕ و
باوەڕی چەشنی ئاگرم
لە ناو لەپی دەستی کێ دا
ڕکە وکێبەرکێ ساز بکەن؟
کە تۆ نەبی

ئەمن نیم و
کە من نەبم
پەڕەسێلکە کۆچەرەکان،
بە فرمێسکی خەمی عەشقی کامە دڵدار
لە تویێ کامە دڵی شەقار شەقار
بێن و هێلانە ساز بکەن؟“
(برایم جەهانگیری)

*****

مانگەشەوێکی ساردی پاییزییە و من لەم شەوە دا لە ”قەڵا“ کێشکم. ئەمساڵ سەرما بە سەر شاباڵی گژەبا دا، زووتر گەڕاوەتەوە. ڕووناکیی ئەم شەوە لە گەڵ هاژەی بایەکی سارد و خشەی لک و گەڵای سنەوبەرە دەسنێژەکانی نەمر کاک سەلامی عەزیزیدا، بوون بە مۆسیقایەک بۆ ڕاژاندنی بێدەنگیی نیوەشەوی ئەم قەڵا ناسراوەی بیست و چەندساڵێکە لە قووڵایی ئەم گەرمێنەدا ئێمەی گرتووەتە ئامێز. بە ئاسپایی لە ژووری کارەکەم دێمە دەر تا سەردانێکی نیگابانەکان بکەم. نیگابانانی زیت و وریا،کە دەزانن هیچ کەس و هیچ شتێک بە ڕادەی وشیاری و ئامادەیی ئەوان، ناتوانێ سلامەتیی گیانی هاوڕێ و هاوسەنگەرانیان و ئەمنیەتی بنکە و بارەگاکانیان بپارێزێ، لە سەنگەر و شوێنی دیاریکراویان دا، جێگیرن. هی وایان تێدایە دوو دەیە و زیاتریش،پێشمەرگەن، بەو حاڵەش ئەوەندە لە جێبەجێکردنی ئەرکی خۆیان دا جیددین دەڵێی تازە هاتوون بۆ پێشمەرگایەتی. هێندێکیشیان لاو و تازە لاون، لە مێژ نیە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیان کردوەتە بەر. کە دەیاندوێنم و هەست و ڕوانینیان دەخوێنمەوە، دەگەشێمەوە. ئەوان لە بەرامبەر خۆیان پۆرترێتی ڕێبەرانێک دەبینن کە ناو و ناوبانگ و خۆشەویستیان بووە بە هۆی هاتنیان بۆ ئێرە. تێکۆشەرانێک لێرە لە تەنیشت خۆیان دەبینن کە هەر کامیان لە زێد و شار و ناوچەکانی خۆیان و تەنانەت لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵات دا، وەک سەمبولی خۆڕاگری و خۆنەویستی و ماندوویی نەناسی،سەیریان دەکرێ. ئەوان ئێستا ئاڵای تێکۆشانی حیزبێکیان دراوەتە دەست کە نەتەوەکەیان، بناغەی هیوای خۆی لە سەر هەڵچنیوە. گەشانەوەی ئەم هیوایە لە گرەوی بوونی ئەوان لەم سەنگەرە و بەردەوامبوون لە سەر پێشمەرگایەتی و شەکاوە ڕاگرتنی ئاڵای خەباتی ئەم حیزبە دایە.

بۆ خۆم یەکێکم لەو نەسلەی دەیەی چوارەمی ژیانی پێشمەرگانە و شۆڕشگێڕانە تێپەڕ دەکەن و بڕیاریان داوە ئەم ڕێگایە تا سەرئەنجامەکەی ببڕن، بەڵام بیرم هەر لای ئەو هەست و باوەڕ و ئیرادەیە کە لەم جۆرە لاو و تازەلاوانە دا بەدیان دەکەم. خۆمم لەو تەمەنە دا دێتەوە بیر. تریفەی زێوینی مانگ و هاژە و گڤەی بای ساردی پاییزی بە دەم پیاسەیەکی پێشمەرگانەی نێو حەساری قەڵادا دەمبەنەوە بۆ داوێنەکانی کێلەشین، بۆ نیوەشەوێکی پاییزی ١٣٥٩ی بنکەکەمان لە قەراغ گوندی میراوێی ناوچەی شنۆ ، نیوەشەوێکی وەک ئەمشەو سارد کە نۆرەی نیگابانیم هاوکات بوو لە گەڵ نزیکبوونەوەی مانگ لە سەر کەل و ئاوا بوونی. حەڤدە ساڵم تەمەن بوو، ئەو چەکە ”ژێ-٣“یەی بۆ نیگابانی پێم درابوو، بۆ جەستەی باریک و وردیلانەم، قەبە و ناقۆڵا دەهاتە بەرچاو. یەکەم ئەزموونەکانی ڕاوەستانی بە تەنیام لە سەر پۆستی نیگابانی، ئەویش لە شوێنێکی تا ڕادەیەک دوورە ئاوایی، بوو. هەتا مانگ ئاوا نەببوو، نیگەرانیم کەمتر بوو. لە گەڵ ئاوابوونی مانگ، هاشوهووشی بای ساردی ئەو بنارە و تاریکی و چۆلیی ئەو ناوە،ترس و خۆفیان زیاترکردبووم. کات بە شێنەیی دەڕۆیی و من کەوتبوومە نێو ململانێی هەست و خەیاڵ و بیری دژ بە یەک. ئەم ژیانە پڕ لە دڵەخورپە و مەترسیە درێژە بدەم یا بگەڕێمەوە سەر ژینی ئاسایی خۆم؟ خۆم لەو هێرش و شەڕ و قەڵاچۆیە کە لە دژی نەتەوەکەم دەستی پێ کردبوو گێل بکەم و دەست بە کڵاوی خۆم بگرم یا گوێ بۆ هەستی نیشتمانپەروەرانە و دەنگی ویژدانم ڕابگرم و بەردەوام بم؟ هەمووی چەند ڕۆژێک بوو لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان، گوێم لە ژیاننامە یا وەسیەتنامەی یەک لە دوو لاوی بە تازەیی ئێعدامکراوی مەهابادی: خالید کەریمی یا ڕەزای شاتری ببوو. هەر چی دەمهێنا و دەمبرد، خۆمم بۆ ڕازی نەدەکرا، بڕیارەکەم بە لای دەستهەڵگرتن لە پێشمەرگایەتیدا بخەم و ناوی ئەو لاوە تازە شەهیدانە و وەسیەتەکەیان لە بیر خۆم بەرمەوە. لەو کاتەوە هەتا ئیستا لە زۆر قۆرت و پێچی ژیانی پێشمەرگانە ، لەپاڵ خۆم دا، بەرەوڕووی ئەم جۆرە ململانێیانە بوومەوە. هەموو جارێ قەناعەتێک بڕیارەکەی پێ نوێ کردوومەوە. هەموو ئەو خوێن و گیان و نرخانەی لە ڕەوتی ئەم مێژووە خوێناوییە دا پێشکەشی ئامانجی ئازادیمان کردوون، بە فیڕۆ دەچن ئەگەر لەسەر ڕێگای شەهیدەکان بەردەوام نەبین و ئاڵای دەستیان شەکاوە ڕانەگرین. پێشمەرگایەتیو تیکۆشانی پێشمەرگانە و خەبات لە سەر خاکی کوردستانیش دیارترین و کاریگەرترین جۆر و شێواز و نیشانەی بەردەوامبوونی ئەو خەبات و ڕێگایەیە. بەردەوامبوونی هەر تاکێکی خەباتکاریش یەکسانە لە گەڵ وەلانانی خۆشی و ئاسوودەییەکان و بەرژەوەندییە شەخسی و تایبەتیەکان لە پێناوی دوارۆژی نەتەوەیەکی بندەست و بزووتنەوەیەکی ڕەوادا. حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی لە کوردستان بەختیارن کە لە هەموو بڕگە و قۆناغە ئەستەمەکان دا،لە سەر کەسانی خۆنەویست و خەباتکارانی شێلگیر و بەردەوام، پەکیان ناکەوێ.

٢٠١٥/١١/٢

## بەڕێوەچوونی پرێس کۆنفرانسی خەڵاتی ئەدەبیی ئیبراهیم یوونسی لە کافە کاڵ

ڕۆژی سێشەممە، ١٢ی خەزەڵوەر، بە ئامادەبوونی کۆمەڵێکی بەرچاو لە هەواڵنێران و میدیاکاران، هەندێ لە کاربەدەستان و بەرپرسانی فەرهەنگیی کوردستان و شارەدار و شۆرای شاری بانە، پرێس کۆنفرانسێک بۆ یەکەم خەڵاتی ئەدەبیی کتێبی کوردیی ئیبراهیم یونسی لە کافە کتێبی کاڵ بەڕێوە چوو.

لەم پرێس کۆنفرانسەدا کە لە لایەن هەواڵنێران و میدیاکارانەوە پێشوازییەکی شایانی لێ کرا، موهەندس بابەک، ڕۆستەم پوور شارەداری بانە؛ حاجی وریا وسووقی، سەرۆکی شۆرای شاری بانە؛ شەوبۆ محەمەدیانی، سەرۆکی کۆمیسیۆنی فەرهەنگیی شۆرای شاری بانەو بەڕێوەبەری خەڵاتی یونسی باسیان لە پشتگیریی خۆیان بۆ خەڵاتەکە کردو هیوایان خواست لە ساڵانی داهاتووشدا بەردەوامیی بێ.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو پرێسکۆنفرانسەدا دوکتۆر ئیسماعیل ئەحمەدی؛ بەرپرسی کتێبخانەکانی پارێزگای سنەو دوکتور ئومید وەرزەندە؛ بەرپرسی ناوەندی کوردستانناسیی زانکۆی ئازادی کوردستان، وێڕای ڕێز لێنان لە هەوڵو کۆششەکانی دوکتۆر ئیبراهیم یونسی، دامەزراندنی ئەم خەڵاتەیان بە کارێکی گرنگ نرخاندو هیوایان خواست کە یارمەتیدەر بێ بۆ پەرەپێدان بە کتێبو کتێب خوێندنەوە.

لە بەشی کۆتایی پرێس کۆنفرانسەکەشدا سێ کەس لە ئەندامانی لیژنەی زانستیی خەڵات؛ بەیان عەزیزی، محەمەد مەحموودیو فریا یۆنسی، بە نوێنەرایەتیی لیژنەی زانستیی خەڵات، وەڵامی پرسیاری



میدیاکارانیان دایەوەو تیشکیان خستە سەر پرۆسەی هەڵبژاردنی داوەرو مەرجەکانو شێوازی بەشداریو چۆنیەتیی ئاراستەکردنی خەڵاتەکە.

شایانی باسە جگە لەم سێ کەسە ، لیژنەی زانستی خەڵاتی کتێبی کوردی لە عەتا نەهایی، حامید کۆنەپۆشی، ئەمجەد غولامی و ڕەحیم عەبدولڕەحیمزادە پێک دێ.

پێویستە بگوترێ، ئەمساڵ بۆ یەکەم جار خەڵاتی ئەدەبیی کتێبی کوردیی ئیبراهیم یۆنسی، بە پشتگیریی شۆرای شارو شارەداریی بانە، لە ئاستی کوردستان‌دا برێوە دەچێ.

## چاپو بڵاوبوونەوەی کتێبی « بەیتو باو»


کتێبی «بەیتو باو»، کۆکراوەی بەیتو حەیرانی کوردی چاپو بڵاوبوویەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی «هاژە» کتێبی «بەیتو باو» کە کۆکراوەی بەیتو حەیرانەکانی ناوچەکانی موکریان، پیرانان، سەردەشت، پشدەشت و فەیزووڵڵابەگییە، لهلایەن ئەنیستیتۆی کەلەپووری کورد چاپو بڵاو بۆوە.

لەو کتێبەدا کاری نووسینەوەی نۆتەکانو خانەبەندی موسیقا کاوە فەقێزادە کردوویەتیو کاری گوێگرتنو نووسینەوەی تێکستەکان لە لایەن هەوار خزرزادەوە کراوە. ئەم بەرهەمە لە ٣٠ بەیتو بەندو حەیران لە زمان کەسایەتییە ناودارەکانو بەیتبێژانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک ڕەسووڵی مینایی، حەمەدی بەیتان، خدری قادری، حەمەدی ئاغای، عەلی کەردار، قالە شین، عەزیز کەریمە سوور و حەسەن خالندی پێک هاتووە، کە بەشێوەیەکی زانستی لە بواری دارشتنو نووسینەوەی تێکستەکانو خانەبەندی نۆتەکانی موسیقاو دانانی پەیژەو دیاریکردنی مەقامەکانی کوردی بۆ سی بەیت و بەند و حەیران کاری لەسەر کراوە.

پاییزە، سەحەرە، گوڵێ، ئایشێ گووڵێ، ئازیزێ، شەمو شەمزین، سەیدەوان، بەهارە، گەلۆ، لەشکری، حەمزە ئاغا، شێخ مەند و شێخ ڕەش، ناسر و ماڵماڵ، دم دم، ئەحمەدی شەنگ، زەمبیل فرۆش، سێوەخان، لەیلی و مەجنون، برایمۆک، شەوە نیوەشەوە، ئازیزێ کاکەمیر و کاکەشێخ، خەج و سیامەند، سوارۆ، عەبدوڕەحمان، مەم و زین، لاس و خەزاڵ، شۆڕمەحموود و مەرزینگیان و مەحمەڵ و برایمی دەشتیان بەشێک لەو بەیت و حەیرانو بەندانەن کە لە تویێ کتێبی « بەیتو باو»دا لە چاپ دراون. هەروەها دەنگی ئەو گەورە هونەرمەندانی کورد بە CDتۆمار کراوە و لەگەڵ کتێبەکە لەلایەن ئەنیستیتۆی کەلەپووری کوردەوە لە سلیمانی بڵاو کراوەتەوە.

ئەم پرۆژەیە ماوەی پێنج ساڵی خایاندووە تا بەشێوەیەکی پڕ و پاراو بکەوێتە بەر دەستی ئەویندارانی مۆسیقا و ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی..




## پەردەلادان لە سێ کتێبی نوێی کوردی لە کۆڕێکی ئەنجومەنی ئەدەبیی بۆکان‌دا

کۆڕی پەردەلادان لە سێ کتێبی نوێی کوردی لە شاری بۆکان بەڕێوە چوو.

ئەنجومەنی ئەدەبیی بۆکان لە درێژەی چالاکییەکانی خۆیدا ڕۆژی سێشەممە ٥ی خەزەڵوەر بە هاوکاری چاپەمەنی گوتار کۆڕێکی بۆ پەردەلادان لە کتێبی چیرۆکنووسانی بۆکانی، ڕۆمانی ”گابۆڕ“ لە نووسینی سەیدقادر هیدایەتی، نۆڤلێتی ”خەونی پەپوولە پاییزە“ لە نوسینی عەزیز مەحموودپوور و کۆمەڵە چیرۆکی ”پادشای تەنیایی“ لە نووسینی عەلی غوڵامعەلی، بەرێوە برد.

بەپێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی ئەنجومەنی ئەدبیی بۆکان لە پانێلی یەکەمی ئەو کۆڕەدا نووسەران محەمەد ڕەمەزانی، حوسێن شێربەگی و یوونس ڕەزایی وەک وتاربێژ، باسەکانی خۆیان پێشکێش کرد.

محەمەد ڕەمەزانی، چیرۆکنووس و وەرگێڕ لە باسەکەی‌دا دوای ئاماژەیەکی کورت بە مێژووی چیرۆکنووسی لە بۆکانو ئاماژە بە مامۆستا حەسەن قزڵجی وەک پێشەنگی ئەم ڕەوتە، باسی لە خەسارەکانی زمانیی هەندێک لە نووسەرانی سەردەم کرد کە بە شێوەیەک لە پاراو و پەتیبوون دابڕاونو لە ژێر کاریگەری زمانەکانی دیکەدا جۆرێک نەزۆکییان بۆخۆیان دەستەبەر کردووە.

ڕەمەزانی پێی لەسەر ئەوە داگرت کە دەستەواژەو ئیدیۆمە ڕەسەنەکان چەندە دەتوانێ لە دەوڵەمەند کردنی زماندا ڕۆڵی پۆزێتیڤ بگێڕێو ڕۆمانی «هەڕا و توورەیی» لە نووسینی نووسەری ئامریکایی“ ویلیام فاکنێر“ی وەک نموونەی بەرچاوی ئەم بوارە دەستنیشان کرد.

وتاربێژی دووهەم ڕۆماننوس حوسێن شێربەگی بوو کە پێشوازی گەرمو بەرچاوی ئامادەبووانی بە نیشانەیەکی باش لە دۆخی ئەمڕۆی ئەدەبی کوردی ناوبردو گوتی پشتگیری کۆمەڵگا لە نووسەران دەبێتە هۆی بەرهەمهاتنی بەرهەمی زیاترو بەم شێوەیە ئەدەبیات دەتوانێ ڕۆڵی سەرەکی خۆی لەسەر کۆمەڵگە دابنێ.

لە کۆتایی بەشی یەکەمی بەرنامەکەدا شاعیری لاو یوونس ڕەزایی، باسی پەیوەندی نێوان زمانو شوناسی نەتەوەیی کردو ئاماژەی بەوە کرد کە ئەم زەروورەتە هەر لە سەردەمی ”خانی“یەوە هەست پێکراوە.

ڕەزایی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا باسی لە چێبوونی جۆرێک دابڕانو کەلێن لە نێوان نووسەرو بەردەنگان لە ئاستی کۆمەڵگەدا کردو پێی لەسەر ئەوە داگرت کە ئەم دۆخە بە گشتی کاریگەرییەکی خراپ لەسەر پێشکەوتنی ڕەوتی ئەدەبیی نەتەوەیەکدا دادەنێو دەبێ هەوڵ بۆ چاکسازی ئەم خەسارە گەورەیە بێتە ئاراوە.

یوونس ڕەزایی لە کۆتایی قسەکانیدا ئەم سێ بەرهەمەی کە پەردەیان لە سەر لادارا، ئەوانی بە چەند بەرهەمێکی نوێخوازو پێشکەوتوو ناوبرد.

لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکەدا هەر یەک لە نووسەرانی گابۆڕ و خەونی پەپوولە پاییزە و پادشای تەنیایی هاتنە پشت تریبوونو بەشێکی کورتیان لە بەرهەمە تازەکانیان پێشکەشی ئامادەبووان کرد. لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆڕە ئەدەبییەدا بریا کاکەسووری، چیرۆکنووس، باسی گرینگیی پشگیری لە نووسەران کردو گوتی بەم شێوەیە هاوکات کتێبخانەی خۆمانو کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەندتر دەبێ. کاکەسووری ئاماژەی بەوە کرد کە ئەم جۆرە بەرنامانە دەبنە هۆی دڵگەرمی قەڵەم بەدەستانو دەتوانن بەهەمی شازتر و بەرزتر بخوڵقێنن.